جەلال قادر

# جوانترین چیرۆک

# جوانترین چیرۆک

**جەلال قادر**

**ناوی کتێب:** جوانترین چیرۆک

**نووسەر:** جەلال قادر

**پیت چنین:** مرووج رازی

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک:** هێرش مەغدید

**سەرپەرشتی چاپ:** کارزان حەمید

**چاپخانەی:** بینایی

**تیراژ:** 1000 دانە

چاپی یەکەم 2012

# دەسپێك:

**خوێنەری بەڕێز**: پێویست ناکات نوسەرێکی ناودار پێشەکی بۆ ئەم پەڕتووکە بنوسێت تا تۆ هانبدات بۆ کڕین و خوێندنەوەو شیکرندنەوەی چیرۆکەکانم، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بۆ دەستبژێرێکی تایبەت نەنوسراوە بەڵکو بۆ تۆی خوینەر نوسراوە لە هەر پلەو پایەکدابیت تا چێژیان لێوەرگریت.

لە هونەری چیرۆکنوسینشدا ستایلێکی نوێم بۆ خۆم هەڵبژاردووە تا سەرنجی خوێنەر ڕاکێشم بۆ دنیای فرەوانی پاڵەوانەکانم !.

هەرچەندە زۆربەی چیرۆکەکان لە سایت و ڕۆژنامە کوردی وبیانیەکان بلاوکرابونەتەوە، بە پێویستم زانی گوڵبژێرێان بکەم و هەندێک لەوانەی کە لەماوەی رابردوو نووسراونەتەوە کۆیان کەمەوەو، لەگەل گۆڕین و لابردنی چەند زاراوەیەکی بیانی ئامادەیان بکەمەوە بۆ تۆی بەڕێز تا هەر کاتێ ئارەزووت لێبوو لە هەر کوێ بوویت بیخوێنیتەوە.

لێرەشەوە سوپاسی ئەو هاورێ ودۆستانە دەکەم کە بەهەوڵ ماندووبوونی ئەوان ئەم کۆمەڵە چیرۆکە رووناکی بینیی بەتایبەت رۆژنامەنووس و نووسەری خۆشەویست (شێخ سدیق) لەکەرکوک، کەبەدواچوونەوەی زمانەوانی لەئەستۆ گرتبوو.

هەروەها سوپاسی دەزگاو چاپخانەی ئازادی لەشاری هەولێر دەکەم، کەبەجوانترین شێوە ئەم پەرتوکەیان بەچاپگەیاندووە.

سوپاسی ئەوانەش دەکەم کەناویان لێرە نەهاتووەو هەمیشە هانیان دەدام.

## پێشکەشە بە :

تابلۆ، شانۆ و رۆمیۆ...
بەهاوبەشی ژیانم...بە تۆ...
بەو کەسانەی وەکو خۆم هەمیشە عاشقن...

# پێرست


1. دەستپێک..........
2. شەمامە.......... 7
3. بۆ گەنجە بالاَ بەرزو چاوشینەکەی شارەکەم (موەفەق).......... 11
4. خۆشترین رۆژی ژیانم.......... 13
5. ئەستورک.......... 19
6. چاو سوورەکان.......... 25
7. باڵندەکانی ناو قەفەز.......... 33
8. پیاوێکی بێسەر.......... 43
9. ئمممممم!.......... 49
10. ئەفسانەی کچە درێژەکە.......... 53
11. دلێر.......... 57
12. ڕوناکی.......... 67
13. شەهید ئارام.......... 71
14. گولە هەلوەرییوەکانی زێی تەق تەق.......... 75
15. کەلەشێر هێلکە دەکات.......... 85
16. کۆلەپشت.......... 89
17. پاشایەکی وجاخ کوێر.......... 95
18. جوانترین چیرۆک.......... 99
19. پاشایەکی شێت.......... 103
20. دەمامک.......... 107
21. نوسەرێکی شێت.......... 109
22. میرات.......... 115
23. خۆمو کچەکەم.......... 119
24. پەڕتوکی ڕەش.......... 123


هەواڵنامەی کتێب

25. بۆقێکی ژەهراوی....129
26. تابلۆیەکی خەناوی....133
27. داستانی هەڵۆکان....139
28. سێبەری گۆنای یار....149
29. ڕۆژمێری چوار ساڵی زانکۆ....153
30. پەردەی ژیان....163
31. ژنە سوزانییەکی قژ زەرد....167
32. ئازیزم من تەنیا بەڵێنێکم بەس بوو....177
33. سەگەکانی ڕۆژی خۆشەویستی....181
34. پەڕەشووت....185


هەواڵنامەی کتێب

## شەمامە

**شەمامە** جوانترین دیاریم بوو لە کاتی منداڵیم لە کیژۆلەیەکی کەڕولالی لادێییم وەرگرت. بەداخەوە شوێن و کاتی ڕووداوەکەم بە تەواوی نایەتەوە یاد .

ئێستاش نازانم ئەو گوندە ناوی چیبوو، چۆن بیدۆزمەوە ؟ ئەوەی دێتەوە یادم بە سواری پیکاب لە شارەوە بەرەو بناری خالخالان چووم.

ئەو سەردەمەی من باسی دەکەم کرێچی بووین لە خانویەکی خشت و قوڕ دروستکراوی ناو شار، باوکم کرێکار بوو منیش زستانان پاقلەو نۆکم دەفرۆشت هاوینانش چلورەو ئاسکریم... لەبەر ئەوەی زۆربەی منداڵان کرمیستیان دەفرۆشت، من فرۆشم کەم بوو، نیوەی کرمستیەکانم دەگەڕاندەوە... ڕۆژێک کابرای دوکاندار پێیوتم: بۆ نایەی ترمزێک پڕ لە چلورەت دەدەمێ ببە بۆ گوندەکان بیفرۆشە.!

منیش ڕازیبووم... ئێوارەیەک بە تەپە تورێکی پڕ لەچلورەو سەهۆل سواری پیکابێکی دیێەکان بووم، لە ڕێگای قیرتاوەکە پیکابەکە دەنگی تایەکەی دەهات. هەر کە گەیشتە سەر ڕێگای خۆل و چەگلەکان تۆز لەپشتی پیکابەکەوە بەرزدە بووەوە چاوی کوێر دەکردم... لەپاش کاتژمێرێ لێخوڕیین بەسەر تەپۆلک و گردو بەست و دەشتی ناوچەکە، پیکابەکە ڕاوەستا.

شـــوفێرەکە پێیـــوتم : هەمـــوو بەیـــانیەک بەم ڕێگـــایە دەگەڕێـــمەوە بـــۆ شـــار، تـــۆش هەولـــدە بەیـــانی زوو لەم ڕێگایە ئامادەبیت تا بتگەڕێنمەوە.
چەنـــد گونـــدێ گەڕام، زۆربەی چلورەکـــانم فرۆشـــت... لەپڕێکـا لەسـەر بەرزایـی گردێکـدا گونـدێکم بینـی کەوتوبـووە قەراخ چەم و دارســـتانێک... ڕێچـــکەو بـــن دڕک و دالەکـــان بۆنی قشپل و ڕیخی مانگەو قەستە قولی لێوە دەهات.
لەســـەر تەپـــۆلکی گونـــدەکە بـــۆنی گەنـــم و جـــۆو ســـوتانی قەرەخەرمـــان بـــوو. لە ناوەڕاســـتی گونـــدەکە خەرمانێـــک هەبـــوو بەدوو گوێـــدرێژ جەنجەڕیـــان ڕادەکێشـــا وگێرەیـــان دەکرد.
یەکەمـــین شـــت کە ســـەرنجی ڕاکێشـــام لەو گونـــدە، پێیـــانوتم: ئـێمە لەم گونـــدە دراومـــان نیـــیە ... شـــتەکانمان دەگـــۆڕینەوە، سەر بەسەر یان یەک بە دوو.
ســـەرم ســـووڕمابوو نەمـــدەزانی باســـی چیـــدەکەن! وتـــم : ئێوە دەڵێن چی؟
وتیـــان : لەجیـــاتی چلـــورەیەک چەنـــد هـــێلکەیەک دەدەینـــێ یـــان دانەوێـــلەت دەدەینـــێ یـــاخود حەز دەکەیـــت چنگـــێ مێـــووژ و گوێزت دەدەینێ.
وتم : ئێستا تێگەیشتم.
بـــۆ ئەوەی چلورەکـــانم نەتـــوێنەوە ناچـــار گـــۆڕیمەوە بە هیلکەو دانەویلەو مێووژ.
پاشـــان لەگەل منـــداڵەکان یـــاریم کـــردوو ســـواری جەنـــجەڕ بـــووین. کـــاکی ســـەپان زۆری پێخـــۆش بـــوو کە ئـــێمە بە دڵێکـــی خۆشـــەوە بە نـــۆبە خۆمـــان هەلـــدەدایە ســـەر جەنجەڕەکە.
جەنـــجەڕەکە قورســـتر دەبـــوو و پووشـــەکەی وورد و خـــاش دەکـــرد... منـــیش ئـــاواتم دەخواســـت گوێـــدرێژەکان مانـــدوو نەبن و ئەم خۆشییەم لەدەستنەچێ.
ئەو شـــەوە لەوێ مـــامەوە... ســـەرەتا کەمـــێ ترســـام یەکەم جـــارمبوو لە مـــاڵ دوورکەومەوەو لە شـــوێنێکتر بنـــووم... لەســـەر ســـەکۆی مـــالی ســـەپانەکە نوســـتم، گـــۆزەیەک ئـــاوی

ساردیان لەدیار سەرم دانا، وتیان : ئەگەر شەو تینووت بوو دەتوانی لەم گۆزەیە ئاو بخۆیتەوە.

لەگەڵ تاریک و لێلی بەیان جریوەی چۆلەگەو خوێندنی کەلەشێر و گمەی کۆترو زەڕینی کەرو حیلەی ئەسپ و باعەباعی مەڕو بزنەکان بێدار بوومەوە، لەهەمانکات بۆنی تۆزو خۆلی خاک و گەلای درەختەکان سەرسامی کردم.

تیشکی خۆرش بە ئەسپایی بەرز دەبووەوە وەک ئەوەی بە ئاوایی بلێت : هەستن لەخەو کاتی فەرمانە.!

درەختەکانیش تاچەند ساتێک بەری تیشکی خۆریان گرت، کاتێ خۆر بەرز بووەوە ڕووانیمە قەد پالی گردەکان شوان و گاوانەکانم بینی پوزەوانە لەپێ و کەلا قۆڕی لەسەرو هەگبە لەشان دوور لەئاوایی بە قەراخ پەرێزەکانەوە وون دەبوون.

خواردنی بەیانی پێکهاتبوو لەکەرەو ژاژوو، ماست و هێلکەی کولاو لەگەڵ نانی تیری گەرم ...

لەپاش نان خواردن پێیان وتم: شەمام دەتباتە سەر ڕێگا گشتییەکە، لەوێ دەتوانی چاوەڕوانی پیکابەکە بیت.

شەمام کچێکی کەڕولال و ڕوخسار سوتاوبوو. بە شەرمەوە سەیرێکی کردم، منیش لەشەرما بێدەنگ بووم.

تەبە توورەکەیان بەسەر پشتی گوێدرێژک بەستیبوو، باوکی شەمام وتی: تەبەتوورەکەت قورسە چەند دیاریەکمان بۆ داناویت، ڕێگات دوورە گوێدرێژەکە بەرن لەو سەرەوە شەمام پێیدەگەرێتەوە.

ئێستاش لەبیرم نییە چۆن چۆنی مالئاواییم لێکردن، لەگەڵ شەمام بەڕێچکەی ناو گوندەکە شۆڕبووینەوە ناو چەمەکە. پێش ئەوەی چەمەکە ببڕین شەمام کە ڕەشمەی گوێدرێژەکەی بەدەستەوە بوو ئاماژەی بۆ کردم کە بە دوای کەوم .

لە ناو چەمەکە گۆمی بچکۆلانەی تیابوو ماسیە ووردیلەکان بەسەما کردنەوە مەلەیان تیا دەکرد. تاوێک بەدیار گۆمەکە ڕاوەستاین، شەمام بە لقە دارێک گەلا

هەڵوەریوەکانی سەرئاوەکەی پاککردەوە، ئینجا بەدڵێکی پڕ لەخۆشی و پێکەنینەوە بەڕێکەوتینەوە .
چەند گردو تەپۆلکێمان بڕی لەدووررا ئاورم لە دارستانەکەدا کۆمەڵێ ژنم بینی بۆ جل شۆرین شۆڕ دەبوونەوە ناو چەمەکە، چەند منداڵێکش بەرخەوان بوون خۆیان رووتدەکردەوە تا لەگۆمەکان مەلە بکەن.
پێش ئەوەی بگەینە سەر ڕێگا گشتییەکە شەمام بە ناو پەرێزو دەشتێکی پڕ درک وداڵ بردمی، بۆنی کالەگی دێمی بەرلووتم کەوت، شەمام کالەگێکی شکاندو دایە بەر تیشکی خۆرەکە. کاتێ لەتە کالەگەکەم خوارد سار بوو دەتوت تازە لە سەلاجە دەرهاتووە...
لەهەمانکات شەمام لەبنچڕەکە چەند شەمامەیەکی چنی دایە دەستم، منیش بۆنیانمکردو بەخەندەوە سوپاسیم کرد.
لەگەل شەمام بۆنی شەمامە بچوکەکەی دەستمان دەکردو ڕێگامان دەبڕی تا گەیشتینە سەر ڕێگا گشتییەکە .
لەسەر ڕێگاکە بارەکەمان لەسەرپشتی گوێدرێژەکە داگرت، شەمام لێم دوورکەوتەوە. لە ڕێگا هەر ئاوری دەدایەوە، منیش بەخەندەوە دەستم بۆ بەرز دەکردەوە... تا لەپڕێکا دەنگی ئۆتۆمبیلەکە هات... شەمام لەسەر گردەکە ڕەشمەی گوێدرێژەکەی بەدەستەوە بوو هەر سەیری دەکردم ... پیکابەکە وەستا شوفێرەکە یارمەتیدام تەپە توورەکەی خستە ناو پیکابەکەو منیش لە پشتەوە دانیشتم.
پیکابەکە کەوتە ڕێ، من و شەمام لەیەکترمان دەڕوانی و بۆنی شەمامەکەی دەستمان دەکرد. بەڵام بەداخەوە تەپ وتۆزی پیکابەکە دیمەنەکەی شێواند... (شەمام )ی وەک سێبەری هەورێک بەخێرایی لەپێش چاوم ونکرد .

## بۆ گەنجە باڵا بەرزو چاوشینەکەی شارەکەم (موەفەق)

**دەگێڕنـــەوەو** دەڵـــێن گــەنجێکی باڵابــەرزو چاوشـــین هـەبوو لـە شـارەکەم... بـاڵای درێـژی دەچـوو بـە ئاسمانە تـا شـــارەکە لەخـــەم و ناخۆشـــی بپـــاریزێ، چـــاوی وەک ئەســـتێرە لـــە ئاســـمان درەوشـــایەوە تـــا تـــاریکی شـــەو ڕاوبنێ...

چـاوی ئەوەنـدە شـین و جـوان بـووە بـەڕۆژیش زەوزییـەکی تێکـەل بـووە... خـەڵکی شـار لـە خۆشەویسـتیە دەیانپەرسـت و وێنـەی چاویـان دەکێشـا... لـە پڕێکـا ناحـەزان و ڕەقیبـانی هێرشـیان کردووەتـە سـەری گوتیانـە ئـەم گەنجـە عەجەمـەو خـەڵکی ئـەم شـارە نییـە بۆیـە چـاوی جیایـە. بڕیاریانـدا چاوی دەربهێنن و نابینای کەن.!!.....

خـەڵکی شـار هـەموو بـۆی گریـان وێنـەی چاوەکـەیان لـە ماڵەکـەیان هەڵواسـی... نەخشـی چـاوی شـینی کـرا بـە ملوانکـەو ئەنگوسـتیلە بەسـترا بەپەنجـەو یەخـەی کیژۆڵـە مهرەبانەکانی شار....

ئـەم گەنجـە بـاڵا بـەرزو چاوشـینە بەخـەڵکی وت: خـەمی چـاوی منتـان نـەبێ مـن مـەزنترین و جـوانترین دڵـم هەیـە پێشکەش بە ئێوەی دەکەم.....

شاری به ئەوین و خۆشەویستی ڕێژنە باران کرد، خەڵکی هەموو ڕۆژ تویێنەیتی عەشقیان بە دلۆپە باران دەشکاند...
ئەم جارەیان خەڵکی بە وێنەی جوانترین دڵ و چاوی شین شاریان ڕازاندەوە...
دیسانەوە ناحەز و ڕەقیبان هاتنەوە دڵەکەیان هێناو لەت لەتیان کرد شاریان تێکەڵ خەڵتاوی خوێن کرد. بەلوعەکان لەجیاتی ئاو خوێنی لێدەچۆڕی...
بۆ دوا جار ژن و منداڵی شار خوێنەکەیان نۆش کرد تا ئاوێتەی جەستەی گەنجە باڵا بەرزو چاوشینەکەی شارەکەمبن .

هەواڵنامەی کتێب

## خۆشترین ڕۆژی ژیانم

**پـــێش** ئـــەوەی ڕۆژە خۆشـــەکەم بـــدرکێنم بـــە پێویســـتی دەزانم ڕۆژانی خەمۆکیم بگێڕمەوە:

بـــۆ مـــاوەی ســـاڵێک لـــە ئیزگـــەی رادیـــۆی شـــارەکەم وەک بێژەرێک بەرنامەی (من و تۆ)م پێشکەش دەکرد .

لەبەرنامەکـــە چیرۆکـــی دلـــداری و نامـــەو هـــۆنراوەی لاوانـــم دەخوێنـــدەوە. زۆربـــەی زانیارییـــەکانم لـــە ئینتەرنێتـــەوە وەردەگرت.

ڕۆژێـــک بـــەرەو دەزگـــا دەچـــووم دڵـــم گوشـــراو خـــەم دایگـــرتم ... نەمزانی ئەم دڵتەنگییەم لەکوێوە بۆ هات!

چوومـــە لای بەڕێوبـــەری رادیـــۆ و پێمگـــوت : دڵ تـــەنگ و بێزارم، دەستم هیچ ناگرێ... دەبێت

دەست لەکار بکێشمەوە!

بەڕێوبـــەرەکـــە بڕیاریـــدا هەفتەیـــەک مۆڵـــەتم بـــداتێ بـــەڵکو پشوویەک بدەم.

لـــەدەزگا هاتمـــە دەرەوە ســـواری تاکســـییەک بـــووم بـــەرەو مـــاڵ... لـــەڕێگا شـــوفێری تاکســـییەکە وتـــی : ئـــەرێ بـــرا بـــۆ وا داماوی؟ دەڵێی کەشتییەکەت نوقمی دەریا بووە!

وتــم : خالــه گیــان هەرچەنــد بیردەکەمــەوە نــازانم بــۆ وا داماوم!
وتی : خەم لەچی دەخۆی دنیا تاسەر بۆ کەس نامێنێ!
خـەم لـە جەسـتەم ڕووابـوو.. ئـەوەتانێ هـەرکێ سـەیرم کـات هەست دەکات بارێ خەمم هەلگرتووە.!
شــەوان چــراخم خــامۆش دەکــرد و باوەشــم بــەتاریکی دەکــرد... لێدەگــەرام مانــگ و ئەســتێرەکان ڕونــاکیم پێببەخشــێ... هــەرگیز ئــاوا لــە دەروونــم نزیــک نەبووبومــەوە ... لــەخۆم دەپرســی: مــن کــێم ؟ بــۆ لێــرەم؟ ئــەوەی دڵــی دەدامــەوە لاوانــی شــارەکەم بــوو وشــەی خۆشەویســتیان دەباراندا ناو بەرنامەکەم .!
هەفتەیــــەک بەســــەر مۆلەتەکــــەم بەســــەرچوو ... بەڕیوبــەەری ڕادیــۆ تەلــەفۆنی بــۆکردم وتــی: چیــت بەسەرهات بەرنامەکەت داخەین؟.
وتــم : بــەڕێزم لــەجاران خــەمبارترم ... بــاوەڕ ناکــەم بگەڕێمەوە.
وتی : باشە... بەس سەردانیمان بکەو لەبیرمان نەکەیت!
وتم : بەسەر چاو.
نازانم ئەم تەمبەلی و خەمۆکییە چی بوو توشی هاتم.
خزم وکەس دەیانگوت : ژن بهێنە چاک دەبیتەوە!
له ژن هێنان دەترسام نازانم بۆ؟!
لــە دواجــار بریارمــدا ســەردانی ئیزگــە بکــەم ... ســواری تاکســی بــووم و ئەدرەســی شــوێنەکەم بــە شــوفێری تاکسییەکە دا.
شوفێرەکە رادیۆکەی داگیرساند.

هەواڵنامەی کتێب

گـوێم لـه دەنگێکـی ناسـک وخـۆش بـوو بەرنامـەی ( مـن و تـۆ)ی پێشـکەش دەکـرد. دەنگـی کچـە بێژەرێـک بـوو وەک کـەناری بـە ئـاوازێکی جـوان هـۆنراوەی دەخوێنـدەوە، ئـەم دەنگە خەمەکانمی ڕەواندەوە!

کـاتێ گەیشـتمە بـەردەمی دەزگـا ئێسـتاش لـەبیرم نـەماوە چـۆن چـۆنی لـە تاکسـییەکە دابـەزییم چەنـدم پـارە داپێـی؟ دەرگای تاکسییەکەم داخست یان نا؟

چوومـە ژووری بەڕێوبـەر... چـۆنی چاکییـەکی گـەرمی لەگەڵ کردم.

لەشەرما لێم نەپرسی بەرناکەم چی بەسەرهات.

بەرێوبـەروتی : کارمەنـدێکمان بـۆ هـاتووە بـە جـوانی بەرنامەکەت پێشکەش دەکات.

وتم : داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانی بگەڕێمەوە.

وتـی : تـۆ ئـازیزی ئێمـەیت.. بەرنامەکـەت لـە شـارەکە نـاوی داوەتـەوە گـوێگرێکی زۆری هەیـە. هـەموو ئازایـەتی تـۆ بـوو ئێسـتاش هیـوادارم ئـەم کارمەنـدەش بتـوانێ سەرکەوتووبێت.

سـاتێک بێـدەنگ بـووین ... سـەعە چـایچی هاتـە ژوور قاتێـک شـۆریمییەوە وتـی : حـەق نییـە چاییـت بـەمێ چونکـە نە تەلەفۆنمان بۆ دەکەیت نە لە هەواڵمان دەپرسی!

وتم : ڕاست دەکەیت حەق بەتۆیە.

وتی : بیستمان نەخۆشی... بۆیە لێت دەبوورین.

سوپاسـیم کـرد؛ پاشـان بەڕێوبەرەکـەم وتـی : ئێسـتا ئـەو کچـە بانـگ دەکـەم یەکتربناسـن... هەنـدێک زانیـاری بـدەرێ دەربارەی بەرنامەکەت. وتم : بەچاوان.

هەوالنامەی کێڕ

کاتێ کچە بێژەرەکە هاتە ژوور جوانییەکەی سەرسامی کردم!
پاش ئەوەی بەڕێوبەرەکە بە یەکترمانی ناساند وتی : من لێرە جێتان دێلم.
بە کچە بێژەرەکەی وت: شەرم مەکە هەرچی پرسیارێکت هەیە لە مامۆستا دارای بکە.
پاشان ڕووی دەمی لەمن کرد وتی : مامۆستا تۆش هەرچی زانیاریت هەیە دەربارەی بەرنامەکەت پێبلێ.
بە جووتە دانیشتین کەمێک لەیەکتر ڕامایین، ئەو کراسێکی سپی و تەنوورەیەکی ڕەشی پۆشیبوو... منیش کراسێکی سپی و پانتۆلێکی ڕەشم پۆشیبوو... ئەو چاو ڕەش و قژ ڕەش ، منیش قژ ڕەش چاو ڕەش... جیاوازیمان لە پێستەدا هەبوو من ئەسمەر ئەو سپی وەک بەفر.
بێدەنگی خەریکبوو ژوورەکە بتەقێنێ ... دەبوایە شتێ بلێم، نەمدەزانی لە کوێ دەست پێبکەم... هیچم لەبیر نەمابوو جگە لە خۆشەویستی.
باشبوو ئەو هاتە دواندن وتی : من بەرنامەکەی تۆم بەدڵ بوو، کاتێ بیستم دادەخرێ دڵم تەنگ بوو وتم دەبێت ئەو بێژەرە بۆ بەجێمان بێلێ ؟.
وتم : کەواتە تۆ گوێت لە بەرنامەی ( من وتۆ ) ڕادەگرت، شێوازی بەرنامەکە دەزانی چۆنە ؟
وتی : بەڵێ ... تەنانەت شێوازی قسەکردنی تۆش دەزانم چۆنە!
وتم : نا شێوازی وتنی تۆ جوانترو ناسکترە!

وتـــی : مــن حــەزم بــەدەنگی تۆیــە کــاتێ بەســەرهاتی دوو عاشق دەخوێنیتەوە.
وتم : سوپاست دەکەم.
ســاتێک بێــدەنگ بــووین ... بیــرم دەکــردەوە شــتێ بلــێم و ئەم بێدەنگییە بشکێنم کەچی ئەو هاتە قسەو وتی:
ناتەوێ بگەڕێیتەوە ؟
وتم : نازانم ... هێشتا بڕیارم نەداوە.
وتی : بگەڕێوە پێکەوە بەرنامەکە خۆشتر دەکەین.
وتــەکانی کــاریکرد لــەگیانم ... هەســتم کــرد کەســێکی تــرم و سەرتاپا دڵم پڕبووە لە شادی!
دیسانەوە بێدەنگبووین ... وتی: بیر لەچی دەکەیتەوە ؟.
وتــم : کــاتێ گــوێم لــەدەنگت بــوو لــەناو تاکســی بــووم ... زۆر خۆش و جوان بەرنامەکەت پێشکەش دەکرد.
وتی : ببورە ئەمە بەرنامەی بەرێزتانە.
لــەم کاتــە بەڕێوبــەر هاتــە ژوور بــە کچــە بێژەرەکــەی وت: هــــەر زانیارییەکــــەت ویســــت ئــــەوە ژمــــارەی تەلــــەفۆنی مامۆستا داراмان لایە دەتوانین پەیوەندی پێوە بکەین...
پاشــــان ڕووی دەمــــی لــــەمن کــــرد و وتــــی: چــــی دەڵێــــی مامۆستا دارا؟.
منیش بە زەردەخەنەیەکەوە وتم : نا وانییە.
بەڕێوبەر سەری سوڕما وتی : ئەی چۆنە؟!
وتم : بڕیارماندا پێکەوە بەرنامەکە پێشکەش بکەین!
بەڕێوبەرەکــە لــە خۆشــیا مســتێکی دایــە ســەرمێزەکە و وتــی : ئەمــــە خۆشــــترین هەواڵــــە... وەرەوە بابــــە وەرەوە ئــــەم ناوەت چۆڵ کردبوو.

بەرپ◌ِوبەرەکەم لە کچە بێژەرەکەی پرسی : تۆ چیدەڵێی ؟

کچە بێژەرەکە لە خۆشیا قسەی بۆ نەدەکرا سەرێکی لەقاند و بەپەلە لە ژوورەکە دەرپەڕییە دەرەوە.

بەرپ◌ِوبەرەکە دەستی گوشیم و وتی : بەخێر بێیتەوە!

لە دەزگا هاتمە دەرەوە... سواری تاکسییەک بووم بە شوفێری تاکسییەکەم وت : لێخووڕە بۆ خۆشترین کەبابخانە.

شوفێرەکە وتی : بۆ مووچەت وەرگرتووە؟

وتم : نەخێر ... ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانمە!

هەواڵنامەی کتێب

## ئەستورک

**لەگەڵ** بەری بەیان ئۆتۆمبیلەکەم بەگڕ دەخست و تا بەردەمی نانەواخانەکە لێم دەخوری، چوار پێنج کولێرەی گەرمم دەکڕی و دەگەرامەوە ماڵ.

زۆربەی بەیانیان مام هاوارم دەبینی بە شەلە شەل بەرەو نانەواخانەکە دەچوو. ئەم ڕێگا کردنەی مام هاوار وایلێکردم چیتر منیش بە سواری ئۆتۆمبیل نەچم بۆ نان کڕین.

نانەواخانەکە دوو کۆلان دوور بوو لەماڵی من و مام هاوارەوە. زۆر جار لەسەر کۆلان توشم بە توشی مام هاوار دەبوو، پێکەوە تا بەردەمی نانەواخانەکە بە قسەی خۆش ڕێگامان دەکرد. بەڵام کێشەکەم ئەوەبوو دەبوایە لە گەڕانەوەشدا لەگەڵی بگەڕێمەوە چونکە شەرمم دەکرد بەجێیبهێڵم .

چەند بەیانییەک لەگەڵی ڕێگام کرد، لە پاشان ناچار بووم لە درزی دەرگاوە چاو بە کۆلاندا بگێڕم مام هاوار دیار نەبوایە بە ڕاکردن خۆم دەگەیاندە نانەواخانەکە.

لە هەمووی سەیرو سەمەرتر ئەوەبوو مام هاوار باوکی دوو کوڕی گەنج و دوو کچی عازەب بوو ، نەمدەزانی چۆن ویژدانیان ڕێیدەدا ئەو باوکە پیرەیان بنێرن بۆ نان کڕین؟ !

هەرچەندە پیرێکی پەککەوتە نەبوو، لێ مرۆڤێکی ماندوو دیاربوو. مرۆیەکی بالآ کورت وجامانە لەسەر کڵاوەکەشی وەک زەردێنەی هێلکە لە دوورەوە دەبریقایەوە. چاوەکانی سپی سپی بوو، مووی برۆکانی هەر یەک بەلایەکدا دەرپەڕیبوو. رووخۆشی و وتە بەنرخەکانی جوانیەکی تایبەتی پێ بەخشی بوو!

جار هەبوو لە کاتی گەڕانەوەمدا توشی مام هاوار دەبووم ، بە بزەی پێکەنین توانجی لێدەدام و دەیگوت : هاوسێکەم گورجتر بووە ؟

منیش دەمگوت : مام هاوار ئەگەر دوابکەوم، بەیانیان شەقامەکان قەرەبالغ دەبن و بە دوو کاتژمێر ناگەمە سەرکار!

مام هاوار وەڵامی دەدامەوە : ڕاستت دەکەیت کوڕم، هەموو شت گۆڕاوە جاران لە گەڕەکێک یەک ئۆتۆمبیل هەبوو کەچی ئێستا مال هەیە دووی هەیە.

گوتم : مام هاوار بۆ کوڕەکانت نانێری بۆ نان کڕین؟

مام هاوار : جا کوڕم نەوەی ئێستا کەی گوێ لە دایک و باوک دەگرن!

وتم : مام هاوار دەبێت فێریان کەیت.

وتی : کوڕم لەبیرت نەچێت هەندم خۆشدەوێن نامەوێ لە خەویان کەم.

لەدلی خۆمدا وتم : ئای کە باوکێکی بەستە زمانی، بەم ڕۆژگارە کوڕەکانت دەبینم موبایلیان لە گوێچکدایەو بە ئۆپلەکەیان فرکان فرکانیانە.

بەیانیەک درەنگ لە خەو بێدار بوومەوە خێرا ئۆتۆمبیلەکەم داگیرساندو تیژ بەرەو نانەواخانەکە لێمخوڕی ، هەر کە لەسەر کۆلانەکە پێچمدایەوە مام هاوارم بینی لە ژێر دیوارێک بەسەردەمدا کەوتوبوو.

گورج لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیم مام هاوارم ڕاست کردەوە لێم پرسی: چیبووە مام هاوار ؟

وتی : حەبەکانم!

وتم : بتبەم بۆ نەخۆشخانە ؟

وتی : نا کوڕم زوو بچۆ ماڵمان حەبەکانم بگەیەنە دەست !

مام هاوارم لەکۆڵ کردو خستمە ناو ئۆتۆمبیلەکەم، تا بەردەم دەرگای ماڵیان لێمخوڕێ . هەر لەگەڵ دەرگا لێدان خۆم کرد بە ژوورا.

دوو کوڕە گەنجەکەی پرسیان : چیبووە؟

وتم : باوکتان بووراوەتەوەو داوای حەبەکەی دەکات.

وتیان : ئۆو دیسان حەبەکانی لەبیرچووە!

یەکێ لە کوڕەکانی دەرگای ئۆتۆمبیلەکەمی کردەوەو حەبێکی خستە بن زمانی مام هاوار.

پرسیم : ئەوە حەبی چییە ؟

وتیان : حەبی نەخۆشی دڵە... ئێستا چاکی دەکات!

وتم : جا توخوا بۆ ئێوە شوورەی نییە باوکتان بەم پیرییە دەنێرن بۆ نان کڕین؟

هەواڵنامەی کتێب

هەردوو کیان ملی خۆیان شۆڕ کرد وفزەیان لەدەم دەرنەهات.

لە پاش چەند خولەکێک مام هاوار بە هۆشتر بووەوە و هەستایە سەرپێ، دوو کورەکەی بن باڵیان گرتوو بردیانە ماڵەوە. منیش سواری ئۆتۆمیلەکەم بووم و گەڕامەوە بەرەو نانەواخانەکە.

لە پاش چەند ڕۆژێکیتر دیسانەوە مام هاوارم بینی بەرەو نانەواخانەکە ڕێگای دەکرد، زۆر بەزەییم پێدا هاتەوە.

وتم : مام هاوار چیتر تۆ مەیە بۆ نان کرین ، لەگەل دەستی خۆم نان بۆ ئێوەش دەکرم و بەقەد دەرگای حەوشەکەتانەوە هەلیدەواسم.

وتی : نا کورم ئەزێتە!

وتم : ئەزێت نییەو خێرە!

وتی : کورم ئەم خێرەت بەقەد حەجێکە!

وتم : جا منیش ئەوها نەبێت قەد حەجم پێناکری!

وتی : دەباشە منیش بەیانیان لەبەردەم دەرگا چاوەڕێت دەکەم ؟

وتم : دەرزەنێ نان بەشتان دەکات ؟

وتی : کورم من لەبەر خاتری کولێرەکان دەچم بۆ نان کرین . ئەو کولێرانە وەک ئەستورکەکانی دەستی دایکم وایە!

وتم : ئەستورک چییە ؟

وتی : ئەستورک ... هەر وەک کولێرەیە، بەس تام و چێژو بۆنێکی تایبەتی هەیە.!

وتم : خەمت نەبێت دوو ئەستورکەکەت لە بیر ناکەم.

مام هاوار وتی : بێوەی بیت کورم.

هەواڵنامەی کتێب

بەم شێوەیە هەموو بەیانییەک دەرزەنیک نان و دوو ئەستورکم بۆ مالی مام هاوار دەکڕی بە قەد دەرگای حەوشەیان هەلمدەواسی ، بەلاّم مام هاوار هەمیشە بێدار بوو هەر کە گوێی لە دەنگی ئۆتۆمبیلەم دەبوو دەرگای حەوشەی دەکردەوە بە زۆر پارەکەی لە دەستم دەناو سوپاسی دەکردم.

چیرۆکی ئەم نان کڕینەم لای کەس نەدەوێرا بدرێکنم نەکا گالتەم پێبکەن و بلێن : ئەی مام هاوار دوو کوڕی هەیە ئیتر تۆ بۆ خزمەتکارییان بۆدەکەیت؟. !

لە هەمووی ترسناکتر ئەوەبوو ئەگەر هاوسەرەکەم بزانێت نان بۆ مالّی مام هاوار دەکڕم لەمالّیش دەرمدەکات.

بەیانییەکیان وەک جاران دەرزەنێک نانم بۆ مالّی مام هاوار کڕی ، کاتێ گەیشتمە بەر دەرگای مالّیان مام هاوار نەهاتە دەرەوە . منیش کیسە نانەکەم بە قەد دەسکی دەرگاکەیان هەلّواسی و گەرامەوە مالّ.

نانی بەیانیم خوارد و ڕۆیشتم بۆ سەرکار.

ئێوارە کە گەڕامەوە مالّ لەسەر کۆلانەکەوە بینیم بەر دەرگای مالی مام هاوار پڕ لەخەلّکەو دارەمەیتێک لەبەردەم دەرگایان دانراوە. یەکسەر زانیم مام هاوار گیانی سپاردووە.

لەبەر لۆمەی خەلک چەند ڕۆژێک نەچوومە سەرکار، لەگەل هاوسێکان سەرپەرشتی پرسەکەمان کرد.

پرسە تەواو بوو ، پوورە (سورگلّ) هاوسەری مام هاوار سوپاسی کردم وتی : خوا لە هاوسێیەتیتان کەم نەکات ... ئەو پیرە مێردەم هەمیشە باسی چاکەی تۆی دەکرد .

ئیتـــر بـــەیانیان بەتـــەنیا دەچـــووم بـــۆ نانەواخەنەکـــەو دەگەڕامـــەوە مـــاڵ، خۆشەویســـتی و یـــادی مـــام هـــاوار بەردەوام لە ئەندێشەمدا دەخولایەوە .

لـەدڵی خـۆم وتـم : لـەوەبێ مـام هـاوار لـە کـاتێکی بـاش مردبێـت، خـوا خۆشـی ویسـتووە نەیوسـتوە پیرتـر بێـت ولەپەلو پۆ بکەوێت .

بەیانیـەکی زوو بـە خـاوە خـاو دەچـووم بـۆ نـان کـڕین بینـیم پـــوورە ( ســـۆرگل) کیســـەیەکی لـــە دەســـتەو بـــەرە و نانەواخانەکە دەچێت .

ئیتـر لـەو ڕۆژەوە سـەرم لێشـوا بـووو نەمـدەزانی چیبکـەم !... خـۆم لـە پـوورە (سـورگل) بدزمـەوە ؟ پێکـەوە ڕێگـا بکـەین ، بـە سـواری ئۆتۆمبیلەکـەم ببیـەم یـان خـۆم نانیـان بۆ بکڕم؟

لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەموو بەرەبایەنیـەک پـوورە (سـورگل)م دەبینـــی کیســـەیەک نـــانی بەدەســـتێک هـــەڵگرتبوو ، بەدەستەکەی تـری لـەتێ ئەستورکی لـە کیسـەکە دەردەکـرد و دەیخوارد.!

## چاو سوورەکان

**هەر** لەمنداڵییەوە سوورە خووی گرتبوو بە مێروولە کۆکردنەوە، هەر کات شارە مێروولەیەکمان بدۆزیایە بانگی سوورەمان دەکرد. سووورەش لە خۆشیا هەڵدەپەڕی و کیسەیەک نایلۆن یان بتلێک شووشەی دەهێنا پڕی دەکرد لە مێروولەو بە غاردان دەگەڕایەوە ماڵ.

سوورە نە چاوی سووربوو نەقژی، لێ لە منداڵییەوە جار جار بەری چاوی سوور دەبوو بۆیە ناومانتنا سوورە!

نەماندەزانی بۆ چی سوورە مێروولە کۆدەکاتەوە و بەخێویان دەکات. ئەگەر بچویتایە ناو حەوشەکەیان بن دیواری ماڵەکەیان پربوو لە شارە مێروولە .

لە سەردەمی منداڵی وامانـدەزانی ئەمە ئارەزوویەکی کاتییە سوورە خووی پێوە گرتووە ، کەچی ئێستا تەمەنی بەناو ساڵە چووە و مێروولە لەگیرفانی دایەو بۆ هەرکوێ بچێت لەگەڵ خۆی مێروولەکان دەبات.

هەواڵنامەی کتێب

لە سەردەمی هەرزەکاری ئەو کاتەی ڕێگامان لە کچان دەگرت، سوورە سەرقاڵی مێروولە کۆکردنەوە بوو.
لە بیرمە جارێکیان ( بەهار ) کە جوانترین کچی گەڕەک بوو بە منی وت : بە سوورە بڵێ واز لە مێروولە گرتن بهێنێ منیش دەبمە دەزگیرانی.
ئەو ڕۆژانە ئێمە بۆ پەیدا کردنی دەنگێ دەچووینە ئاسمان... کاتێ ڕاسپاردەکەم بە سوورە گەیاند، سوورە بە قورگی پڕ لە گریان وتی : پێی بڵێ ناتوانم...
وتم : سوورە چیت لە مێروولە داوە ... بەهار بکە مێروولەو لەگەڵی وازی کە!
سوورە ڕایکردوو لێم دوور کەوتەوە!
ئەم نهێنی بەخێو کردنی مێروولەیەم لێببووە مەراق و نەمدەزانی بۆ ئەم گیان لەبەرە ئەوەندە گرنگە بەلای سوورەوە؟!
لە منداڵییەوە تا سەردەمی هەرزەکاری سوورە ڕوخسارێکی ڕێک و پێک و ئاسایی هەبوو، لە تەمەنی گەنجی بەدواوە سوورە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوخساری زشت وترسناکی هەبوو. بۆیە سوورە بووە کەسێکی گۆشەگیرو دوور لە هەموو شت .
سوورە لەگەل مندا پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو، هەر پرسیارێکی هەبوایە لێیدەپرسیم؛ هەر نهێنیەکشی هەبوایە بۆی دەدرکاندم.
هەرگیز حەزی نەدەکرد کەس هەواڵی مێروولەکانی بپرسێ! بەو هەواڵپرسینە وەڕس دەبوو!

هەولێرنامەی کتێب

خەلکێک هەبوون گالتەیان بە سووورە دەکرد کەچی من پەیوەندیم لەگەلی نەپساند هەردەم دەمویست لە نهێنی بەخێو کردنی مێروولەکانی بگەم.
دەمەو ئێوارەیەک لەگەل سووورە لەسەر تەپۆلکی گردێکی دوور شار دانیشتبووین، ئەو ئێوارەیە سووورە روخسارێکی خەماوی لێنشتبوو .
منیش وتم : سووورە گیان ئێمە دوو هاورێی منداڵین و پێویست ناکات هیچ شتێک لەیەکتر بشارینەوە... چەند رۆژێکە لە چاوەکانت دیارە شتێک روویداوە و ناتەوێ پێم بلێیت؟
وتی : تا ئێستا هیچ شتێکمان لەیەکتر نەشاردۆتەوە؛ بەلام نهێنیەک هەیە تا ئێستا نەم درکاندووە!
وتم : نهێنی چی؟
وتی : نهێنیەکە ئەگەر بیدرکێنم سەرتاپای ژیانم و ژیانت دەگۆڕێ!
وتم : دەیگۆڕێ بەرەو باشتر؟
وتی : نەخێر زۆر خەراپتر!
وتم : دە بیدرێکێنە ، گۆم چەند قول بێت مەلاوانی خۆشترە!
وتی : ئەم گۆمە بنی پڕ لە گووە ، کەس ناتوانێ مەلەوانی تیا بکات!
ئاورێکم لێدایەوە بینیم فرمێسک لە چاوەکانی دێتە خوارێ!
دەستم خستە ملی و وتم : بمبووورە وامزانی گالتە دەکەیت!

بە قورگی پڕ لە گریان باوەشی پێما کردو وتی : هاوڕێ گیان خەراپم لێقەوماوە!
توند لەباوەشم گرت و ساتێک بێدەنگ بووین..
ئنجا وتم : ئەی ئەوە نیە منت لەگەڵدایە!
سورە چاوی لە دوکەڵە ڕەشەکەی ئاسمانی شارەکە کردو وتی : لێرە خۆر چەند زوو ئاوا دەبێت!
وتم : دوکەل و تەپو تۆزی شارەکەیە بەری خۆر دەگرێت!
بە دەنگێکی نزمەوە وتی : هاوڕێ گیان چیت لێبشارمەوە... تۆ دەزانی من لە وەتەی خۆم ناسیوە حەز بە کوشتن دەکەم!
وتم : کوشتنی چی ؟
وتی : کوشتنی مرۆڤ!
وتم : قسەی قۆڕ... تۆ مێروولەیەکت پێ ناکوژرێ!
وتی : بەڕاستمە ... حەز بە کوشتنی مێروولە و هەموو گیان لەبەرێک دەکەم.
وتم : لە کەیەوە ئەم حەزەت لەگەڵدایە ؟
وتی : لە منداڵییەوە!
وتم : جا لە منداڵییەوە ئێمەش هەر کوشتن و کوشتار دەبینین !
سوورە تاوێک بێدەنگ بوو ئنجا وتی : هاوڕێ گیان... وادیارە تۆ لێم تێناگەیت من بەڕاستمە هەست دەکەم کرمێک، دەنگێگ لە ناو
مێشکمدایە و پێمدەڵێ بکوژە!
وتم : ئەمە نهێنیەکە بوو ؟

وتی : بەلێ!
وتم : جا ئەو کرمە بۆ ناکوژی!
وتی : لە منداڵییەوە تا ئێستا
بەرگریم لەخۆم کردووە، دەترسم رۆژێک بە قسەی کرمەکە بکەم!
وتم : سوورە ... تۆ کەسێکی زۆر مهرەبانیت باوەڕ ناکەم بە قسەی ئەو کرمە هەڵخەلەتێی!
وتی : تۆ لە من تێناگەیت برا کەسێک هەیە لەناخمە دەژێت و پێمدەلێ بکوژە دایکت ، باوکت هاورێکانت ... ناتوانم چیتر بەم شێوەیە بژێم.
وتم : ئای کە خۆم بەدەبەنگ دەزانم چۆن تا ئێستا هەستم بەم شتە نەکردووە!
وتی : کەس نازانێت ...زۆر جار بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە!
سەرم سوورما بوو ، وتم : سوورە تۆ بەراستە یان پێمرا دەبوێری؟
وتی : چیتر ناتوانم ئەم نهێنییە لەگەل خۆم هەلگرم ..تۆ دەزانی بۆ مێرووله بەخێو دەکەم ؟
وتم : نەخێر.
وتی : بۆ ئەوەی سەریان لە بنرا هەڵکەنم!
ئاورێکم لێدایەوە و وتم : تۆ زۆر زاڵمی!
وتی : لە منداڵییەوە بەری چاوم کە سوور دەبوو ئەگەر گیان لەبەرێکم بکوشتایە سوورییەکەی چاوم کاڵتر دەبووەوە. لەو رۆژەوە دەیان پشیلەو سەگ و مارو

هەولێرنامەی کتێب

دوپشک و چۆلەگەو باڵدار نەما نەیکوژم تا دواجار خووم بەم مێروولانەوە گرت.
وتم : ئێستا دەزانم بۆ ( بەهار )ت لە خۆت دوورخستەوە !
وتی : خۆشەویستی ( بەهار ) وایلێکردم خۆڕاگرتر بم!
وتم : خۆشەویستی چی ! تۆ مێرووولە نەما نەیکوژی!
وتی : بۆیە چیتر نامەوێ بژیم!
وتم : گوێبگرە سوورە. ئەم نەخۆشییەت زۆرترسناکە ... بەس تۆ دەتوانی چاکەو خەراپە لەیەکتر جوودا کەیتەوە ئیتر ئەم بەد خووە چییە گرتووتە!
وتی : من لەوە دەترسم ڕۆژێک بە قسەی ئەو کرمە بکەم و ژیانی کەسێک لەناو بەرم.
وتم : ئیستا چی بەکەین ؟
وتی : نازانم!
وتم : سوورە ، منیش سەرم لێشواوە ..هەرگیز باوەڕ ناکەم تۆ وا بیرکەیتەوە!
پاشان سوورە وتی : نەگەڕیینەوە بۆ ناو شار ؟
وتم : بۆ نا... سوورە دەترسم ڕۆژێک بێت بمکوژی!
وتی : ئەمە یەکەمین جار نییە ..کرمەکە پێمدەڵێ بیکوژە!
وتم : ئەو کرمە لە کوێیە با من بیکوژم!
وتی : لە سەرتاپای لەشمە!
وتم : دەزانی چی سوورە چەند ڕۆژێکی تر مۆڵەتم بەرێ چارەسەرێک دەدۆزمەوە بۆ ئەو کرمە!
وتی : بەسەرچاو...

پێکـەوە بـە پیاسـە لەسـەر ڕێگـا پـڕ لـە زبـل و پیسـیەکەی قـەراخ شـار گەڕایەنـەوە بـەرەو مـاڵ . خۆزگـەم دەخواسـت نە ئەم نهێنیەم بزانیایە و نە سوورەم بناسیایە.
چـی دەبـوو ئەگـەر سـوورە نەبوایـە ؟ لـە منداڵییـەوە بمردایـە !کـێ نـالێ ڕۆژێـک وەک مێروولـەکان سـەرم لـە لەشـم جوودا ناکاتەوە ؟
نـا پـێش ئـەوەی بمکـوژێ مـن دەیکـوژم ... دەبـێ تـا چەنـد ڕۆژیکتـر چـاوەڕوانبم ئەگـەر چارەسـەریکم نـە دۆزی، چارەسەری دەکەم!
سـوورە دەسـتی خسـتە سەرشـانم ( لـە ترسـا ڕاچڵـەکیم ) وتی : هاوڕی گیان بیر لەچی دەکەیتەوە ؟
ویسـتم بڵـێم بیـر لـە چارەسـەریک دەکەمـەوە؛ سـوورە چـاوی لـە چـاوم بـڕی و بـزەی پێکـەنیین گرتـی منـیش ویستم پێبکەنم و بڵێم : دەمزانی گاڵتەت دەکرد!
کەچی بەری چاوی سوورە سوور هەڵگەڕابوون .!
سـوورە کیسـەیەکی پـڕ لـە مێروولـەی لـە گیرفـانی دەرکـرد و یەک یەک سەری مێروولەکانی قرتاند !
منیش وتم : سوورە لە پێش چاوم ئەم کارە مەکە!
سـوورە وتـی : هـا ئـەوە چنگـێ مێروولـە تـۆش سـەریان هەڵقرتێنە!
وتم : من بۆ دەبێ وابکەم ؟
وتـی : بـەر چـاوت سـوور بـووە ... تـا کەسـێکت نەکوشتووە، سەری مێروولەکان دەربێنە.
وتـم : نـەخێر مـن نـە بـەری چـاوم سـوور بـووە و نەکەسـیش دەکوژم!

سـووره وتـی : مـن دەبیـنم بـەری چـاوت سـوور بـووە هـەر ئێستاش بیرت لە کوشتن دەکردەوە.
وتم : کوشتنی چی ؟ !
وتی : بگرە ئەم چنگە مێرووولەیەو شەرم مەکە!
چنگـە مێرووولەکـەم لـە دەسـتی سـووره وەرگـرت، بـە بێـدەنگی سـەری مێرووولـەکانم قرتانـد . وردە وردە سـووری بـەر چـاوم کـاڵتر بـووەوە روخسارشـم زشـتر وترسناکتر دەبوو!

## باڵندەکانی ناو قەفەز

**بەچکـــە** کەنارییـــەکی ڕەنـــگ ســـووری خنجیلانـــە لـــە نـــاو دارســـتانێکدا لەگـەڵ دایـک و بـاوکی دەژیـا، ڕۆژێـک لـەڕۆژان کەنارییـــــە خنجیلانەکـــــە فـــــڕی ولـــــە هێلانەکـــــەی دوور کەوتـــەوەو، ڕێگـــای لـــێ ونبـــوو. بـــە دەنگـــە خۆشـــەکەی خوێنـدی و هـاواری بـۆ دایـک و بـاوکی بـرد کـەس بـە هانـای نەهات.

لـــــە پاشـــــان کەنارییەکـــــە برســـــیبوو ، بـــــە دەنووکـــــە بچکۆلانەکـــەی چینـــەی کـــرد ، لـــەناو ســـەوزایی و پـــووش و لقەکان چەند دانێکی دۆزی و خواردی.

بـەم جـۆرە کەنارییەکـە بـە تـەنیا لـەم چڵ بـۆ ئـەو چـل دەفـڕی و دەیخوێند. ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوو .

ڕۆژێکیـــان کەنارییـــە ســـوورەکە لـــەناو چاڵێکـــدا چنگـــێ گـــەنمی بینـــی یەکســـەر بـــێ بیـــر کردنـــەوە فـــڕی و لـــەناو چاڵەکـــە نیشـــتەوە ، لەگـــەڵ خـــواردنی یەکـــەم دەنکـــە گـــەنم بـــەردێکی زڵ تەپلەی کرد و چاڵەکەی داپۆشی.

تومـــەز ئەمـــە تەپکـــە بـــوو ڕاوچیـــەکان دایدەنێنـــەوە بـــۆ گرتنـــی باڵندەکان.

کەنارییە خنجیلانەکە ترسا و حەزی بەم تاریکییە نەبوو ، چونکە لە ژیانیا لە چاڵێکی وا تاریک و ترسناک نەژیابوو.
لە چاڵەکە گیری خواردبوو و هیچی نەدەبینی، جار جار گوێی لە خوێندن و فرینی باڵندەکانیتر دەبوو خۆزگەی دەخواست لەگەڵیان بێت و لەم چاڵە ئازاد کرێ... سوێندی خوارد جارێکیتر گەنم ببینێ لە هەر چاڵێکتر نزیکی نەکەوێت.!
لە پڕ گوێ لە فیقە فیقێ بوو کە هەرگیز لەوەو پیش گوێی لێنە بوو بوو، دەنگی پێیەک زەوییەکەی دەجولاند کەنارییەکە ترسا... پاشان بینی دەستێک بەردەکە بەرز دەکاتەوە ڕوناکییەک بەر چاوی کەوت؛ ئنجا دەستەکە پێنج پەنجەی ئەستووری پان کردەوەو هێرشی بۆ هێنا.
کەنارییە سوورەکە خۆی گرمۆڵە کردو کەوتە ناو دەستی ڕاوچییەکەوە.
کەنارییە سوورەکە بینی ڕاوچییەکە بە ئەندازەی ورچێکە، لە ترسا تەپ تەپ دڵی لێی دەدا.
ڕاوچییەکە کەنارییەکەی برد بۆ ناودەمی دەنووکی کەنارییەکەی بە تف تەڕ کرد تا تینویەتی بشکێ، بەڵام کەنارییەکە لەترسا سەری خزانبووە ناو چنگی ڕاوچییەکەوە.
پاشان ڕاوچییەکە کەنارییەکەی خستە ناو هەنبانەکەی و کەوتە ڕێ، کەنارییە سوورەکە ترسا وتی : لەوەبێ ئەم ڕاوچییە بمبات بۆ بەچکەکانی تا بمخۆن!
کاتێ گەیشتە مالی ڕاوچییەکە گوێی لە دەنگی خوێندنی جۆرەها باڵندە بوو... ئینجا دەستەکە گرتی و لەناو قەفەزێ بەرەڵای کرد .

سـەرەتا کەنارییـە بچکۆلانەکـە هەڵبـەز هەلبـەز فـڕی و خـۆی بـە سـیمی قەفەزەکـە دەدا، پاشـان مانـدوو شـەکەت بـوو لەسەر چیلکەیەک نیشتەوە .

لـەناو قەفەزەکـە جۆرەهـا باڵنـدەی تیـابوو هـەر یـەک بـە ڕەنگێکـی جیـاواز، باڵنـدەکان زۆربـەیان دەیانخوێنـدو دانەوێلەیان دەخوارد .

کەنارییـە سـوورە کـە لـە دڵ تـەنگیا نەدەیخوێنـدو نـە دانـی دەخـوارد ، چەنـد جارێـک تینویـەتی بـە ئـاو شـکاند .

ڕاوچییەکـە ڕۆژی دوو سـێ جـار دەهـات و دانـی بـۆ دادەنـان و ئاوەکـەی پـڕ دەکـردەوە، جـارش هـەبوو ڕاوچییەکـە بـە چـاوی زەقـی دادەنیشـت بـە دیـار قەفەزەکـەو لە کەنارییە سوورەکەی دەڕووانی.

کەنارییـە سـوورەکە زۆر ڕقـی لـەم ڕاوچییـە دەبـوەوە دەیگوت : ڕۆژێک دێت دەمخوات!

لـە پاش تێپـەڕ بـوونی چەنـد ڕۆژێـک ڕاوچییەکـە کەنارییـەکی باریکەلانـەو وردی هەڵدایـە نـاو قەفەزەکـەوە . کەنارییـە وردیلەکـە ڕەنگێکـی زەرد و جـووتێ خـەتی سـپی لـە سـەر باڵەکانیدا بوو .

کەنارییـە زەردەکـە بـە گریانـەوە دەیخوێنـد، کەنارییـە سـوورەکە فڕییـە تەنیشـتی و بـۆی خوێنـدەوە وتـی : مـەگری و مەترسە منت لەگەڵدایە!

هـەردوو کەنارییەکـە بوونـە هـاوڕێ و پێکـەوە دان و ئاویـان دەخواردەوە.

لەبـەر ئـەوەی کەنارییـە زەردەکـە مێیـە بـوو ، عاشـقی یـەکتر بوون بەو ڕۆژگارە بۆ یەکتر دەیانخوێند .

ڕۆژێکیـان کەنارییـە سـوورەکە بەسـەرهاتی ژیـانی بـۆ کەنارییـە زەردەکـە گێڕایـەوە : لەگـەل دایـک و بـاوکم لـەناو جـوانترین دارسـتاندا دەژیـام ، ڕۆژێکیـان لـە هێلانەکـەم

دوورکەوتمــەوە و ڕێگــام لــێ چەواشــە بــوو ، هێلانەکــەم بــۆ نەدۆزرایەوە.
کەنارییــە زەردەکــە گــوێی بــۆ ڕایــەڵ کردبــوو. پاشــان وتــی : بــۆ ئێمــە دەتــوانین لــەناو درەختــەکان بــە ئــارەزووی خۆمــان بفڕین و خواردنیش بخوێنین؟
کەنارییــە ســوورەکە ســەری ســوڕما لــەم پرســیارەو وەڵامــی دایەوە : بۆ تۆ تا ئێستا دارستانت نەدیوە ؟
کەنارییە زەردەکە وتی : نەخێر!
کەنارییــە ســوورەکە پرســی : ئــەی بەســەر هــاتی تــۆ چۆنــە ؟ تۆ لە کوێ ژیاوی؟
کەنارییـــە زەردەکـــە وتـــی : مـــن لـــەو ڕۆژەوەی چـــاوم کردۆتـــەوە لەگـــەڵ دایـــک و بـــاوکم لـــەناو قەفـــەزدام . ڕاوچییـــەک هـــەبوو خـــواردنی بـــۆ ڕوو دەکـــردین، جـــار هــەبوو منــی لــە قەفەزەکــە دەردەهێنــا بــە ئــارەزوی خــۆم لــە حەوشـــەکە دەفـــڕیم . دەترســـام دوور کەومـــەوە لـــە قەفەزەکە چونکە لە دەرەوە خواردن نەبوو.!
کەنارییـــە ســـوورەکە وتـــی : ئـــەی چـــۆن گەڕایتـــەوە لای دایک و باوکت؟
کەنارییــە زەردەکــە : ڕاوچییەکــە دەیزانــی نــاتوانم دایــک و بــاوکم جێبهــێڵم ، بــە ئاســپایی گرتمــی و فڕێدامــەوە نــاو قەفەزەکە.
کەنارییــە ســوورەکە پرســی : بــۆ ڕاوچییەکــە تــۆی دەهێنایــە دەرەوەو پاشان دەیخستییە ژوورەوە؟
کەنارییــە زەردەکــە وتــی : تــۆ نــازانی ئــەم ڕاوچییانــە زۆر حــەز بــەدەنگی ئێمــە دەکــەن ، نــابینی کــاتێ دەخــوێنین ، گــوێ ســووک دەکــەن و زەردەخەنــە لــە لێویــان دەبــزوێ!. کاتێــک منـــی دوور دەخســـتەوە دایـــک و بـــاوکم بـــۆم دەگریـــان و دەیانخوێَند.

کەنارییە سوورەکە پرسی : ئێ دوایی چیی ڕوودا؟
کەنارییــە زەردەکــە وتــی : لەگــەڵ دایــک و بــاوکم لــەناو قەفەزەکــە بــە خۆشــی دەژیــام ، لــەناکاو ڕاوچییەکــە هــات و چنگــی پێمــا کــردو خســتمیە نــاو ژوورێکــی تاریــک و بچکۆلانــە چەنــد کــونێکی تیــا بــوو دەرەوەم تیــا دەبینــی . ئــەوەی مــن بینــیم لــەدەرەوە قەفــەزی گــەورە و هــاژە هــاژ و گرمــە گــرم و دەنگــی بەچکــەی ڕاوچییــەکان بــوو ، زۆرترســام. پاشــان منــی دایــە دەســتی ئــەم ڕاوچییــەی کــە ئێستا نان و ئاومان دەدا .
کەنارییــە ســوورەکە وتــی : خۆزگــە دەرگــای قەفــەز لــەمن دەکرێتەوە لە شەقەی باڵ دەدەم و ناگەڕێمەوە!
کەنارییە زەردەکە وتی : چۆن دڵت دێ من جێبهێڵی!
کەنارییــە ســوورە کــە وتــی : بمبــوورە ، کەواتــە پێکــەوە دەفڕین.
کەنارییــە زەردەکــە وتــی : دەتــوانین بفــڕین بــەرەو ئــەو دارستانە قەشەنگەی باست کرد؟
کەنارییــە ســوورەکە وتــی : ئەگــەر ڕۆژێــک لــەم قەفــەزە ڕزگــار بیــین . بــۆ هــەموو شــوێنە خۆشــەکانی ئــەم ســەر زەمینەت دەبەم.
کەنارییــە زەردەکــە وتــی : دەترســم برســیمان بێــت یــان لەسەرما ڕەق ببینەوە!
لــەم کاتــەی هــەردوو کەنارییەکــە دەیانخوێنــد . ڕاوچییەکــە هــات و دەرگــای قەفەزەکــەی کــردەوە تــا خــواردن ڕووکــات . کەنارییــە ســوورەکە هــەڵی بــۆ ڕەخســا و لــە ژێــر دەســتی ڕاوچییەکە لە دەرگاکە فڕییە دەرەوە.
ڕاوچییەکە خێرا دەرگاکەی داخست.

کەنارییــە ســوورەکە لــە حەوشــەکە ســوورڕایەوە پاشــان بــۆ کەنارییــە زەردەکــەی خوێنــد وتــی : خۆشــم دەوێــی بــەس نامەوێ هەتا مردن لەناو قەفەزدا بژیم.
کەنارییــە زەردەکــە خوێندییــەوەو وتــی : منــیش خۆشــمدەوێ . خۆشی تۆ خۆشی منە.
کەنارییــە ســوورەکە بــۆ ماوەیــەکی زۆر بــە ئاســمانەوە فــڕی ، لــە پڕێکــا دڵــی تــەنگ بــوو هەســتی بەتــەنیایی کــرد. بیــری کەنارییــە زەردەکــەی کــردو کلکــی بــاداو گەڕایــەوە بــۆ لای قەفەزەکە!.
کەنارییە زەردەکە پرسی : ئەوە بۆ گەڕایتەوە؟
کەنارییــە ســوورەکە وتــی : خۆشەویســتی تــۆ وایلێکــردم بگەڕیمەوە .
کەنارییــە زەردەکــە وتــی : ڕاوچییەکــە دەیزانــی مــن و تــۆ نــاتوانین بــێ یــەکتر بــژین . ئاگــادار بــە هــەر کــاتێ ڕاوچییەکــە بێت دەتگرێت و دەتهاوێتەوە ناو قەفەزەکە!
کەنارییــە ســوورەکە وتــی : لەدەســتی هەڵــدێم نامــەوێ لــەناو ئەو قەفەزەدا بژیم!
کەنارییــە زەردەکــە وتــی : ئــەی چــۆن بتــوانین مــاچ و مــوچ کەین وهێلکە هەڵبینین.
کەنارییــە ســوورەکە وتــی : هــەررکات ڕاوچییەکــە لێــرە نەبوو من لە نێوان سیمەکانەوە ماچت دەکەم.
کەنارییە زەردەکە وتی : ئەمە کەی بوو بە ژیان.
لــەم کاتــە ڕاوچییەکــە هــات ... کەنارییــە ســوورەکە فــڕی و دوور کەوتەوە!
شــەو داهــات و دنیــا تاریــک بــوو کەنارییــە ســوورەکە لەســەر قەفەزەکــە نیشــتەوە و بەتەنیشــت کەنارییــە زەردەکــە خــەوی لێکــەوت، لــەناو خــەودابوو ڕاوچییەکــە گرتــی و فڕیدایەوە ناو قەفەزەکەوە.

کەنارییە زەردەکە وتی : تۆش هەڵێکت بۆ ڕەخسا ئازادانە بژیت! بۆ گەڕاییتەوە!
کەنارییە سوورەکە وەڵامیدایەوە: من ئەو ئازادییەم بێ تۆ ناوێ!
جووتە کەنارییەکە عاشقانە باوەشیان بەیەکتر کردو بە دەنوک سەرو ملی یەکتریان خوراند!
بۆ چەند مانگێک هەردوو کەنارییەکە پێکەوە ژیان ، تا ڕۆژێکیان کەنارییە زەردەکە هێلکەی لە زگدا بوو دەبوایە کڕ کەوێت .
ڕاوچییەکە دەیزانی کاتی هێلکە دانیانە پوشی بۆ دانان تا هێلانە دروست کەن.
بەڵام کەنارییە سوورەکە خەمباربوو بۆ کەنارییە زەردەکەی خوێندو وتی:حەز ناکەم بێچوە کانمان وەک ئێمە لەقەفەزدا بژین.
کەنارییە زەردەکە خوێندییەوە: هەر ئەوەندە بەچکەکانمان لەناو قەفەز لە دایک بن ئیتر ناتوانن ڕابێن بە ژیانی دەرەوە!
کەنارییە سوورەکە خوێندی : دەبێت پلانێک بدۆزین نەهێلین بەچکەکانمان لەم قەفەزە لەدایک بن.
لەو ماوەیەدا قەفەزەکەیان هەمیشە داخراو بوو بواری هەڵاتنیان نەبوو، ڕۆژێکیان ڕاوچییەکە هات بە داوە دەزوویەک قاچێکی کەنارییە سوورەکەی گرێدا و بەستی بە تەلی قەفەزەکە و دەرگای قەفەزەکەی کردەوە هەموو باڵندەکان بە ئارەزووی خۆیان دەفرینە دەرەوە و دەگەڕانە ژوورەوە.
کەناریە سوورەکە باڵە فرکێی دەکرد تا دەزووەکە بپسێنێ بەڵام تا دەهات گرێی دەزووەکە توونتر دەبوو و قاچی ئازاردەدا.

کەنارییە سوورەکە بۆ باڵندەکانی تری خوێندو وتی : بۆ نا فڕن بۆ ناو دارستانەکان و ئازادانە لەوێ بژین.
باڵندەکان وەڵامیان دایەوە : ئێمە لەگەڵ ژیانی ناو قەفەز ڕاهاتوین ونازانین لەناو دارستان بژین.
کەنارییە سوورەکە بە کەنارییە زەردەکەی وت : خۆشەویستم تۆ بفڕە لە ژێر درەختێکدا هێلانە دانێ منیش بەدواتەوە دێم.
کەنارییە زەردەکە وتی : بە تەنیا ناتوانم ، ئەگەر تۆم لەگەڵ بێت دەفڕین و ئەم قەفەزە جێدێلین بەچکەکانمان لەناو دارستان گەورە دەکەین.
لەم کاتە ڕاوچییەکە هات، کەنارییە سوورەکە لەدڵی خۆیدا وتی : لەوەبێ دەرگای قەفەزەکەم لێداخات .
هەڵبەز هەڵبەزی کردو بە دەنوکی هەوڵیدا دەزووەکە بپسێنێ کارەکەی بێ ئەنجام بوو . دواجار تەکانیکیدا و تا هێزی تیا بوو فڕی لە دەرگای قەفەزەکە هاتە دەرەوە .
ئەوەندە بەرز نەبوو بوو لە تاو ئازار لەسەربانی ماڵی ڕاوچییەکە نیشتەوە . لەگەڵ نیشتنەوە خۆی پێنەگیرا و کەوتە خوارەوە ، چەند هەوڵیدا هەستێتە سەرپێ بۆی نەکرا ، کاتێ ڕووانی قاچی ڕاستی نەمابوو خوێن بە قەدیا دەهاتە خوارێ.
کەناریە زەردەکە بە فریای هات بینی کەنارییە سوورەکە قاچێکی نەماوە ، بەدڵتەنگی خوێندی.
کەنارییە سوورەکە وتی : گرنگ ئەوەیە هەردووکمان ڕزگارمان بوو لە قەفەز.
کەنارییە زەردەکە وتی : من هێلکەم پێیە ناتوانم دوور بفڕم.
کەنارییە سوورەکە وتی : تۆ لەگەڵم بفڕە لەو ڕێگایە درەختێک دەدۆزین بۆ هێلانە .

کەنارییــــە ســـــوورەکە هەولێـــدا بفرێـــت بـــەڵام زۆر بـــۆی زەحمەت بوو بەتاکە قاچێ بفرێ.
لــەم کاتــە ڕاوچییەکــە هاتــە ســەربان. کەنارییــە سـوووورەکە هەولێکیتریــداو باڵـــە فرکێـــی کـــردو فـــڕی. بـــە کەنارییـــە زەردەکەی وت : بفڕە و بەدوام کەوە.
پێکـــەوە فـــڕین تـــا لـــە شـــار دوور کەوتنـــەوە، لـــە دوورەوە چاویـــان بـــە ڕەزێـــک کـــەوت هـــەردوکیان مانـــدوو ببـــوون. لـــەناو ڕەزەکـــە نیشـــتنەوە. کەنارییـــە ســـوورەکە کـــاتی نیشـــتنەوە بـــەدەما کـــەوت . کەنارییـــە زەردەکـــە بـــەدەوری سوورایەوە.
کەنارییــە ســوورەکە وتــی : خــەمت نــەبێت لــە شــوێنێکی زۆر خۆشداین.
کەنارییە زەردەکە پرسی : ئێمە لە کوێن؟
کەنارییــە ســوورەکە وتــی : ئێمــە لــەناو ڕەزیکــداین پــڕە لــە خــواردن هــەر لێــرەش هێلانــە دەکــەین و بێچووەکــەکانمان گەورە دەکەین.
کەنارییــە زەردەکــە فڕییــە ســەر درەختێــک بینــی هــەر لقێــک پــڕ لــە هــەنجیرە . لەبرســا لــە هــەنجێرێک ئــاڵا و خــەریکی خـــــواردنی بـــــوو ، هـــــەر ئەوەنـــــدەی زانـــــی کەنارییـــــە ســوورەکەش بەتەنیشــتییەوە هــەنجیر دەخــوات و دەخــوێنێ .
لـــە پـــاش ئـــەوەی تێربـــوون خێـــرا پووشـــیان گواســـتەوەو هێلانەیەکیان دروست کرد.
مانـــدووبوون خـــەویان دەهـــات ، کەنارییـــە زەردەکـــە وتـــی : نـــاو ئـــەم دارســـتانە زۆر خۆشـــە دەتـــوانم دوور بفـــڕم و بگەڕێمەوە. لێ خۆزگە تۆش قاچێکت لەدەست نادا.

کەنارییە سوورەکە وەڵامیدایەوە :قاچێکم نە بێت لەگەڵ تۆ لەناو ئەم دارستانە بژیم خۆشترە لەوەی لەناو قەفەزدا بم.
لەبەر ماندوو بوون هەردوو کەنارییەکە نوستن . لەگەڵ گزنگی خۆر ڕەزەکە پڕبوو لە دەنگی خوێندنی باڵندەکان.
کەنارییە سوورەکە لەخۆشیا بۆ یەکەمین جار بە خۆشترین ئاواز خوێندی .
باڵندەکانی ناو ڕەزەکە هەموو بەدەم ئەم ئاوازە پڕلە شاد و کامەرانییەوە هاتن و لەسەر درەختی کەنارییە سوورو زەردەکە نیشتنەوە.
کەنارییە سوورەکە بە خویندنەوە بەسەرهاتی خۆی و کەنارییە زەردەکەی بۆ گێڕانەوە.
لەو ڕۆژەوە باڵندەکان شادمانتر بوون بە هاتنی ئەو جووتە کەنارییە و بە دڵێکی خۆشەوە دەفڕین ودەیانخویند.

## پیاوێکی بێسەر

**دەروێشـــەکان** زکریـــان دەکـــردو شمشـــێرەکانیان بـــەناو زگ وڕوومـــــەتیان دەهێنـــــاو دەبـــــرد . شـــــێخی تـــــەزبیح بەدەســت لەســەر ســەکۆیەک لــەنێوان چــوار پێــنج ســەرین پاڵیدا بوەوەو دەیڕووانییە دەروێشەکانی.

منــیش لەگــەل منداڵــەکانیتر لەســـەر دیــواری مـــاڵی شـــێخ دانیشـــتبووم بـــەترس و لـــەرزەوە ســـەیری ئـــەم دیمەنـــە سامناکەم دەکرد.

لـــە ناکـــاو( نـــازانم کێبـــوو ؟) پـــاڵی پێوەنـــام و کەوتمـــە ناوەڕاســـتی حەوشـــەی مـــاڵی شـــێخ ، دەروێشـــەکان بـــە هـــاوارکردن و دەنگـــی زنجیـــری دەفـــەکانیان زەنـــدەقیان بـــردم، لـــە ترســـا هـــاوارم دەکـــرد دەنگـــم دەرنـــەدەهات . ویستم هەڵسمە سەر پێ پێم نەبزوا. گوتم : لەوەبێ ئەمە مێردە زمەبێت.

شـــێخ هەســـتایە ســـەرپێ و بـــەرە ڕووم هـــات ، چەنـــد وشـــەیەکی بـــە گـــوێی دەروێشـــەکان چرپانـــد ، بـــوو بەهـــەراو ژاوە ژاوێـــک ، هـــەموویان بـــەدەورم ســـوڕانەوە . شـــێخ

شمشـــێرێکی زیـــوی لـــە کیفـــی پشـــتێنەکەی دەرهێنـــا. بەهـــەمویان منیـــان درێـــژ کـــرد وەک ئـــەوەی ئاژەڵێـــک سەربڕن سەرمیان لە لەشمیان جوودا کردەوە.

شـــێخ کەڵـــەی ســـەرمی بـــەرزکردەوە پـــێ ٓشـــانی خەڵکەکەیدا. سەیر لەوەیا بوو یەک دڵۆپ خوێن نەرژا!..

منـیش سـەرم سـوڕمابوو، دڵنیـابووم ئەمـە دەبـێ خـەون بێت و بێدار دەبمەوە.

ســەرمیان خســتە نــاو دەســتم و لــە دەرگــای حەوشــە فڕیاندامە دەرەوە. وتیان : تۆ گیانت پیسە!

سـەرم لـەباوەش گـرت تـا هێـزم تیـابوو تـێم تەقانـد ، تـا دەرگـای مـاڵ ڕانەوەسـتام. بـەردەمی ماڵمـان پڕبـوو لەخـەڵک کـاتێ منیـان بینـی وتیـان : شـێخ سـەری قفـل کـردووە ، کەس ناتوانێ چاکی کاتەوە.

دایـک وبـاوکم و خـزم و کـەس و کـارم هـەموو چـوون بـۆ لای شێخ لێی پاڕانەوە . شێخ دوو مەرجی هەبوو.

یەکەم: دەستی ماچ کەم.

دووەم: ســەرێکیتر ببەســتم. ئینجــا بــە کلیلەکــەی قفلــی ســەرمدەکاتەوە و دەیبەســتێتەوە جێگــای خــۆی. بــەڵام مــن ئامادەنــە بــووم دەســتی مــاچ کــەم و ســەرێکیتر لــەجێگای سەرم دانێن.

دایکــم وتــی : خــەمت نــەبێت کــوڕم، خــوا گەورەیــەو دەرگایەکمان لێدەکاتەوە .

ڕۆژانــە ســەرم بەدەســتەوە بــوو، لــە هاوڕێکــانم داوا دەکــرد یارمــەتیم بــدەن کــەچی خۆیــان لــەمن دوور دەگــرت . دەیانگوت : کردەی شێخە کەس ناوێرێ دەستی لێبدات.

پزیشـــکەکانی شـــارش خۆیـــان دەشـــاردەوە و دەیـــانگوت : موعجیزەیەو بە ئێمە چارەسەر ناکرێت.
تەمـــەنی گـــەنجیم بەبێســـەر بـــردە ســـەر، بـــەڵام کـــۆڵم نـــەدا هـــەردەم بـــەدوای چارەیـــەک دەگـــەڕام، ڕۆژانـــە ســـەرم لـــە باوەشـــم بـــوو وەک دیوانـــە گەڕەکـــەکانی شـــار دەســـوڕامەوە؛ جـار جـار منداڵان لـێم دەترسـان. بـەڵام خـەڵکی شـار لەگـەل بێســـەری مـــن ڕاهـــاتبوون. هەرچەنـــدە گومـــانم هـــەبوو ئەوانش خاوەنی سەریان نەبن و گۆڕیبیان.
کـاتێ ڕێگـام دەکـرد هەنـدێجار سـەرم دەکـردە سەرشـانم یـان بـان ملـم ، بـەس دەبوایـە بەهـەردوو دەسـتم بمگرتایـە. لـــەم دواییـــە چارۆگەیـــەکم بەســـتبوو ســـەرم لـــەناوی هەلـدەگرت، دوو کـونم لـەناوی کردبـوو تـا چاوەکـانم ڕێگـام پیشانبدەن.
لەگـــەل ڕۆژگـــار مـــن و ســـەرم بـــووین بـــە دوو هـــاوڕێی خۆشەویســـتی یـــەکتر، بـــووین بـــە دوو کەســـی هـــاودەمی یـەکتر و هەمیشـە پێکـەوە دەدوایـن، ئەوەنـدە ئەشـقی یـەکتر بـــووین ئامـــادەبووین بـــەم چەرمەســـەرییە بـــژین بـــەس دەستی شێخ ماچ نەکەین .
چـــۆن بتـــوانم دەســـتی کەســـێ ماچکـــەم کـــاتێ ســـەرمی لەبەردەم ئەو هەموو منداڵ و خەڵکەی پەڕاندبێت!
لەگـــەل ســـەرم یـــەک هەڵوێســـتمان هـــەبوو خـــاوەنی یـــەک دڵشـــبووین . هەســـتەکانمان ، حـــەزەکانمان تێکـــەڵاو بـــوو... ســـەرم بۆیـــە خۆشدەویســـت دوو چـــاوی هەیـــە بـــۆ هـــەر کـــوێ بچـم ڕێگـام پـێشـاندەدات، شـوێنکم بیەشـێ یەکـەم کەسـە هەســـت بـــەئازارم دەکـــات و دڵنـــەوایم دەداتـــەوە، ئامـــادەنیم بە هیچ سەرێکیتری بگۆڕمەوە.

منـیش لــەلای خۆمــەوە ســەرم هــەرچیم پێبلێ ـێ بەقســەی دەکـەم، کـاتێ سـەرم دەخـورێ بـە نینۆکـەکانم دەیخـورێنم ... چلکـن بێـت دەیشـۆم... سـەرم بلێ ـێ بـا بچینـە قـەراخ دەریایـەک دەبیـەم تـا تێر دەبێت لـە ڕووانینی شـەپۆلەکان و ئاوابوونی خۆر .

بـەم دواییـە یەکـەم کـەس سـەرم بـوو هەستی بـە مانـدووی لەشـم کـرد، دەیزانـی چیتـر ئـەو گەنجـە گـورج و گۆڵـەی جـاران نـیم، کـەمێ تەمبـەڵ و زووش مانـدوودەبم ... منـیش ئاگـام لێبـوو سـەرم تەڵـەمووی سـپی لەسـەر زولفـەکانیا هاتبوونە خوار.

بـەس ئـەوەی هـەردووکمانی دڵخـۆش کردبـوو بیرمەنـدی و وشـیاری سـەرمبوو کـە ئاواتمـانی بـەرەو ئاسـۆیەکی بـەرز دەبـرد، بـەم ڕۆژگـارە بەخـەڵکمان دەگـوت : خۆشـیتان بێـت و تورشـیتان بێـت ڕۆژێـک دێـت شـێخ دەمرێـت و سـەرمان چاکدەبێتەوە.!

هـەرواش بـوو.. ئـەو شـەوەی شـێخ مـرد، لەسـەربان لەگـەڵ فێنکـی کزەبـای بـای بـەهار سـەرم لـەباوەش گرتبـوو. هەرچەنــدە لەخــەو هــەڵیان ســەندم و وتیــان : مزگێنــی مزگێنـی ئـەڵێن شـێخ مـردووە..! هەڵسـە ڕاکـە بگـەرە مـاڵی شێخ تا کلیلەکەت بدۆزیت.

کـەچی دووبـارە وامـدەزانی ئەمـە خەونـە بـاوەڕم نـەدەکرد .. شـێخ سـەری سـپی کـردم ..بـەڵام هەرسـەرم بـوو وتـی : هەڵســە بــا بــڕۆین... وا ئاواتمــان هاتــە دی ... دووبــارە دەبینەوە بەیەک گیان!

سـەرم نایـە بـان شـانم و بـەڕاکردن یـەک دوو کـۆڵانم بـڕی ... لـە ڕیَگـا ئـەو خەڵکەشـم بینـی ڕایـان دەکـرد. لەسـەرم

پرسـی : ئێمـه بـەدوای دەردی خۆمـان وێڵـین ، ئـەی ئـەو خەڵکه بۆ کوێ ڕادەکەن؟
سـەرم وتـی : ئـەو خەڵکـه سـەریان لێشـێواوه ، بـەر مـاوەی مالی شێخ کۆدەکەنەوە!
کـاتێ گەیشـتمه بـەردەم مـالی شـێخ ، حەشـامەتێک بـوو سـەگ سـاحێبی خـۆی نەدەناسـی . هـەر کەسـەو شـتێکی ڕادەپچڕکاند، دارو بەردی ماڵەکەیان هەڵدەتەکاند.
چوومـه ژوور بـۆنی بـۆ گـەنی مـاڵی شـێخ دەتگـوت کـەلاکی کـەرە... بـەدوای نامیلکـەو وەسـیتەکانی شـێخ دەگـەڕام . لـه دەلاقەیـەک کۆنـه پـەڕتووک و کلیـل و قفـل و شمشـێرەکەی شێخم بینی.
لـەم کاتـه ئـەو خەڵکـه وەک نەدیتکـه و بدیتکـه هێرشـیانکردە ژوورەوە.. کەلـەی سـەرم لەدەسـتم بـەربووەوە... چەنـدە هـاوارم کـرد کـەس ئاگـای لـه هـاوارو ناڵـەم نـەبوو ، بـەس گـوێم لێبـوو سـەرم بـانگی دەکـردم دەیگـوت : ئـەوە منیـان پێچایـەوەو دەمفـڕێنن... نەکـەی کۆڵبـدەی لـه گـەڕان بەدوام.. ئەی لاشه خۆشەویستەکەم.
منـیش وەلامـیم دایـەوە : ئـەی سـەرە نازدارەکـەم... بـێ تـۆ نـاژیم ... بـەس چاوەکـانم لای تـۆ بـه جێمـاون چـۆن بتدۆزم...
به ئاسـتەم گـوێم لـەدەنگی کـزی سـەرم بـوو وتـی : بـڕوام پێته له تاریکیش بێ دەمدۆزی!
بـەمجۆرە سـەرم تیـاچوو. ئەگـەر ( شـێخ ) سـەرمی نەپەڕانـدەیا ... ئێسـتا لەگـەل سـەرم بـه بەختـەوەری دەژیاین.

ئێستاش تەنیاو دڵ تەنگم، کەس نییە لەگەڵی بدوێم، کەسیش بەشداری خەمی بێسەریم ناکات. تێکەڵی کەسیش نابم، سەرشم نەماوە شەوانە لەئامێزی بگرم. لەگەڵ گۆچانەکەم بەوریایی لەم شارە دەسوڕێمەوە و دەگەڕێم بەدوای سەرم... کەچی ئەو خەڵکەی سەرمیان فڕاندوەو شاردیانەتەوە ئەوەندە گەمژەن ئێستاش بانگم دەکەن پیاوە بێسەرەکە.!

## ئممممممم!

**ئـــــەو** ڕۆژەی پۆلیســـەکان قۆڵبەســـتیان کـــردم وامزنـــی دەمبەن بۆ زیندانی کەچی فڕێمیاندایە ناو شێتخانەیەک !

بە پزیشکی شێتخانەکەم وت : من شێت نیم.

پزیشکەکە وتی : گوێت لە دەنگەکە دەبێت؟

وتم : ئممممممم!

وتـی : کەواتـە تـۆ شـێتی ! ئـەم شـێتخانەیە بـۆ کەوسـانەیە کـە گوێیان لە دەنگەکە دەبێت!

وتم : باشە چارەسەرێکمان بکەن!

وتی : ئممممممم... دەبێت چاوەڕوانبن!

وتم : تا کەی؟

وتی : ئمممممم!

سـەرەتا کـە گـوێم لـەو دەنگـە بـوو وامزانـی گـوێم کـاس بـووە یان هەر لەناو مێشکدا دەخولێتەوە.

لــه زۆر کەســم پرســی : ئایــا ئێــوەش گوێتــان لــەو دەنگــه هەیه، که دەڵێ ئمممممم؟
هەنــدێک کــەس وەڵامیــان نەدامــەوە هەنــدێکی تــر وتیــان : پەردەی گوێت تەنک بووە!
ســەردانی پزیشــکم کــرد، وتــی : بــەڵێ پــەردەی گوێــت تــەنک بووە!
لــەپاش هەفتەیــەک دەنگەکــە نەبڕایــەوە، گومــانم هــەبوو کــە ئەم دەنگە ناوازە لە شوێنێکەوە دێت!
پیاســەی نــاو شــارم کــرد تــا بتــوانم لــە دەنەگەکــە نزیــک بمــەوە کــەچی لــە هــەموو کۆڵانــەکان گوێبیســتی دەنگەکــە دەبووم .
شــەوانش کــاتێ هــاژەی کارگــەو ماشــێنەکان خــامۆش دەبــوون، هەســتم ڕادەگــرت و گــوێچکم شــل دەکــرد گــوێم لــە دەنگەکــە دەبــوو، تــا زێتــر گــوێم بــۆ شــل بکردایــە هەراسانتر دەبووم.
لەشــار دوور کەوتمــەوەو چوومــە ئــەو دەشــت و چۆڵــە ، گــوێم لــە هــیچ دەنگــێ نــەما. ئەمــەش تــاقی کردنەویــەکی باشبوو که دڵنیابم دەنگەکە لەناو شاردایە.
لـە پیرە مێردێکم پرسـی : ئـەم دەنگـە دەنگـە چییـە لـەناو ئـەم شارە دێ؟
وتی : کوڕم گوێچکم گرانە... دەنگت بەرزکە!
هـاوارم کـرد : بـاپیرە ئـەم دەنگـە چییـە لـەناو ئـەم شـارە دێ ؟

وتـی : ئمممممممممـم... ئەوەنـدە گوێمـان لـەم دەنگـە ڕاگـرت تا گوێچکمان گرانبوو.

وتم : من دەبێت سەرچاوەی ئەم دەنگە بدۆزم!

وتی : ئمممممممممم!

لـــە فەرمانبـــەری شـــارەوانی و دەزگاکـــانم پرســـی : ئێـــوە دەزانن ئەم دەنگە دەنگە لە کوێوە دێ؟

وتیـــان :ئمممــم...! ئێمــە گوێمـــان لـــە هـــیچ دەنگـــێ نییـــەو ڕسقمان مەبرە!

گومانم هەبوو ئەم دەنگە دەبێت نهێنییەیەکی تیابێت.

بـــە چـــاکترم زانـــی لـــە منـــدالانی شـــارەکەم بپرســـم، چونکـــە ئەوان دەتوانن بە ڕاستگۆیی وەلامم بدەنەوە.

هـــەر منـــداڵێ جـــۆرە ئەفســـانەیەکی بـــۆ گێڕامـــەوە؛ هـــەبوو دەیگوت : باوکم وتیەتی ئەوە گمە گمی کۆترەکانن؟

منـــداڵێکیتر وتـــی : مامۆســـتاکەم وتیـــەتی ئـــەوە پرخـــەی دێوێکی تووڕەیە!

هـەر کـەس شـتێکی دەگـوت لـە ئەنجامـدا بـۆم ڕوون بـوەوە کـە پـەردەی گـوێم تـەنک نـەبووە بـەڵکو ئـەم دەنگـە لـەناو شار هەیەو هەندێک کەس دەبیستن هەندێکش گوێگرانن.

کـۆڵم نـەدا و بـەدوای سـەرچاوەی ئـەوە دەنگـە وێڵبـووم، لـــەناکاو دوو پـــۆلیس قۆڵبەســـتیان کـــردم و وتیـــان: تـــۆ تێکچوویتە نابێت لە ناو شار بسوڕێتەوە.

وتم : هیچ تاوانێکم نەکردووە!

وتیان : دەنگەکە دەبیستی؟

وتم : ئمممممم.؟

وتیان : ئممممم... کەواتە خۆیەتی!

وتم : بۆ کوێم دەبەن؟

بە پێکەنینەوە وتیان : ئمممممممممممممممم!

## ئەفسانەی کچە درێژەکە

**ئەو** کچە درێژە ناوی ( ئەستێرە ) بوو، لە منداڵییەوە پێکەوە دەچووین بۆ ئەو دەشتەی دوور شار بۆ کنگرو کاردی کردن... ئەستێرە زۆر حەزی لە هەپلۆک و پیشۆک بوو، بۆم هەڵدەکاندو پاکم دەکردو و دەم کرد بەدەمیا. ئێمە لە منداڵییەوە هاوڕێ بووین کاتێ گەورە بووین لەیەکتر دوور کەوتینەوە، چونکە دایکم دەیگوت : بەسە کوڕم ئیتر لەگەڵ کچان یاری مەکە!

چاوەکانی ئەستێرە خەناوی سووربوو، قژی سوور تا سمتی شۆڕ کردبووەوە؛ ئەوەندە جوان بوو ئاگری لێدەباری. هەردووکمان لە قوتابخانەی سەرەتایی بووین، هەموو ڕۆژ بەدوای دەکەوتم تا ناو پۆلەکەی پاشان دەچومە پۆلەکەم و دادەنیشتم... لە گەڕانەوەش بە هەمان شێوە تا بەردەم دەرگایماڵیان بەدوایەوە بووم هەر کە دەگەیشتە ماڵ ئاوڕێکی لێمدەدایەوە... ئەو ئاوڕ دانەوە تینوویەتی دەشکاندم و دەبووە وێنەیەک تا ڕۆژی دوایی لەگەڵیا دەژیام.

لەو ڕۆژەوەی گۆنای مەمکی لە سەر سنگی قیت بوونەوە ئیتر شەرمی دەکرد لەگەڵما بدوێ ... ئەم مەمکانەش

بوونە نەگبەتی ماڵەوەیان پێیان وت : تۆ عازەبی ... دەبێ ببی بە کچی ماڵەوە ، بۆیە لە قوتابخانە دەریان کرد.
بەڵام بە دزییەوە نامەمان دەگۆڕییەوە... شەڕە شیعرمان بوو تا ئەو کاتەی ماچم کرد... ئیتر بووین بە شاعیرو هەمیشە بۆ یەکتر دەژیان.
تا خوێندنی سەرەتاییم تەواو کرد باڵامان ئەندازەی یەک بوو.. کەچێ دوای ئەوە ئەستێرە ڕۆژ بە ڕۆژ باڵای دەکرد و درێژتر دەبوو چەند ساڵێکی نەبرد ئەستێرە درێژ ترین کچی شارەکەم بوو... لە دڵی خۆمدا دەمووت ڕەنگبێ سەردەمی هەرزەکاری بێت . زۆرجار لە نامەکانی داوای لێ دەکردم کە بچمە داخوازی لەو دۆزەخە ڕزگاری کەم، منیش بەماڵەوەم وت: دەمەوێ ئەستێرە بخوازم... گاڵتەیان پێکردم وتیان : ژنی چی تۆ زانکۆ تەواوکە پاشان بێدلیت ناکەین.
چووم بۆ زانکۆ کەچی خەریک بوو دڵم بتەقێ و نەمدەتوانی لە دووری ئەستێرە ڕابێم، تا ڕۆژێک لە تەلەفۆن هەواڵی ئەستێرەم پرسی ، دایکم وتی: ئەستێرە ببینی نایناسیتەوە... بووەتە عاموود... ڕۆژ بەر ڕۆژ درێژتر دەبێت!
لەم هەواڵە شپرزەبووم بەپەلە گەڕامەوە ماڵ، کاتێ لە دایکم پرسییەوە چیبووە ؟.
وتی : ئەستێرە لە ماڵ نایتە دەر، ئەوەندە درێژ بووە ڕێک سێ ئەندازەی باڵای تۆی هەیە.
من و ئەستێرە هیچ شتێکمان لە یەکتر نەدەشاردەوە بۆیە یەکسەر چووم بۆ ماڵیان... کاتێ ئەستێرەم بینی باوەڕم نەدەکرد ئەم کچە وا فڕیوە بە ئاسمان.! سەری لە بنمیچی خانووەکە بوو دەیتوانی دەست هەڵبڕێ بیگەیەنێتە سەربان... ئەمە ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو!..

دیـار بـوو ئەسـتێرەش چـاوەڕوانی دەکـردم.. بۆیـە داوای لـە دایکـی کـرد کـە بەجووتـە لـە هەیوانەکـە بـەجێمان بهـێڵن.. هەیوانەکـەیان فێنـک و دڵگـراوە بـوو، نەمـدەزانی چـۆن بیـدوێنم... ئەسـتێرە وتـی : چییـە تـۆش وەک ئـەو خەڵکـەت لێهاتووە واقت وڕماوە؟

وتم : ئەمە شتێکی ئاسایی نییە ئەستێرە!

وتی : سەردانی پزیشک نەما نەیکەین ...

وتم : ئەی چی بە من دەکرێ؟

وتی : بمخوازە پێش ئەوەی بمرم.

وتـم : خواسـتنی چـی، جـارێ بـا ئـەم درێـژ بوونـەت چارەسەر کەین!

وتی : ئەم درێژ بوونەم بەکەس ناوەستێ ، بە تۆ نەبێت!

وتم : چۆن؟

وتـی : پـاش ئـەوەی بەسـەرهاتم بـۆ یـەکێ لـە پزیشـکەکان گێڕایەوە ، وتی لەوەبێ شوو کردنت تەنیا چارەسەربێت!

وتم : بەڵگەی چیبوو؟

وتـی : نـازانم، بـەڵام پزیشـکەکە وتـی لـە وەبـێ شـوو کـردن ڕێگا بگرێ لە باڵا بەرزیت!

وتـم : بـاوەڕ ناکـەم... بـەڵام مۆڵـەتم بـەرێ بیـری لێدەکەمەوە!

ئەسـتێرە تـوورە بـوو وتـی : مۆڵـەتی چـی..! ئـەی ئـەو هـەموو شـیعر نووسـین و عەشـقەمان چـی بەسـەرهات.. ئەمـە بیـر کردنـەوەی نـاوێ گـەر منـت خۆشـدەوێ دەبێـت یـەک دەقـە بـەفیڕۆ نـەدەیت.. ئـەوەش بزانـە مـن شـوو بەکەسـیتر ناکـەم گـەر بشـزانم لەمـەش درێژتـر دەبـم و دەمرم!

هـیچ وەڵامـێکم نـەبوو جگـە لـە چەنـد دڵۆپـە فرمێسـکێکی شەرمەزاری ... ئەستێرەم بە دڵتەنگی جێهشت.

لە خواستنی دوودڵ بووم چونکە درێژیەکەی ئاسایی نەبوو... لەگەڵ ماڵەوە باسم کرد و وتم : لە منداڵییەوە ئەستێرەم خۆش ویستووە ئەمەوێ بیخوازم..! هەموو گاڵتەیان پێکردم وتیان : تۆ شێتی ئەم کچە قاچی لە عەرزە و سەری لەئاسمان ، جارێ سەبر بگرە بزانە چی بەسەردێ؟

وتم : چی بەسەردێ خۆ کورتتر نابێتەوە!

دووبارە سەردانی ئەستێرەم کرد و پێم وت: ئەستێرە گیان ئامادەم بتخوازم ئەگەر لەوەش درێژتر بیت بەس سەبرم لێبگرە!

وتی : من زۆر چاوەڕوانم کردی... تۆ کەسێکی دوودڵی ناتوانی بڕیار بدەی.

وتم : ڕاست دەکەیت.

ئەستێرە چاوی بە حەوشە گێرا کەس دیار نەبوو لە باوەشی گرتم و ماچێکی قولی دەمی کردم.

بە قوڕگی پڕ لە گریان ئەستێرەم بەجێهێشت. گەڕامەوە بۆ زانکۆ تا هەفتەیەک دانم بەخۆما گرت و هەواڵیم نە پرسی کەچی لەو هەفتەیە بۆ ساتێکش ئەستێرە لە ئەندێشەم نەسڕایەوە.

هەردەم لە ژێر باران دەگریام و شەقامەکانم دەپێوا... ئاگری عەشق گڕی تێ بەردام، چوومە نەقلیات یەکسەر گەڕامەوە بۆ شارەکەم؛ بڕیارمدا بە قسەی کەس نەکەم ئەستێرە بخوازم.

کەچی کاتێ گەیشتمە کۆڵان بینیم تەرمی ئەستێرە دەبەن بۆ گۆڕستان. !

هاوارم لێهەڵسا و دام لە پرمەی گریان... گریانێکی پڕ لە ئازار تا ئێستاش کڕ نەبوومەتەوە!

# دلێر

**(پیشکەش بەتیپی شانۆی ئەزموونگەری شارەکەم)**

**لە** گەرمی نیوەڕۆی هاوین ئەکتەرەکان پرۆڤەیان دەکرد منیش لە بەردەم تەختەی شانۆ دانشتبووم.

وا دیاربوو ئەمجارەیان دەقێک نەبوو لەسەری پرۆڤە بکەن بۆ نەرم کردنی لەش سەمایەن دەکرد.

کاردۆ: (لێی پرسیم) مامۆستا سەری بابەتێکمان بدێ تا پرۆڤەی لەسەر بکەین.!

مامۆستا: دلێر!( دلێر هاوڕێی منداڵیم بوو لێم ونبووە.(

شکۆ : دلێر ( شکۆ هەمیشە دەم بە هاوار بوو.(

فریاد : دلێر کێیە؟ ( فریاد حەزی بە گێچەل کردن هەبوو.(

هەردی: باوکی ناوی ناوە دلێر.( هەردی نووسەرێکی سەر لێشێواو بوو.(

ژیان : من دلێر دەناسم . ( ژیان کچێک بوو خۆشەویستی لێ قەدەخە کرابوو(

)دەرهێنەر لەسەر تەختەی شانۆ دانشتبوو چەند پەڕەیەکی بەدەستەوە بوو هەر لولی دەدا بە پەنجەکانی گەمەی بە پێنووسەکەی دەستی دەکرد(

کاردۆ : ژیان تۆ دلێر لە کوێ دەناسی؟.

ژیان : دلێر هاوژیانم بوو.!

فریاد : بلّێ دەنکم بوو.

شکۆ : بۆ جێی هێشتی؟

ژیان : گووتی من ناتوانم بەختەوەرت کەم ناشمەوێ بەشداری خەمەکانم ببیت!

کاردۆ : کەواتە دلێر خەمی هەبوو.

هەردی : ژیاننامەی دلێر دەنووسمەوە.

فریاد : دلێر لە کوێیە؟

شکۆ : دلێر سەری خۆی هەڵگرتووە.

کاردۆ : لەسەرەتا با بزانین بۆ ناویان نا دلّێر؟

هەردی : باوکی ناوی لێنا.

کاردۆ : کەواتە پێوەستمان بە دلێرێک بوو لەم دۆزەخە ڕزگارمان کات.!

ژیان : چەندین ساڵە لەگەڵ خۆشەویستی دلێر دەژیم چاوەڕووانم ڕۆژێک بگەڕێتەوە.!

شکۆ : ژیان ئومێدێکی هەیە! ئەی من چاوەڕووانی چیبکەم ؟

فریاد : چاوەڕووانی هیییچ مەبە چونکە تۆ لە ناو هیچە هیچ نیبت!

کاردۆ : کاتی قسەی زڵ نییە. با بە هەمووما‌ن دلێر بدۆزین.
فریاد : دلێر بۆ ژیان!
شکۆ : ژیان یان ژان؟!
ژیان : دلێر ئازیزەکەم تەنیا لەگەڵ تۆ بەختەوەر دەبم.
کاردۆ : بابزانین دلێر بۆ ژیان و نیشتمانی جێهێشتووە؟
شکۆ : لەم دۆزەخە، دەرفەت بۆ هەریەکێکمان ڕێککەوێ بەجێی دێلین.
فریاد : دلێر ڕقی لە ناوەکەی خۆی بوو لە شەرما بە جێی هێشتین.
کاردۆ : کێ دەڵێ دەیویست ببێ بە دلێر. لەوانەیە ئارەزووی کردبێ وەک کەسێکی ئاسایی بژێت!
ژیان : بۆ کەس ئەتوانێت بە ئاسایی بژێت لە نیشتمانێک خۆشەویستی تیا قەدەخە کرابێ!
شکۆ : نیشتمانێک کوشتن و بڕینی تیا حەلال کرابێ!
هەردی : دلێر بەچاوی خۆی بینی چۆن نیشتمانیان پیرۆز کرد بۆ ئامانجەکانیان .
کاردۆ : کەواتە دلێر لە بێزارییەوە بە جێی هێشتین بەدوای ژیانێکی بەختەوەر دەگەڕێت! بەڵام ئایە دەتوانێ بەختەوەر بێت کاتێ خاوەنی ئەم ڕابوردوە بێت؟
ژیان : دەیگوت ئەم نیشتمانە هەموو جۆرە نەخۆشییە دەرونیەکانی لەناو دایە!
فریاد : کەواتە ئێمە لە شێتخانە دەژیین.

کـاردۆ : ژیـان... حـەز دەکـەم باسـی دلێـر مـان بـۆ بکـەیت. دەبێ ئەو نوخبە بێ؟
شـکۆ : هـەر کەسـێ هـاتوو وامـانزانی نوخبەیـە کـەچی لـە ئەنجامدا گەندەلتر چوو.
ژیـان : دلێـر دەیزانـی نـاتوانێ لێـرە گۆڕانێـک دروسـت بکـات ناچـار سـەری هـەڵگرد تـا بتـوانێ خـۆی بگـۆڕێ یـان باشـتر بڵـێم چارەسـەرێک بدۆزێتـەوە، مـن لەخۆشەویسـتەکەی دڵنیام بەڵام لەگەڕانەوەی دوو دڵم.
هەردی : ئەگەر بۆ سەردانیش بێ دەگەڕێتەوە.
کـاردۆ : کورینـە کەواتـە ئێمـە دڵنیـاین کـە دلێـر هەیـە؛ دلێـر هـەڵگری خـەم و ئازارەکانمانـە بـەس چـۆن بتـوانین دلێـر بدۆزین لەگەل خۆی بدوێین.!
کارگـەر : مـن دلێـرم ( کارگـەر ئەکتەرێکـە هەمیشـە لەسـەر کات نایەت بۆ پرۆڤە(
ژیان  : تۆ رووخسارت بە دلێر ناچێت.
کارگەر : باشە من هەموو نهێنییەکانی دلێرم لایە.!
شکۆ : باشە هەندێکیمان بۆ باس کە.
کارگەر : سەرەتا برسیمە شتێکم بەنێ بیخۆم.
ژیـان  : وا دەچـم بـزانم لەتکـە نانێکـت بـۆ نـا دۆزمـەوە.( دەچێتە دەرەوە(
فریاد : ئەم سەگە نەوسنە.
کارگـەر : سـەگ بـە وەفایـە، گـوێ بگـرن تـا ژیـان لێـرە نییـە قسەی مەلایکتان بۆ بگێرمەوە.
هەردی : پەلەکە بڵێ.

کارگــەر : مــەلای گوندەکــەی دەم خاســە هەفتــەی رابــردو کەسـێک لەسـەر کـەر گـایین دەگـرێ پێـی دەڵـێ چنگـێ جـو بدە بەکەرەکە خوا لە گوناهت خۆش دەبێ.

فریاد : ئەم قسەیە کۆنە.!

کارگـەر: باشـە بـەس دوێنـێ هـەمان کورپـان گرتـووە لەگـەل ژنێــک نووســتووە، مــەلا خوتبــەی داوە کــە کوشــتنی هەردووکیان حەڵاڵە.

شـکۆ : ئێمـە دەزانـین لـەم وڵاتـە کوشـتن حەڵاڵـە، قسـەکردن حەرامـە، بـەس تـۆش هـەڵمان مەخـەڵەتێنـە باسـی دلێـر مـان بۆ بکە.

کارگەر : دلێر... با نانەکەم بخۆم!

ژیان : فەرموو فەلافلە حەیاتەکەیە.

فریاد : دەباسی کە.

کارگەر : باسی چیمان دەکرد؟

شکۆ : قوزەلقورد.. باسی دلێر بوو.

کارگەر : نا نا باسی حەڵاڵ و حەرام بوو.

هەردی : باسی دلێر بوو

کارگەر : دەزانم ، بەس ئێوە نازانن باسی دلێر حەرامە.

کاردۆ : بە خوا تۆش زۆل دەرچووی.

کارگەر : زۆل کوا هەیە، نێرو مێ کۆرپەیان دەبێ.

هــەردی : گێــژە ئێمــە یــەک ســەعاتە بــە دوای دلێــر دەگەڕێین.

کارگەر : ئێوە سەیرن من لە ناوتانم بەفێڵ نانێکم لێ سەندن بۆ ڕێز لە من ناگرن ، چاوەڕوانن دلێرێک بێت فانتاسیەکانتان بۆ بهێنێتە دی.
کاردۆ : نا ئێمە دەزانین هەموو بۆ دلێر ئێرەی جێ هێشت بەدوای چ پرسیارێک وێڵە بەس حەز دەکەین بەم ناوە ترسێک دروست کەین.
قەرەج : لەم وڵاتە ترس نەماوە هەمووی بە پارە دەکڕن دەفرۆشن .( قەرەج خۆی بە فەیلەسوف ئەزانێ(
فریاد : ها قەرەج ئەمڕۆ فەلسەفەی چیت بۆ هێناوین؟.
قەرەج : فەلسەفەی ئاشتبوونەوە.
کاردۆ : کێشەمان لەگەڵ کەس نییە تا ئاشتمان کەیتەوە.
قەرەج : ئێوەو دەسەڵات ئاشت دەکەمەوە.
هەردی : بابەتەکەی ئێمە لەسەر دلێرە!
قەرەج : دلێر ئەو کەسەی بە قسەی نەکردم.
شکۆ : بۆ دلێر دەناسی؟.
فریاد : هەڵمان مەخەلەتێنە چی دەزانی بیڵێ؟
قەرەج : باشە، دلێر دەیویست ئەم دۆزەخە بکات بە بەهەشت کە ئەمەش ناکرێت، بۆیە بە دوای مردن گەڕا ترسنۆکیش بوو نەیتووانی خۆی بکوژێ...
ژیان : تۆ کەسێکی مشەخۆری ... دلێر ترس لە دڵی نەبووە.
کاردۆ : دلیَر ئەو کەسە نییە تۆ بیناسیت، دلێر زانی فەلسەفەکەت فشەیە لێت دوور کەوتەوە.

فریـــاد : مـــن زانـــیم ئـــەم قەرەجـــە نووســـینەکانی و کردەوەکانی لەیەک دوورن.
قەرەج : کەواتە من لەم دەقە بەشداریتان لەگەڵ ناکەم.
شکۆ : بچۆ لە گۆشەیەک دانیشە باشترە.
) قەرەج دەچێتە دەرەوە(
کـاردۆ : دەتانـەوێ لەســەر دلێـر بـدوێن یـان پـێ دەچـێ نەگەینە ئەنجام ؟.
ژیـان : تـا بـەیانی باسـی دلێـر کـەن بێـزار نـابم، بـە هەمووتان بگەڕێن خۆشەویستەکم بدۆزنەوە.
کارگەر : من بیستوومە دلێر دەگەڕێتەوە .
فریـاد : بـۆ کـوێ دەگەڕێتـەوە، ئـاوی خـواردن نـەماوە لـەم نیشتمانە.
کاردۆ : من بزانم دلێر ڕقی لە مێژوو بووەتەوە.
شکۆ : چۆن؟.
هەردی : مێژوو دووبارە دەبێتەوە.
کـاردۆ : شـتێ لـەو بابەتـە، کـاتێ دەبینـێ پـاش سـەرکەوتن دلێرەکان دەبنە دەیان بەش.
کارگـەر: بەشـێک دڕنـدە، بەشـێک پووچـەل؛ بەشـێک لـە بیـر چوو، بەشێک نەخۆش...
کـاردۆ : ئێمـە هـەموو ئەمانـەمان زانـی... کـاتێ نەخۆشـێک هەبێ چۆن بتوانین چارەسەری بکەین؟.
شکۆ : ئەمە ڤایرۆسە!

کاردۆ : برادەرییینە بۆ ئیمە نەتوانین کۆمەڵگە چاککەین؟ . با وادانێین هەموومان نەخۆشین چیبکەین؟

شکۆ : پێویستمان بە دکتۆرە.
فریاد : بڕوام بە دکتۆر نییە، ئەوانیش لەم کۆمەڵگایە نەخۆشەن.
هەردی : کەواتە چاوەڕێی دلێر دەکەین.
ژیان : دەرمانی من دلێرە.
کاردۆ : با چاوەڕوانی شتێ نەبین کە دڵنیانین هەیە یان نییە؟.
ژیان : دلێر هەیە!
کاردۆ : تۆ لە دنیای خۆتا بژی، بەس من جیاوازم ... دەمەوێ چیتر بە ناوی خەیاڵی نەمترسێنن.
کارگەر : بەهەشتێکی خەیاڵمان بۆ دروست نەکەن.
ژیان : بۆ من ئەم خەیاڵەم خۆشترە وەک لەم واقعە دۆزەخەی کە ناتوانم باوەش بە خۆشەویستم بکەم.!
شکۆ : لە سەرەتاوە زانیم ئەم بابەتە نابێت بە دەق!
کاردۆ : بۆ؟
شکۆ : بێ هوودەین.
فریاد : پووچ هەر وەک بەرهەمی درەختی شارەکەم.
هەردی : وابزانم بەرەو کۆتایی نووسینی دلێر دێم ، بەداخەوە نەمتوانی ژیاننامەی تۆمارکەم.
کاردۆ : ئێوە هەمیشە بە دوای بابەت دەگەڕێن بەلام کاتێ دەزانن کێشەکە ئالۆزە کۆل دەدەن.

شکۆ : چی بکەین؟
کارگەر: ڕۆژو شەو بنێنە سەریەک تا لەئەنجامدا وەڵامێک دێتە دی.
کاردۆ : من دەزانم ئەمە جوانتریین دەقی لێ دەردەچێ، مامۆستا سەربەخۆ ئەم دلێر ناوەی بۆ دانەناین!
ژیان : هەموو شتێک پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە، کاتێ تۆ شتێکت خۆشویست هەوڵی بۆ دەدەی، من دلێرم خۆشدەوی ئەو خۆشەویستیە وا دەکات چاوەڕووانی بم. ئێوە بەدوای چارەسەری کێشەکانتانن دەتانەوێ کەسێکی تر دەرمانەکەتان بۆ بهێنێ، ئەو کەسەش دەزانێ کێشە دەرونییەکانی ئێوە دەرمانی نییە لە دەستان ڕا دەکات.
کاردۆ : ئێمەش کۆڵ دەدەین، خەڵکێکی تر دێ دەڵێ نیشتمان لە خەتەرە کێشەکانتان بدەنە لاوە پاش سەرکەوتن هەموو نەخۆشییەکانتان چارەسەر دەبێ و نیشتمان دەبێتە بەهەشتێک بۆ هەمووان.
کارگەر : بۆ خۆیان.
شکۆ : ئێمە دەزانین دلێر دەزانێ ئێمە هەموو لە مردن یەکسانین، ئیتر ئەم ونبوونەی دلێر بۆچی؟.
کاردۆ : کاتێ کەسێک دەمرێ ئاساییە. بەڵام ئەگەر ئەو کەسە نزیکمان بێت و بیناسین کاردانەوەی دەبێت.
ژیان : دلێر دیگوت کاتێ مردن هەبێ ئەم شەڕو یەکتر ئازاردانە بۆ چی؟ یان مرۆڤ لە دەروونیدا درندەیی هەیە حەز بە خواردنەوەی خوێن دەکات.

فریـاد : ئێمـه گوتمـان شـتەکان لای دلێـر دووبـارەن ... ئـەم بابەتەش ڕەنگبێ ڕەنگدانەوەی دەقەکانیتر بێت.
کارگـەر: لـه دووبـاره کـردن مەترسـن، ژیـان لـه دایـک بـوون و مردنه...ئەمەش هەزار بارەیە.!
کـاردۆ : ئـەم هــەویره ئـاو زۆر دەکێشــێ، بـا پشــوویەک بدەین.
دەرهێنەر: بەردەوامبن شتێکم لا گەلالە بووه.
)لــەم کاتــه دایکــێ هــات دەســتی کوڕەکــەی گرتبــوو، کوڕەکەی ڕیشێکی سووری هەبوو(
دایــک : گــوێم لــه دەنگتــان بــوو نــاوی دلێــری کوڕمتــان دەهێنــا، ئەمــه دلێــره تووشــی نەخۆشــی ئمنەژیــه (Amnesia)هاتووه.
ژیان : ئمنەژیه چییه؟
دایـک : واتـه لـەبیر چوونـەوه، ئێسـتا دلێـر مێشـکێکی بـەتاڵی هەیه کەس ناناسێ وەک کۆرپەیەک بەخێوی دەکەم.!
دەرهێنەر: جوانترین دەقی شانۆ.
کـاردۆ : دەقـی شـانۆی چـی؟ ئەمـه چارەنووسـی هـەمووومان دەبێ.!
دایک : هەی خوا ئەوانه بگرێ وایان له کوڕم کرد!
) لـەم کاتـه مـن هەڵسـام و چوومـه دەرێ، گـوێم لـه دەنگـی ئەکتەرەکان بوو(
ئەکتەرەکان : خوا بیان گرێ ... خوا بیان گرێ.

## ڕوناکی

**وەک** شەمشەمە کوێرە لە ژوورێکی تاریک و خانوویەکی دارماو دارزاو دەژیاین، دیواری قایەو گەچی بۆرو قاوەیی ژەنگ گرتووی ساردو سڕ، تەرشووحەکەی قنگی دەتزانین.

کونە ئەشکەوتێ بوو تیشکی خۆری بەر نەدەکەوت، ئەگەر لە ژوورەکە بهاتینایە دەرەوە بۆ ماوەیەک چاومان دەچوقاند تا هاوێنەی چاومان لەگەڵ ڕوناکی ئاشنا بێتەوە .

باوکم دەیگوت: لە سەرەتاوە باپیرتان ئەم خانووەی بە سەقەتی دروست کردووە، بیری لە ڕوناکی نەکردووەتەوە.

دایکم دەیگوت : دەی پیاوەکە ئەوان هەر ئەوەندەیان لێدەزانی.

باوکم لەسەردەمی بەعس بەدزییەوە لە پشتی خانووەکە کونێکی کرد تا ژوورەکەمان ڕوناک کاتەوە، کەچی چەند ڕۆژێکی نەبرد هاوسێکەی پشتی ماڵمان ئیخبارییان لێکردین، ئەمنەکان هاتن کونەکەیان پێمان سواخدایەوە، شەو و ڕۆژمان تاریک و تاڵ بووەوە.

هەرچەنـــدە بـــە گلـــۆپێکی ســـەتی ژوورەکـــەمان ڕونـــاک دەبـووەوە بـەڵام دەبوایـە ئـەم گلۆپـە هـەردەم داگیرسـایە، بەشەویش گلۆپێکی سفری سوورمان دادەگیرساند.
ئێســـتاش دێتـــە یـــادم گـــەچ و دیـــواری دارڕزاوی ژوورەکـــە وەک تابلۆیـەکی قـاوەیی ژەنگـاوی بـوون، ڕوومـەتی دایکـم و هەموو شتەکانی ماڵ سوور هەڵدەگەڕان.
نـەبوونی و دەسـت کـورتی و تـاریکی دڵتـەنگی کردبـووین ، وەک کـوێر خۆزگـەو ئاواتمـان تـۆز قـاڵێ ڕونـاکی بـوو؛ دایکـم لەسـەر بـەرماڵی نـوێژکردن ڕۆژانـە دوعـای دەکـردو لـە خـوا دەپاڕایـەوە دەیگـوت : خوایـە بـۆ گـەورەیی خـۆت ڕەحمـی بـەم میللەتـە بکـەو بـە نـوری خـۆت ئـەم کافرانـە بسوتێنە، ڕوناکی بۆ ماڵمان بهێنە .
هـەر لـە پێنـاو ڕونـاکی کـاوەی بـرام لـە پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکان ڕەمی کراو پارەی گولەکەشیان لێمان سەند.
ئەوکاتـەی تەرمەکـەیان بـۆ هێنایـنەوە باوەڕمـان نـەدەکرد چونکـە ئـەو برایـەم خـۆی لـە کـاری تـەنزیمی وەرنـەدەدا، بەڵام هاوپۆلەکانیان بۆ مانیان گێرایەوە:
لـە محازەریەکـدا کـاوەی بـرام لەسـەر بابـەتی ڕونـاکی قسـەی کـردووە وتیـەتی : بـۆ وێنـە گـرتن پێوسـتمان بـە ڕوناکییـە، کـامیرا لـە تاریکیـا پێویسـتی بـە فـلاش لایتـە، ئێمـەش لـە تاریکیـا نـاتوانین هـەنگاو بنێـین، گـەر ژیانمـان تاریک بێت چاومان بۆ چییە؟ ڕوناکی سەرچاوەی ژیانە.
باسـی ماڵـەوەمانی کردبـوو کـە وەک ژوورێکـی زیندانییـە، وتییـەتی: لەبـەر نـەبوونی ڕونـاکی و تیشـکی خـۆر ڕەنگـی خوشـک و براکـانم سـپی هەڵگـەڕاون ... دەڵێـی تـازە لـە زیندانی ئازاد کراون.

دوای ئـــەو ڕۆژە لەبـــەردەم خوێنـــدکارانی پەیمانگـــە کـــاوەی برامیـان ڕەمـی کـردووە و گوتیانـە : ئـەم خوێنـدکارە وشـەی ڕوناکی وەک ڕەمز بەکارهێناوە.

لـــە یـــادی چلـــەی کـــاوەی بـــرام باوکیشـــم لەسەرشـــەقامی کۆڕنیشـــــی دەم خاســـــە بەســـــواری پایســـــکیلەکەی بەردەبێتەوەو گیان دەسپێرێ.

بـەو ڕۆژگـارە دایکـم دوعـای لـە دەسـەڵات دەکـردو دەیگـوت : دەک ئینشـاڵڵا خـۆر دەتـان سـووتێنێ لـە قـەبرش جێگاتـان نابێتەوە.

دوعاکـانی دایکـم هاتـە دی و بـەعس ڕووخـاو، یەکسـەر بێـڵ و قازمـەم هێنـا دوو کـونی گـەورەم لـە ژوورەکـەمان کـرد، یـەکیانم بـە شووشـەی نیومـەتری گـرت و کونەکـەی تـر پەنجەرەیەکی یەک مەتری چوار گۆشەییم لێبەست .

دایکـم دڵـی زۆر خۆشـبوو دەیگـوت : خۆزگـە کـاوەی بـرات و باوکت لە ژیان بوونایەو ئەم ڕوناکییەیان بدیبایە.

بـــە داخـــەوە تەمـــەنی ئـــەم ڕوناکییـــەمان کـــورت بـــوو، هاوســـێکەمان ســـەری کۆڵانەکـــەیان کـــرد بـــە بـــازاڕێکی قەیســـەری و خانووەکـــەمان کەوتـــە بەرســـێبەری تـــەلارێکی چوار نهۆمی.

لەگـەل دایکـم لـە مـاڵێکی تاریـک و ساردوسـڕ ماینـەوە، پارەشـمان نـەبوو بیـڕووخێنین و سـەر لـەنوێ دروسـتی کەینـەوە، بـە دایکـم وت : دایکـە گیـان تـۆ پیـر بوویتـە و پێوسـتیت بـە تیشـکی خـۆرە تـا پێیـەکانت تووشـی ڕۆماتیسـم نەبوونـە بـا خانووەکـە بفرۆشـین، دایکـم دڵـی نەشـکاندم و ڕازی بوو.

خانووەکـەم بـە نرخێکـی بـاش فرۆشـت بـە هاوسـێ زۆڵـو چـاو چنۆکەکـەمان. ڕۆژێ دوای بارکردنمـان خانووەکـەیان

بــه شــۆفڵ تــەخت کــردو کردیــان بــە گــەراجی ئۆتــۆمبیلی مۆنیکا وبی ئێم و لەنگرۆزەری جام ڕەش.
ئێسـتا لەگـەڵ دایکـم لـە دوور شـار خانوویـەکی کـراوەو پـڕ لـە پەنجـەرەمان دروسـت کـردووە، کـە لەهـەموو لایەکـەوە ڕوناکی دڵی دایکم دەداتەوە .
سـپێدە کـاتێ گزنـگ دەردەکـەوێ مـن و دایکـم بـاوەش بـە تیشـکی خـۆر دەکـەین، ئێـوارانش کـاتێ خـۆر نزیـک دەبێتـەوە لــەئاوا بــوون ڕەنگــی پرتــەقالی و ئاســمانی ســوور مــاچ دەکەین، وەک پەپوولە بۆ ڕوناکی دەسووتێن
و بیر لەجوانترین و گەشترین ئایندە دەکەینەوە.

## شەهید ئارام

**لــە** بیرمــە ئــەو کاتــەی منــداڵ بــووین یــاری شــانۆگەری ( مــردن ) مــان دەکــرد... هەریــەک لــە ئێمــە دەبوایــە هــەڵبژێرێ لــە ژیــان چــۆن دەیــەوێ بمــرێ ...! ، ئەگــەر بــە ڕووداوی ئۆتۆمبیل بوایـە ئـەوە یـەکێ خـۆی دەکرد بـە ئۆتۆمبیلو ملـی پێــوە دەنــاین. یــاخود لەســەربان بەربینــەوە ئــەوە لــە بەرزاییــەک خۆمــان بەردەدایــە خــوارەوە، هــەر شــەوەی دەیان جۆر مردنمان هەڵدەبژارد.

هـەر لـە کوشـتن و بـڕین تاخنکانـدن و سـووتاندن!، لـە نـاو هــەمووومان تــەنیــا ئــارام ڕازی نــەدەبوو بکــوژرێ... دەیووت: من حەز بە یاری کوشتنو بڕین ناکەم.!

جـار هــەبوو دەبــووین بــە دوو بــەش، بەشـێک پێشــمەرگە ئـەویتر دوژمــن . بـەڵام دوژمنــەکان نـابوو بـەکوردی قســە بکـەن... خوڵــە منـداڵێکی چــەتوون بــوو لــەناومان دەیــووت: مــن دەوری جــاشو خــۆفرۆش دەبیــنمو، بــەکوردی قســە دەکەم.

ئێمــەش ئەوەنــدەیتر ڕقمــان لــە خوڵــە دەبــوەوە وامــان دەزانــی ڕاســتییە بەکــەیفی خۆمـــان دارکاریمـــان دەکــرد. خوڵـــە جاشیش لە ناو هەمووومان دەچوو ئارامی دەکوشت.

ئـارام دڵـی ناسـک بـوو و تـوورە دەبـوو، دەیـوت: مـن نـەمووت ئـەم یارییـە ناکـەم ... بەتایبـەت گـەر جـاش بمکوژێ ئەوە دووجار دەمرم.
خوڵـەش دەیـوت : بـاوکم دەڵـێ گـەر کەسـی ئـازاو زیرەکمـان لەناودا هەڵکەوێ ئەوە خۆمان دەیکوژین.
زۆربـەی کـات دوای یـاریکردن دەبـوو بەشـەڕمان و دایـکو باوکمـان کـە لـەبن دیوارەکـان دانیشـتبوون پیلیـان دەگـرتین بـەرەو مـاڵ دەیانبردینـەوە، جـارش هـەبوو بنـەگوێچکمان سوور دەبووەوە لەگەڵ لێدانی لنگە نەعل.
ئـەو کاتـەی گـەورەش بـووین لەگـەڵ هاوڕێکـان یـەکترمان دەدی لامـان سـەیر بـوو تەمسـیلکردنی منـداڵیمان بووەتـە ڕاسـتی..!، تـەنیا ئـارام نـەبێت پێـی دەوتـین : گـوێ مـەدەنێ نەخشـەو پلانـم دانـاوە هـەمووتان لـەم شـانۆگەرییە ڕزگـار دەکەم.
بەڵام بەداخەوە زۆری نەبرد ئارام بەدەستی جاش کوژرا.
ئـەو کاتـەی هەواڵەکـەمان بیسـت هـەمان هـاوڕێی منـداڵی کۆبووینەوە، بە هاواری تەرمەکەی ئارام چووین.
شـەو لـە گونـدێکی قـەرەداخ نووسـتین کـە بـەدارو درەختـەکانی دەگەشـایەوە ئـەو شـەوە ئەسـتێرەکان ئەوەنـدە نـزم بـوون دەتویسـت بەدەسـت بیگریـت، مـن هـەموو ڕووخسـاری ئـارامم دەهاتـە پـێش چـاو. جوولانـەوەکانی و قسـەکردنی، هەروامـدەزانی لەسـەر کۆلانەکەیـەو ئێسـتا دەگەڕێتەوەو یاریمان لەگەڵ دەکات.
لەخـەیاڵی یادەکـان بـووم لـەپڕ بینـیم دوو ئەسـتێرە بـەرەو لایـەک دەچـوون و جـووت دەبوون،لەمنداڵییـەوە بیسـتبووم ئەسـتێرەی عاشـقەو باشـقە هەیـە بۆیـە زوو ئـاواتم خواسـت: خودایە... ئارام زیندوو بێتەوە.!

شـەو نـازانم چـۆن نووسـتم بـەڵام لەگـەڵ بـەیان هاوڕێکـانم بێـداریان کردمــەوەو نـوێنو پێخەفـەکانمان بــەرەو ماڵــەکان گەڕانــدەوەو نــانی بــەیانیمان خــواردو هــەموو لەبــەردەم چەمەکـە ڕاوەسـتا بـووین. پلانمـان دانـا کـە بـەرەو ئـەو شوێنە بچین کە ئارامی تیا شەهید کراوە.!
لـەپڕێکا ئارامـان بینـی شـۆر دەبـووەو بـەرەو گوندەکـە...؟!
چاوێلکەکــەی ووردو جــوانی کردبــوو، کۆڵــە پشــتەکەی بەدەسـتییەوە گـرتو لـە خۆشـیا هـاواری دەکـرد : هـاوڕێ شیرینەکانم بۆ لام هاتوون.!
ئێمــەش یــەک بەیــەک باوەشــمان پێیــا کــردو گریــاین بەپێکەنینـەوە وتـی : کـورە عەیبـە بـۆ ئێـوە دەگـرین مـن وامزانی هاتوون یاری منداڵی بکەینەوە.
نەمانـدەزانی چـی بـە ئـارام بڵێـین، بۆیـە هـەموومان چاومـان لەیـەکتر قرتـان و ڕاسـتی هاتنـەکامان پێنـەووتو گەڕایینـەوە ناو ئاوایی.
بەبۆنـەی گەڕانـەوەی ئـارام ، خـەڵکی ئـاوای کردیانـە شـایی بــــەزمو ڕەزم دووســــێ بــــەرخ و بزنیــــان ســــەربڕی، منداڵەکانش هەموو گیرفانیان پڕ کرد لە کونجی و نوقڵ.
پاشــان ئــارام بــەرەو نــاو چەمەکــە بردمــانی و باســی سروشـتی جـوانی کوردسـتانی بـۆ دەکـردین. لەگـەڵ بینینـی جۆگەلــە و زیــخ و چــەو نوشــتایەوە و قــومێ ئــاوی خــواردەوە، ئینجـا وتـی : ئـەم دیمەنـە شـیعرەکانی مامۆسـتا گۆرانم بەبیر دەهێنێتەوە.
لەگــەڵ ووتــەکانی ئــارام ، درەختــەکان ســەمایان دەکــرد، گـەڵاکان وەک پەپوولـە دەفـڕین، شـۆڕەی جۆگـەی چەمەکـە ئــاوازێکی دەخوێنــد هــەرگیز نەمانبیســتبوو. ئــارام ببــوە مایسـترۆو دەسـتەکانی دەجوولانـد، چۆلەگـەکان پـۆل پـۆل لێمان دەئالان، سەرمان سوورمابوو.

هەستمان کرد ئارام گەشتی ژیانێکیتری پێکردووین!،
زۆری نەبرد بینیمان ئارام بە زمانی درەخت و گەڵاو باڵندەکان دەدوا، هاتەوە یادم کە ئاواتم خواستبوو ئارام زیندوو بێتەوە، ڕەنگبێ ئەستێرەکان ئاواتەکەمیان هێنابێتە دی.
کاتێ ئارام بە تەنیشتمانەوە ڕێگای دەکرد روحە پاکەکەینمان دەبینی وەک باڵندەکان دەفڕییە سەر درەختەکان و وەک فریشتە دەگەرایەوە لامان.
ئێمە نەماندەزانی چۆن پێی بڵێین : تۆ کوژراوی .. تۆ شەهیدی... ئێمە هاتووین تۆ بنێژین.
هەروەک منداڵی جاران لەگەڵ ئاوازو روحەکەی ئارام یاریمان دەکرد، یارییەکەمان باڵندە ودرەختی چەمەکەی هێنابووە هەژان. یارییەک بوو قەد تام و چێژی تەواو نابن..
ئارام بەروحە جوانەکەیەوە هاواری دەکرد : لە منداڵییەوە دەمویست ئەم یارییە بکەین.!
راستی دەکرد ئارام نەبوایە ئێمە هەرگیز فێری ئەم یارییە روحیە نەدەبووین، یارییەک پڕ لەعەشق و ئازادی، دوور لە تفەنگ ونیشان گرتن.
گەشتەکەمان لەگەڵ ئارام تا ئێوارە بردە سەر نەمانزانی چۆن کات ئاوا خێرا تێپەڕی، نە هەستمان بە برسیەتی ونە بەماندوبوون کرد، کاتێ تاریک داهات زۆرمان لە ئارام کرد لەگەڵمان بگەڕێتەوە.
وتی : بەداخەوە ناتوانم، هاوڕێکانیتر چاوەڕێم دەکەن.!
دووبارە ئارام مان جێهێشتو گەڕاینەوە ناو ئاوایی، شەو بینیمان ئەستێرەکان دەگەشانەوەو دەبارینە ناو چەمەکەو بە تیشکی ڕووناکیان ئارامیان لە ئامێز دەگرت و هەڵدەکشانەوە بەرەو ئاسمان.

## گوله هەڵوەرییوەکانی زێی تەق تەق

**( گوستیلەم لەئەنگوستی شەونم بەست و بەلێنماندا چاوەڕوان بین تا بۆ یەکتر دەبین)**

**ئەو** ڕۆژەی ماڵی شەونم چوون بۆ سەیران بۆ ناوچەی تەق تەق و شێوە سوور، تا ئێوارە لەسەر کۆڵان ڕاوەستام و چاوەڕێی هەواڵێکی شەونم بووم . لەناکاو دایکی شەونمم بینی بە شیوەن و ڕۆڕۆ بەرەو ماڵمان دەچوو و هاواری دەکرد: بەکر و مێردەکەم شەونمیان خنکاندووەو پلانیان داناوە ڕێبوارش بکوژن.

بەسەرهاتەکەی بەم شێوەیە گێڕایەوە:

بڕیارماندا بچین بۆ سەیران، شەو دۆلمەمان پێچایەوە شەونم دڵی زۆر خۆش بوو، گوستیلەکەی پیشاندام کە تۆ بەدیاری بۆت هێنابوو. جار جارش دەیگوت : دایکە حەز ناکەم سەیران لەگەڵ بەکری ئامۆزام بکەم چونکە بەکر خۆی بەخاوەنی من دەزانێ.

چەندین جار پێمگوتووە: بەکر تۆ ژنت هەیەو وەک برامی، من دڵم بە کەسێکی ترەوەیە. بەڵام بەکر نایەوێ تێبگات، چاویشی حیزەو لەسەیرکردنم تێر نابێت .

منیش بەشەونمم وت : کچم لەبەر خاتری باوکت قسە مەکە، ڕۆژێکە بەخۆشی دەیبەینە سەر.
هەر ئەو شەوە بەباوکی شەونمم گوت : ئەوە چەندین جارە ماڵی ڕێبوار دەنێرن بۆ داخوازی شەونم بیکە بۆ خاتری خوا با کچەکەمان دامەزرێنین.
مێردەکەم ڕازی نەبوو دەیگوت : من دەیدەم بەبەکری برازام، کچەکەم نادەم بەکەسێ کە نەتوانی کراسێکی بۆ بکڕێ.
پێمگوتەوە: پیاوە کەئەم کوڕو کچە دڵیان بەیەکەوە.
وتی : کچێ ئەم کوڕە سەر بەگۆبەندە ڕۆژ تا ئێوارە لەڕۆژنامەکان شت دەنوسێ!، ڕۆژێک دەکوژرێ و کچەکەشم بەبێوەژنی دەمێنێتەوە؟.
بەیانی زوو بەڕێکەوتین هەموو دڵمان خۆشبوو منداڵەکان جلی کوردیان لەبەر کردبوو، لەڕێگا ئەو خەڵکەمان دەبیینی هەریەک لەبنەدارێک لایداوەو سفرەیان ڕاخستووەو چای دەخۆنەوە. ئێمەتا دەم زێی تەق تەق ڕانەوەستاین.
 پاشان لەدەم زێیەکە سێبەری دارێکمان دۆزی و یەکسەر دۆڵمەم هەڵڕشت و تێرمان خوارد.
پاشان بینیم شەونم لەگەڵ باوکی و بەکر بەناو چەمەکە شۆڕبوونەوە هەرچەند دڵم خورپەی کرد بەڵام باوەڕم نەدەکرد کچەکەم بکوژن. ئەو کافرانە گوستیلەکەی تۆیان لەپەنجەی بینی بوو، سەریان گرتبوو خستبوویانە بن ئاو چەندین جار بەکر پێی وتبوو : گەر شووم پێبەکەیت نات خنکێنم بەڵام ئەو کچە بەستەزمانە وتبووی نایکەم... باوکە کافرەکەشی بێ غیرەت وەستابوو بەزەیی بەکچەکەی نەهات و خنکاندیان فڕیاندیە ناو زێیەکەوە.
منیش هەڕەشەم لێیان کردوو لەدەستیان هەڵاتم، ئێستا لەبەر خاتری ئێوە هاتووم دەمەوێ ڕێبوار شار بەجێ بهێڵی، منیش دەچم لەمەرکەز شکاتیان لێدەکەم.

وتم : باشه من بۆ کویٚ هەڵبێم؟
وتی : خۆت دەزانی.!
وتم : من دەچم تەرمەکەی شەونم دەدۆزمەوە.
بەقورگی پڕ لەگریان دایکی شەونم لێمان جوودا بووەوە، ماڵەوەمان وایان پێباش بوو بۆ ماوەیەک خۆم بشارمەوە. سەیارەکەم پڕ لەپێداویستیەکانم کردو بەرەو تەق تەق بەڕیٚ کەوتم.
نزیک تەق تەق گوندێکم بینی بەناوی (جگیلە)، لاڕێگاکەم گرتوو بهقەراخ گوندەکە شۆڕ بوومەوە تا دەم زێیەکە. دڵتەنگو تەنیا دانیشتم خۆمش نەمدەزانی چی دەکەم؟، بەڵام قومیٚ لەئاوی زێکەم خوارد. هەستم کرد بۆن و تامی لەشی شەونم ئاوێتەی ئاوەکەبووە، هاوارم کرد شەونم گیان... بیرت دەکەم.!
گەنجێک خەڵکی ئاوایی هات بۆ لام و سڵاوی لێکردم و لێی پرسیم : بەتەنیای یا چاوەڕوانی کەسێکیتر دەکەیت؟
.
وتم : بەتەنیام ... چاوەڕوانی کەس ناکەم.
وتی : من ناوم بەختیارە ماڵم لەم گوندەیە، هەر ئیشێکت هەبوو ئاگادارم کە بەسەرچاو یارمەتیت دەدەم؟.
وتم : ئایە دەتوانم چەند ڕۆژێک لەم حاوییە بمێنم.
وتی : بۆ نا ... بەڵام ئەوە ماڵی برای خۆت هەیە بۆ لەم حاوییە دەبی ؟
بێدەنگ بووم، ئەویش هەستێکی ڕاگرت پاشان وتی : برا من هەست دەکەم کێشەیەکت هەیە ناتەویٚ پیٚم بڵێی. بەڵام مەترسە ئێمە لەم دێیە گەنجانی شار زۆر دەبینین دێن بۆ سەیران. بەس حەز بەعارەق خۆرەکان ناکەین، لام سەیرە تۆ بۆ وا بەخەمبار دانیشتووی؟.
منیش بەدڵتەنگییەوە بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە.. وتی : بەداخەوە بەڵام ئێمەش جار جار تەرمی کچی جاحێلی جوان دەدۆزین، دەستی گرتم و سیٚ سەد مەتریٚ بەرەو

بنـاری گـردێ بردمـی. چەنـد گـۆڕێکی نیشـاندام وتـی : ئێـرە گۆڕسـتانی گوڵــە هــەلوەریوەکانی پێــدەلێن، ئــەم گۆڕانــە هــەمووی کــچ و ژنــی خێنکــراوون بەدەســتی کــەس و کاریـان، خـەم مـەخـۆ تـۆ یەکـەم کـەس نیـت وێڵبیـت بـەدوای دڵتا.

وتـم : مـن دەمـەوێ تـەرمی خۆشەویسـتەکەم بدۆزمـەوەو لەگەڵ ئەم بەستەزمانانە بینێژم.

دووبارە دەستی گرتم و وتی : لەگەڵمدا وەرە.

پێکـەوە گەڕاییەنـەوە نزیـک حاوییەکـە، کـەپرێکی نیشـان دام وتـی : ئـەم کـەپرە مـاڵی تۆیـە تـابیزار دەبیـت لێرەبـەو مەترسە ئەمە کەپری خۆمانەکەس نایەت بەلاتە .

منـیش سوپاسـیم کـردو گەڕامـەوە لای سـەیارەکەم و پیداویسـتیاکانم خسـتە سەرشـانم و بـەرەو کەپرەکـە گەڕامەوە.

شـتەکانم دانـاو تیکەیـەک نـانم گرتـە دەسـت و لەقـەراخ زێیەکـە دانیشـتم ، چـاودێری ئاوەکـەم دەکـرد نـەوەک شـەونم بەسـەر ئاوەکـەدا شـۆڕ بێتـە خـوارەوە، لای تـەنکایی ئاوەکە ووردە ماسیم بینی پۆل پۆل دەسوورانەوە .

چیرۆکـی ئەشـقی خـۆم و شـەونمم بـۆ ماسـییەکان گێڕایـەوە، لـە ماسـییەکانم پرسـی: ئەگـەر شـەونمتان بینیـوە پـێم بلـێن؟. لەگـەڵ ئـەوەی گریـان نەدەبڕایـەوە کـەچی ماسـییەکان تـا دەهـات زیـاتر دەبـوونو لەپەنجـەکانی پـێم نزیـک دەبوونـەوە، چەنـد دڵۆپـە فرمێسـکێ شـۆڕبوونەوە نـاو ئاوەکـە ماسـییە ووردیلـەکان هەڵبەزییەنـەوەو بەئاسـمانەوە فرمێسکەکانیان قووت دەدا.

ئـەو ئێوارەیـە هەسـتم کـرد ماسـییەکان نزیکتـرین کەسـی مـنن، لـەپرێکا هـەلاتن نـەمزانی ئـەو ترسـە چیبـوو تـا لـە دوورا بینـیم ماسـییەکی شـەبوتی زڵ بەدوایانەوەیـە، هـیچم پـێ نـەدەکرا تـا ووردیلـەکان رزگارکـەم، ناچـار بەردێکم فڕێدایە ناو ئاوەکەو لێخنم کرد.

کاتێ تاریک داهات لەسەر کەپرەکە جیگام ڕاخستو ڕاکشام، خەیاڵم پەرش‌و بلاوبوون. ڕقم لەدنیا دەبووەوە دڵم بەهیچ شتێک خۆش نەبوو. ئەستێرەکانم بینی لەئاوێنەی ئاوی زێیەکە دەبریقانەوەو سەمایان دەکرد تێکەڵ بەشەپۆلەکان شۆڕدەبوونەوە. شەو هاژەی گەلاکان و بۆنی شێداری چەمەکە هەستێکی تری لا دروست کردبووم چاوەڕوان بووم تاریکی بشکێ لەگەڵ بەیان شەونمی قەد گوڵ و گژ وگیایەکان ماچکەم.
بەیانی زوو بەختیار بێداری کردمەوە... قاپێ ماست و نانی گەرمی بۆ هێنابووم لەگەڵ چووپێکی گەورەو تۆڕی ماسی و قولابە ماسیەک. وتم : ئەزێتت کێشاوە، ئەم هەموو شتە چییە؟
وتی : خەمت نەبێت بەوەدەچێ تۆ بۆ ماوەیەکی زۆر لێرە بمێنیتەوە.
پێکەوە چایی و نامان خوارد. پاشان بەختیار وتی : بەم چووپە دەتوانی ئەم سەر ئەو سەری زێیەکە بکەیت بەڵکو ئەمە خوایە تەرمی شەونمت دۆزییەوە، قولابە ماسیەکەش بۆ خۆت ڕاوی پێ بکە، تۆڕی ماسیکەش خۆم دایدەنێمەوە.
وتم : کاک بەختیار سوپاست دەکەم پێم بکرێ ماسییە گەورەکان دەگرم.
وتی : ئاگاداربە چیرۆکی خۆت و شەونم بۆ کەس باس نەکەیت. دوایی دوژمنەکانت بتدۆزنەوە دەتکوژن.
وتم : جا خۆ من کەسم نەکوشتووە تا دوژمنم هەبێ؟.
وتی : چیت پێدەڵێم ئەوها بکە.
بەختیار تەنیا جێی هێشتم کەخۆمش حەزم کرد، دەمویست هەتا هەتای ژیان بەتەنیا بم ، کاتێ شەونمم لەدەست چووبێ دەبێ ژیان چ تام و مانایەکی مابێ؟.
سەیرە لەم وولاتە خۆشەویستی دەبێ بەدزییەوە بێت، دزیش بەئاشکرا بێت.!

سواری چووپەکە بووم و ئاوی زێیەکە ئەوەندە تیژبوو شۆڕی کردمەوە، ناچار لەزێیەکە پەڕیمەوە ئەو بەرەو چوپەکەم بەدەستەوە گرت، بەپێ تا نزیک تەق تەق ڕێگام کرد. پردە کۆنەکەی تەق تەقم لێ دیاربوو مرۆڤەکان سەیارەیان دەشۆری... دووبارە بەچووپەکە چوومەوە ناو زێیەکە، ئاو بردمی تا نزیک کەپرەکە ئینجا ڕاوەستام لەزێیەکەم ڕووانی، وتم : ئەی زێ گەر شەونمی خۆشەویستمت لایە بمدەرەوە .!

بەوە دەچوو زێیەکە گوێی لەناڵەم بووبێ، چونکە شەپۆلی کردو گیانی تەڕکردم. هەر لەقەراخ ئاوەکە قولابی ماسییەکم دوور فڕێدا تاماسی بگرم کەچی بینیم ماسییە ووردیلەکان لەتەنکاییەکە لێم نزیک دەکەوتنەوە.

لێم پرسین: هەواڵی شەونمتان بۆ هێناووم ؟.

ماسییەکان وەک پۆلێ مەل بەئاسمانەوەبن ڕیزیان بەست و دەسووڕانەوە.

قولابەکەم جوولەی کرد، بەهێواشی ڕامکێشا بینیم ماسییەکی گەورەی دوو بیستی گرتبوو. ماسیەکەم لەقولابەکە کردەوەو پێموت : ببوورە ژیان دەبێ وابێ؟ پاشان فرێمدایە لای کەپرەکەم.

دووبارە هەویرم کردە سەر قولابەکەو بە توندی دوور هەڵمدا.. تا یەک سەعات بەپێوە وەستام هەموو هەست و هۆشم لای شەونم بوو. خۆم بەتاوانبار دەزانی دەمووت: لەجیاتی تۆلەی شەونم کەمەوە کەچی هەڵاتووم. قولابەکە دووبارە جوولا، ڕامکێشا ماسییەکی ترم گرتبوو هەمان شێوەی ماسییەکەی پێشووی بوو ، ترسام وتم : ئاشقەو باشقە نەبن بەدوای یەکتر هاتبن، بیستوبووم ماری ئەشقەو باشقە هەیە، بەس ماسی ئاشقم نەبیستبوو. لەوەبێ ئەم ماسییەش ئاشقی ماسیەکەی تر بێت، دەیەوێت چارەنووسیان یەک بێت .

بەختیار لەگەڵ کوڕو کچە جوانەکەی هاتن بۆ لام .

هەر چەندە دڵ تەنگ بووم بەس لەگەڵ منداڵەکان هەندێ گاڵتەو گەپم کرد ... پاشان وتم : من دەتوانم ماسییە بچووکەکان بانگ کەم گەز لەپێم بگرن. پێکەوە چووینە قەراخ زێیەکە پێیەکانم درێژ کردە ناو ئاوەکە ماسییەکانم بانگ کردو پرسیم: هۆ ماسییە ووردیلەکان هەواڵی شەونمتان پێیە؟.
ماسییەکان بەکۆمەڵ هەڵگژانە سەرپێم، منداڵەکانی بەختیار پیدەکەنین‌و سەریان سوورِ مابوو. بەختیار وتی: ماسییەکان دەنگی عاشقەکان دەناسن.
لەگەڵ بەختیار چووین تۆڕەکەمان ڕاکێشایە دەرەوە، پێنج شەش ماسی گەورەی گرتبوو، بەختیار وتی: ماسیت بۆ جێبهێلم؟. وتم : نا من ئەم دوو ماسییە عاشقەو باشقەم بەسە.
بەختیار وتی : ماسییەکانیشت ئاشقەو باشقەن.
منداڵەکانی وتیان : باوە ئاشقەو باشقە چییە.
بەختیار وتی: کچم... ئاشقەو باشقە وەک من و دایکت وایە.
پێش ئەوەی بەختیار بڕوات لێی پرسیم : ئەمڕۆ چیت کرد؟.
وتم : لەم سەر بۆ ئەسەر زێیەکە گەڕام هیچ نەهاتە پێش چاوم.
وتی : زەحمەتە بتوانی بیدۆزیتەوە، لەوەبێ ئێستا تەرمەکەی گەشتبێتە پردێ.
وتم : نازانم دەیدۆزم یان نە... بەڵام لەبەر ئەوەی لێرە خنکێنراوە حەز ناکەم لێرە دوور بکەومەوە.
وتی : جار هەیە دەبنە خۆراکی ماسی.
بەختیار کچەکەی خستە سەر شانی و کوڕەکەی ماسییەکانی بەدەستەوە گرتوو لێم دوور کەوتنەوە. منیش هەر ڕووانیمە ئەو دیمەنە جوانە... خۆزگەم دەخواست من و شەونمش دوو منداڵمان هەبوایەو لەم

گونـده بژیانایـه. خۆزگـەکانم بـوون بەخـەون، خەونەکانیشـم بەتاڵن.!
بەتەنیشـت کەپرەکـەم .. ماسـیەکانم بینـی یـەکیان مردبـوو ئـەویتر پەڵـەقاژێی بـوو ... دڵـم گوشـرا سـوێندم خـوارد کەئـەم دوو ماسـییە ئاشـقەو باشـقەن، ماسـییە مردووەکـەم خسـتە باوەشـی ماسـییەکەیتر وتـم: هـیچ نـەبێت تـا دەمـرێ بـا تێـر بـۆنی خۆشەویسـتەکەی بکـات. هەرچەنـد دەمتـوانی ماسـییە زیندووەکـە بگەڕێنمـەوە نـاو زێیەکـە بـەڵام حـەزم نـەکرد جـارێکیتر بەتـەنیا ژیـان بەرێتـە سـەر. هـەر وەک ئێستای من، لەخەیاڵی خۆ خنکاندن بووم.
پەشـیمان بوومـەوەو ووتـم نـا مـن دەبـێ بـەکر بکـوژم!. خـۆ گـەر بـەکرش بگـوژم شـەونم ناگەڕێتـەوە... بـەس گـەر بیکـوژم دڵـم دادەمرکـێ، هەرچەنـد مـن و شـەونم دەمـان وت نابێـت لـەژیان وشـەی کوشـتن و بـڕین لەسـەر زارمـان ببیسـترێ.. بـەڵام وادیـارە مـرۆڤ نـاتوانێ بـەڵێنی ئایینـدە دیاری بکات.
شـەو داهـات و ماسـییەکانم بەکەپرەکـەوە شـۆڕ کـردەوە، خـۆمش لەسـەر کەپرەکـە ڕاکشـام لـەو کاتـەدا چەنـدە پـێم خـۆش بـوو کـە دوورم لـەهاتو هـەرای شـار. تەنانـەت بیـری کـەس و کاریشـم نـەدەکرد، لێـرەش تـەنیا نـەبووم شـەونمم لەگەڵـدابوو. جـار هـەبوو دەبـوو بەپـەری دەریـا لـەناو زێیەکـەوە بـەرەو ڕووم دەهـات کەدەمویسـت باوەشـی پـێ بکەم وەک پەڕەی گوڵ هەڵدەوەری.
شـەوانە دادەنیشـتمو لـەئاوی زێیەکـەم دەڕووانـی پەنجـەکانی شـەونمم دەبینـی گوسـتیلە زیوەکـەی هێشـتا پێوەبـوو لـەپڕ پەنجـەکانی دەبوونـە ووردە ماسـی و لەگـەڵ شەپۆلی ئاوەکە وون دەبوون .
گـوێم لەدەنگـە دەنـگ و تەقـە تـەق بـوو... سـەیرێکی خـوارەوەم کـرد بینـیم دوو چەقـەڵ دەمیـان لـەناو قـاپ و قاچەخەکانـە، لـەوەبێ بـەدوای بـۆنی ماسـییەکان هـاتبن.

لێیانم کرده دەنگە دەنگ لەترسا هەڵاتن و دوور کەوتنەوە.
ئەو شەوە یاریم بەچارەنووسی خۆم دەکرد، دەمووت : خۆم دەکەمە ناو زێیەکەو خۆم دەخنکێنم و تێکەڵ بەگیانی شەونم دەبم.
تا بەرە بەیان چاودێری زێیەکەم کرد، هەرچەند سارد بوو هەر ڕۆژ لەگەڵ ئاوی زێیەکە مەلەم دەکرد گیانم تەڕ دەکرد زوو خۆم ووشک نەدەکردەوە چونکە وامدەزانی بەشێک لەگیانی شەونم تێکەڵ بەخانەکانی لەشم دەبن.
زۆرم برسی بوو ئاگرم کردەوە ماسییەکانم لەبان تاشە بەردێ دانا، تا گەرمی ئاگرەکە ماسییەکان سوورکاتەوە.
بەتانییەکەم بەدارێکەوە شۆڕ کردەوە وتم : ئەوە شەونمە بەکراسی کوردی شینی ئاسمانی بەرامبەرم دانیشتووەو قسەم لەگەڵ دەکرد.. چیرۆکی ئەشقی دوو ماسیەکەم بۆ گێڕایەوە.. وتم شەونم منیش وەک ئەو ماسییە ناتوانم بەتەنیا بژیم دێم بۆ لات.
چووپەکەم گرتە دەست و خۆم هەڵدایەناو زێیەکە. دەم زێ و ئاوەکە بردمی، چەند پۆڕێکم بینی لەترسی ڕێوییەکان هەڵدەفڕین.
لەزێیەکە پەڕیمەوە دووبارە تا نزیک پردەکەی تەق تەق ڕۆیشتم. مندالّم دەبینی جانتای قوتابخانەیان بەپشتەوە بوو، گاوانم بینی مانگەکانی بەرەو ناو زەلکاوەکان دەبرد.
سواری چووپەکەم بووم، دەستەکانم وەک سەوڵ بەکار دەهێنا بۆ لای کەپرەکەم گەڕامەوە. لەدڵی خۆم وتم: ئێستا ئاگرەکە کوژاوەتەوە ماسییەکانیش برژاون. چی دەبوو گەرشەونم لەژیان بوایە ئەم ماسییەمان پێکەوە بخواردایە.
نەمدەزانی هاوار بۆ کێ بەرم؟ گەر تەرمی شەونم بدۆزم و بینێژم پاشان چیبکەم؟ چۆن دەست بەژیان بکەمەوە؟،

ئـەی ئەگـەر هـەر نـەم دۆزی چیبکـەم؟، تـەرکی دنیـا دەکـەم. هــەر لــەم گونــدە دەبــم بەشــوانو لەگــەڵ مــەڕو بــزن و بەرخەکان دەژیم .

گەییشــــتمە نزیـــــک کەپرەکــــە ئاگرەکــــە کوژابــــوەوە... ماسـییەکان جـوان بـراژا بـوون، لـەتێ نـانم هێنـا پارچەیـەک لەماســـــییەکەم لێکـــــردەوە... ویســــــتم درکو ئێســــکەکەی دەربێـنم لـەپڕێکا گوسـتیلەیەکی زیـویم بینـی... یەکسـەر دڵـم خەبــەری دا و ناســیمەوە گوســتیلەکەی پەنجــەی شــەونم بــوو. ناوەکــەی منــی تیــا هەڵکەنــدرابوو، بەســتمە پەنجــە تووتەم و تێر ماچم کرد.

ئەگـەر ئـەم ماسـییە پەنجـەکانی شـەونمی خـوارد بـێ کەواتـە شــەونم تێکــەڵ بەلەشــی ماســییەکە بــووە، ماســییەکەم بـەدرک و ئێسـقانەوە خـوارد، تـا لەگـەڵ شـەونم ئاوێتـەی یــەکتر بینــەوە. دڵتــەنگو تــەنیا بــەرەو گۆڕســتانی گوڵــە هەڵوەریوەکانی زێی تەق تەق شۆڕ بوومەوە.

## کەڵەشێر هێلکە دەکات

**منـــــداڵ** بـــووم نـــەنکم دەیگێڕایـــەوە : لەســـەردەمی عوسمانییەکان کەڵەشێرێکمان هەبووە هێلکەی دەکرد.!

وتم : نەنە کەڵەشێر چۆن هێلکە دەکات؟

دەیگـوت: ئەوەنـدە گرانـی بـوو خـەڵکی لـە برسـا گـەڵاو دارو درەختیان دەخوارد.!

کەڵەشـێرێکمان هـەبوو لەترسـی دز لـە ژوورەکـەی خۆمـان بـەخێومان دەکـرد زۆر خۆشـمان دەویسـت دڵمـان نـەدەهات سـەری ببـڕین. ڕۆژێکیـان هێلکەیـەکم دۆزییـەوە لـە هێلکـەی مریشـک گـەورەتر بـوو. پاشـان بـەردەوام کەڵەشـێرەکە هێلکـەی بـۆ دەکـردین!. لـەو ڕۆژانـە بەهـەر کەسـێکمان باسـکردایە بـاوەڕی نـەدەکرد، پاشـان خزمـەکان هـەموو ڕۆژ دەهـــاتن دەیـــانگوت : کـــەی کەلەشـــێرەکەتان سەردەبڕن؟

چەنـدین جـار دز هاتـە سـەرمان بـە ئاشـکرا لـە کەڵەشێرەکە دەگـەڕان بـەڵام مـن دەنـووک و بـاڵیم دەبەسـتا لـەنـاو

ســـەبەتەیەک دەمشـــاردەوە. ڕۆژێکیـــان ســـەربازەکانی عوســـمانییەکان لەکشـــانەوە بـــوون بـــۆ تورکیـــا هـــەموو ماڵێکیـــان دەپشـــکنی، کەلەشـــێرەکەیان دۆزی لـــە پـــێش چاومـــان ســـەریانبڕیو خواردیـــان. خزمـــەکان گاڵتـــەیان پێدەکردین دەیانگوت :ماڵی نەخۆر بۆ چەکمە سۆر.

ســـوێندمان دەخـــوارد کـــە کەڵەشـــێرەکە هێلکـــەی دەکـــرد، کـەس بـاوەڕی نـەدەکرد. بـەڵام ئەمـە دیـاری خـودا بـوو تـا ئێمە ڕزگار کات لەو گرانییە .

هـــەر لەمنداڵییـــەوە بـــاوەڕم بـــەم چیرۆکـــەی نـــەنکم دەکـــرد. کـــەچی بـــۆ هەرکەســـێکم دەگێـــڕاوە، دەیـــانووت : ئەمـــە چیرۆکی بەر ئاگردانە.

لـــەو ســـاتەوە هەمیشـــە کەڵەشـــێرم بـــەخێو دەکـــرد بـــەو هیوایەی خەونی ئەم چیرۆکەم بێتەدی.

لەســـەردەمی بـــەعس گرانـــی بـــوو هیـــوام هـــەبوو کەڵەشێرەکەم هێلکە بکات .

لە مامۆستەکەم پرسی : کەڵەشێر هێلکە دەکات؟

وتی: تەنیا کەڵەشێری سەرۆک هێلکە دەکات.

وتـم : کەڵەشـێرەکەی نـەنکم لـە سـەردەمی عوسـمانییەکان هێلکەی کردووە.

مامۆستا وتی: وسکتبە با لەسەر ئەم درۆیانە نەتگرن.

لام ســـەیر بـــوو بـــۆ دەبـــێ کەڵەشـــێرەکەی ســـەرۆک هێلکـــە بکات، کەچی ئەگەر من باسی بکەم دەمگرن؟.

لەگــەل هــاتنی مــانگی نــەورۆز شــەڕی عێــراق و ئــەمریکا دەســتی پێکــرد. لــە ترســی گرانــی خواردنمــان لەماڵــەوە شاردبوەوە.
لـەناکاو کەڵەشـێرەکەم هێلکـەی کـرد. لـە خۆشـیا نەمـدەزانی چیبکـەم، هێلکەکـەم هـەڵگرت بردمـە لای مـام هـاواری هێلکـە فـرۆش و لێمپرسـی: ئایـا دەزانـی ئـەمـە هێلکـەی چ جـۆرە باڵندەیەکە؟.
مام هاوار وتی: من لەم جۆرە هێلکەیەم نەبینییوە.!
وتم : ئەمە هێلکەی کەڵەشێرە.
وتی : سەگباب گالتەم پێدەکەی.!
منـیش بەسـەرهاتەکەم بـۆ گێڕایـەوە، وتـی: کـوڕم ئەمـە نیشـانەی ئـاخر زەمانـە یـان ڕووخـانی سـەدامە. بـڕۆ لای کەس باسی مەکە با نەتگرن.
کەڵەشـێرەکەم لـە ماڵـەوە شـاردەوە تـا ئـەو ڕۆژەی ڕژێمـی بەغـدا ڕووخـا، بـەو ئاواتـە بـووم وێنەیـەکی کەڵەشـێرەکەم بگرم وبە جیهانی بناسێنم.
تاڵانچیـەکان لـە هـەموو لایـەک ڕژانـە نـاو کەرکوکـەوە، منیش بۆ نەگبەتی لەگـەل کـورە خاڵەکـەم چووین بۆ بنکـەی بەعسـیەکان تـا مەلـەف و ئەرشـیفی بەعسـیەکان کـۆ بکەینەوە.
بەدەسـتی خـاڵی گەڕامـەوە لـە ڕێگـا هەسـت و بیـرم لای کەڵەشێرەکەم بوو .

کـاتێ گەیشـتمە مـاڵ بینـیم هەنـدێ لـە خـزم و کـەس و کـارم لــە حەوشــەی مــاڵ هەرایانــەو لــە هەیوانەکــەش دوو ســێ مەنجەڵ پڕ چێشتیان لێناوە .

منــیش بەپەلــە چوومــە ژوورەکــەم کەڵەشــێرەکەم نــەبینی، سەربان و حەوشە گەڕام نەمدۆزییەوە .

لێیان پرسیم : ئەوە چییە لەچی دەگەڕێی؟

هاوارم کرد : کەڵەشێرەکەم.!

وتیان : ئەوەتا لە ناو مەنجەڵەکەیە دەکوڵێ!

بەگریانەوە وتم : گشتان بۆ دەرەوە.

وتیــان : بــۆ ئەوەنــدە ڕەزیلــی حــەز دەکــەی دە کەڵەشــێری ترت بۆ دەکڕین.

وتم : (ئاخر) ئەم کەڵەشێرەی من هێلکەی دەکرد.!

# کۆلەپشت

**هەر** جار سەیری ئەو کۆلەپشتەی سەردەمی پێشمەرگەیاتیت دەکەی دەتەوێ خۆت بکوژی، کەچی ناتوانی. چەند ساڵێ تێدەپەڕێ پەشیمان دەبییتەوەو دەڵێی بۆ زووتر خۆم نەکوشت. ئێستاش پیر بوویتە دەڵێی : مەرگ خۆی وا بەڕێوەیە پیویست ناکات خۆم بکوژم.!

لەسەردەمی پێشمەرگەیاتیت هەر جار دایکت سەردانی دەکردی نامەیەکت دەنووسی و دەتنارد بۆ خۆشەویستەکەت، پێشمەرگەیەکی سادەو ساکار بوویت هەرچەندە لەدەستەی هێرش بەربوویت بەڵام لەهونەری شەڕکردنت نەدەزانی . کەسێکی عاشق بوویت و بەعس نەیهێشت بگەیتە زانکۆ تۆش لەداخە چوویتە ڕیزی پێشمەرگەوە.

ئەو کات پێشمەرگە سامی هەبوو، هاوڕێ پ.م زۆربەیان وەک تۆ عاشق بوون. هەندێکیان نەخوێندەوار

بـوون یـا خـوود پەخشـانەکانی تۆیـان لا دڵگیربـوو، داوایـان لـێ دەکـردی نامـەیان بـۆ بنووسـی تـا بینێـرن بـۆ دەنکەکەیان.
تـۆش داوات دەکـرد چیرۆکـی دڵـدارییان بگێڕنـەوە تـا بتـوانی تـەعبیر لەخۆشەیسـتییەکەیان بکـەیت، زۆربـەی ئـەو هـاوڕێ عاشـقانەت شـەهید بـوون چیرۆکـی عەشـقیان تـەنیا لـەیادەوەری تـۆ مایـەوە، لـەدڵتا دەتـووت : ئـاخۆ ئێسـتا دەزگیرانەکانیان چی دەکەن؟.
خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت جێگـای زمـان بـڕین و ئـەنفالکردنی عاشـقان و نەهامـەتی جـەنگ بـوو، تـۆش یـەکێ بوویـت لەوانـەی دەسـتت سـوور کـرد بـەخوێنی مرۆڤـە بەسـتە زمانـەکانی جـەنگ. تـۆ نـەدەبوو بکـوژی چونکـە تـۆش کەسێکی عاشـق بوویـت، بـەڵام دەڵـێن جـەنگ شـێتییە لـەو کاتـە لەگەرمـەی تەقـەکردن بوویـت دوو هاوڕێـت لەسـەنگەر شـەهید کـران کـە هێشـتا نامـەی دەزگیرانـەکانیان لەگیرفانـدا بوو. تۆش لەنیشتیمانێک دەژیای بێ پۆست و ناونیشان.
لەگـەڵ سـەربازەکانی دوژمـن دەسـتەو یەخـەبوویت لـەپڕ دوو سـەرباز خۆیـان هەڵکوتایـە نـاو سـەنگەرەکەت دەسـتڕێژت لێکـردن یـەکیانت کوشـت ئـەویتر برینـدار بـوو بـەچاوەکانی دیـاربوو پاڕایـەوە کـە نـەیکوژی بـەڵام چ لەترسـا یـاخوود لەسـەختی برینەکـەی بەدەمـدا کـەوت و گیانی سپارد.

سەنگەرەکەت ببووە گۆڕستان ناچار شوێنی خۆت گۆڕی و لەپشتەوە دزەت کردو لەدۆڵە باریکەلانەکە ڕۆیشتی تا توانیت سەر لەدوژمن بشوێنی و لەپشتەوە تەقەیان لێبکەیت .

دوژمن وایان زانی چوار دەووریان گیراوە پاشەکشەیان کرد، هاوڕێکانت بەهاناتەوە هاتن و دوژمنتان بەزاند.

ئەوەی لای تۆ گرنگ بوو سەرکەوتن نەبوو بەڵکو بەپەلە بگەڕێیتەوە لای هاوڕێ شەهیدەکانت.

شەهیدێکیان گولەیەک لەناوچەوانی دابوو کاتێ دەستت لەسەریدا کەڵەی خرمەی لێوەدەهات، شەهیدەکەی تر گولەی قەناس ناو دڵی هەڵدرییبوو لاشەی خەڵتانی خوێن بوو، نامە خوێناوییەکەت هەڵگرت و کردە ناو کۆڵەپشتە تۆزاوییەکەت بەئومێدی ڕۆژێک بیگەنییتە دەستی دەزگیرانەکەی.

پاشان لەدوو سەربازە کوژراوەکەت ڕووانی دەستت برد بۆ گیرفانیان تا ناسنەمەکەیان بخوێنیتەوە. کوژراوی یەکەم ئەفسەریکی پلەبەرزی بەعس بوو، ئەویتر گیرفانی بەتاڵبوو، بەڵام تاخمی مەخزەنەکانی پڕ لەفیشەک بووبەوە دەچوو تەقەی نەکردبێ. تۆش مەخزەنە بەتاڵەکانت فڕێداو تاخمەکەی ئەوت بەست.

تا ئێستاش ڕووخساری شەهیدەکان لەئەندێشەت دەخوولێنەوە، وێنەی شەڕەکە کەچۆن هەڵیان کوتایە

سـەرت گـەر زوو نەهاتیتایـە دەسـت ئێسـتا تـۆش کـوژرا بوویت.
هـەر چەنـدە ویژدانـت ئـازاری دەدایـت کـاتێ ئـەو دوو سـەربازەت وەک باڵنـدە بەردایـە خـوارەوە، بـەڵام ئـەوکات هۆشـت لای خـۆت نـەبوو نەتـدەزانی چـی دەکـەیت؟. دوژمنـیش ئەوەنـدە بـێ رەحـم بـوون تـۆش بـەزەییت پێیانـدە نەدەهات .
هـەر چەنـد هاورێکانـت باسـی ئازایـەتی تۆیـان دەکـرد بـەڵام تـۆ لـەم شـەڕکردنە بێـزار بوویـت ویژدانـت ئاسـوودە نـەبوو، هەمیشە دەتپرسی بۆ عاشقەکان ئەبێ بکوژرێن؟.!
نۆبـەی تـۆ بـوو بچیتـە سـەرگردی دێیەکـەو حەرەسـیات بگـری، لەسـەر گردەکـە دانیشـتی و ڕووانیتـە ئاسـمان بینیـت لووتکـەی ڕیـزە چیاکـانی کوردسـتان هێشـتا بـەفری بەسـەرەوە مـابوو. دەتزانـی سـەرکردەکان لـەناو چیاکـان مەقـەڕیان دانـاوەو کۆنکـان دەکـەن تـۆو هاورێکانیشـت لەسەنگەری پێشەوەی جەنگن و گوێ ڕایەلی یاسەکانیان.
ئاورێکـت بـۆ نـاو گوندەکـە دایـەوە چەنـد پیرەمێردێـک لەبـەردەم مزگەوتەکـە خۆیـان دابـووە بـەر ڕۆژو دووکـەلی جگەرەکێشـانیان لـەکونی لووتـە زلـەکانیان بەئاسـمانە ونـدەبوو، ژنـان خـەریکی نـانکردن بـوون منـداڵانیش نـانی گەرمیان بەدەستەوەبوو.
لـەخۆت دەپرسـی ئـاخۆ ئێسـتا لـەناو شـار چ بـاس بێـت؟، دەبـێ منداڵـەکان یـاری بکـەن و دوکانـدارەکان میـوەو

سـەوزەکان تـەڕ کـەن ؟ ئـەی دەبـێ خۆشەویسـتەکەم چـی بکات؟.

بـۆ ئـەوەی لەخـەم و ئـازار دەربازبیـت دە سـتت بـرد بـۆ مەخزەنـەکانت ویسـتت گولـەکان بژمێـری و بزانـی گولـەی گرداری تیایە.!

کـاتێ سـەیری هـەر مـەخزەنێکت دەکـرد تـەنیا چەنـد فیشـەکێکی تیـابوو، بنـی فیشـەکەکان پـڕ بـوو لەنامـەی دڵـداری، لەیـەکێ لـە مەخزەنـەکان وێنـەی سـەربازەکەو ژنەکـەی و کچێکـی جوانکیلـەش لەباوەشـیان بـوو. قورگـت پڕبـوو لـەگریان، لەبـەر فرمێسـک نامـەکانـت بـۆ نەخوێندرایەوە.

دواجـار دات لەپرمـەی گریـان چ گریانێـک هەرچەنـد هـەوڵت دەدا خـۆت کـڕ کەیتـەوە بـۆت نـەدەکرا، وێنـەو نامـەی سـەربازەکەت خسـتەناو کۆلەپشـتەکەت، کـەچی ڕووخسـاریان لـەپێش چـاووت وونـابوون دیسـانەوە وەک منـداڵ دەگریـای نەتـدەزانی هـاوار بـۆ کـوێ بـەری، چـی بـۆ دایکـت بگیڕیتـەوە!. چـی بنوسـی بـۆ خۆشەویسـتەکەت مەگـەر باسـی تاوانـەکانت بکـەیتو بڵێیـت مـن عاشـق کـوژم و منداڵ هەتیو دەکەم.

نامـەی شـەهیدەکان و وێنـەی ئـەو کچـە خنجیلانـە شـێتی کـردی، ئەوەنـدە بێـزار بوویـت سـڵت لـەخۆت دەکـردەوە ژیـانێکی ئـاڵۆزو کەسـێکی سـەر لێشـواو بوویـت نەتـدەزانی چۆن بتوانی یاساکان بشکێنی.!

کۆڵەپشـــتەکەت خســـتەژێر ســـەرت و تفەنگەکـــەت لـــەباوەش گـــرت ڕاکشـــایت تـــا پشـــوویەک بـــدەیت، لـــەدڵتا خۆزگـــەت دەخواســـت لـــەجیاتی ئـــەم تفەنگـــە خۆشەویســـتەکەت لـــە ئـــامێز بگرتایە .!

لـــەپڕێکا بڕیارتـــدا چـــەک دانێیـــت هەرچەنـــد هاوڕێکانـــت ســـەریان ســـوورمابوو لـــەم بڕیـــارەت بـــەڵام لەبـــەر خۆشەویســـتیت نەبوونـــە ڕێگـــرو دڵیـــان نەشـــکاندی، تـــا ئێستاش هیچ کام لەهاوڕێکانت ئەم نهێنیەت نازانن .!

کـاتێ چـەکت دانـا چیتـر لـەو دەشـت و کێـوەی کوردسـتان جێگـات نـەبـووەوە ناچـار بڕیارتـدا سـەری خـۆت هـەڵگری و ماڵئـاوایی لەنێشـتیمان بکـەیت. خواحافیزیـت لەماڵـە خانـە خوێیەکەت کردوو ڕوو لەقەندیل بەڕێکەوتیت.

لـــەبناری قەنـــدیل ســـەرکردەکان بەپەنجـــە دەنکـــە تەزبیحـــەکانیان دەژمـــارد لەســـەر گردەکـــانیش پێشـــمەرگە حـــەرەس بـــوون، تـــۆش بەکۆلەپشـــتەکەت لەگـــەڵ قاچەخچیـــەکان لـــەڕیزی پێشـــەوەی کاروانەکـــە هـــەنگاوت دەناو سنوورت بەزاند.

## پاشایەکی وجاخ کوێر

**دەگێـــڕنەوە** پاشـــایەک هەبـــوو لەکـــاتی ســـەرەمەرگدا کـــوڕو کـــچەکەی بانگـــدەکات و دەڵێـــت : ڕۆلە شـــیرینەکانم نهێنییەک هەیە دەمەوێ بۆتانی بدرکێنم.!
کوڕی پاشا وەڵامدەداتەوە : فەرموو باوکە گیان.!
پاشـا: کـوڕی شـیرینم لەدوای مـردنم تـۆ دەبیـت بەپاشـا... بەڵام دەمەوێ ئەوە بزانیـت کەتـۆ کـوڕی مـن نیـت بەڵکـو کوڕی ئەم میللەتەی.!
کوڕی پاشا : بیگومان باوکە ئەوە دەزانم.!
پاشـا: نـا کـوڕم، مـن بەراسـتمە... نە تـۆ کـوڕی منـی نە خوشکەکەت کچی منە.!
کچـی پاشـا بەسەرسـوڕمانەوە پرسـی: بـاوکە گیـان لە مەبەستت تێناگەین؟.!
پاشا وتی : دەجوان گوێبگرن تا بۆتانی روونکەمەوە:
هەبـو نەبـوو پاشـایەک چـوار ژنـی هێنـا لەهەر چواریـان هەر کچـی دەبـوو خـۆی بەوجـاخ کـوێر دەزانـی!، وەزیرەکـانی بە پاشـایان ڕاسـپاند کە دەسـتوری پاشـایەتی بگـۆڕێ و ژن بتوانێ جێگای پاشا بگریتەوە؛

پاشا بەم ئامۆژگارییە نارازی بوو هەموو ئاواتی ئەوەبوو ببێتە باوکی کوڕێک و کۆشک و تەلارەکەی بۆ جێبهێلێت... یەکێ لە پزیشکەکان بەپاشای وت: من دەتوانم یەکێ لە کچە بچکۆلانەکەت بکەم بەکوڕو کەس پێی نەزانێت.
پاشا ڕەزامەنەندی نیشاندا... پزیشکەکە بە دەرمانەکانی لەشو دەنگی کچێکی پاشای گۆڕی... کچەکە مووی سمێلی هات... کراسی کوڕیان لەبەر کردو تێکەل بە کوڕ بوو.
کاتێ تەمەنی گەیشتە هەژدە سالان پاشا بە کوڕەکەی وت : دەمەوێ ببیتە پاشای وڵات جێگام بگریتەوە.
بەڵام کوڕەکە لە باوکی پاڕایەوە وتی : باوکە گیان من نامەوێ ببم بە پاشا.!
پاشا بە سەرسوورمانەوە لێی پرسی: چی بووە کوڕم؟ هەژدە ساڵە پەروەردەتدەکەم بۆ ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ؟.
کوڕ وتی : باوکە گیان، من بۆ پاشایەتی دەست نادەم.!
پاشا پرسی : بۆ کوڕی شیرینم.!
کوڕ وتی : باوکە گیان من ئێستاش نازانم کوڕم یان کچم .!
پاشا : دەزانم نەشتەرگەری کراوی ئەم نهێنییەش کەس نایزانێت.!
کوڕ : باوکە دەزانم کەس نایزانێت، بەس من دەزانم، من ئێستاش حەز دەکەم لە گەڵ کوڕ بنووم.!
پاشا بە تووڕەییەوە وتی: یانی چی؟
کوڕ: واتە تۆ توانیت ڕەگەزی لەشم بگۆڕیت بەس نەتوانی هەست و دەروونم لە ناوبەیت، ئێستاش هیچ نەبووە فەرمان بدە دەستوری پاشایەتی بگۆڕە با یەکێ لە خوشکەکانم جێگات بگرنەوە.

پاشا بە شلەژانەوە وتی : تۆ دەتەوێ ئابرووم بەریت.!
کـوڕەکەی وتـی : بـاوکە گیـان تـۆ هەژدە سـاڵە ڕاسـتی دەشـاریتەوەو درۆ لەگەل مـیللەتەکەت دەکەیـت، بەس مـن نـاتوانم درۆ لەگەل تـۆ و کەسـیتر بـکەم ؛ بـۆ ئەم کێشـەیەش چەنـدین سـاڵە نەخشـەم کێشـاوە... گەر تـۆ بفەرمـووی مـن خـۆم ژەهـر خـوارد دەکەم... یـان سـەریخۆم هەڵـدەگرم و دەچمە مەملەکەتێکیتر کە کەس نەمناسێتەوە.!
پاشـا دامـابوو نەیـدەزانی چیبکـات و چـی بڵێـت، ناچـار بە کوڕەکەی وت : سبەینێ وەڵامت دەدەمەوە.!
هەرچەنـدە کـوڕی پاشـا نەشـتەرگەری بـۆ کرابـوو ، چەنـدین جـارش لەگەل کـچ نوسـتبوو... بەڵام ئـارەزووی دڵـداری کردنی هەر لەگەل کوڕان بوو.
لەگەل بەیانـدا کـوڕی پاشـا بە دەسـتی پـڕ لە پەنیـرو ئەسـتورکی گەرم بەرەو دیوەخـان چـوو ، بـاوکی لەوێ نەبـوو.. دایکـی بەگریـانەوە وتـی : پاشـا خـۆی ژەهـر خـوارد کردووە!.
کـوڕی پاشـا سەرلێشـێوابوو... نەیـدەزانی چـی بکـات؟، ئەم نهێنـیەی لە نـاو دڵـی هەڵگـرت... تـا کـرا بە پاشـاو ژنـی هێنـا... دوای ئەوەی پاشـا تـوانی شـاژن عاشـقی خـۆی بکات نهێنیەکەی بۆی درکاند.
شـاژن لەبەر خۆشەویسـتی پاشـا نهێنـیەکەی تـا ئێسـتاش شـاردۆتەوەو لای کەسـی نەیدرکانـدووە. بەڵام بەداخەوە منـداڵیان نـابوو، بـۆیە پاشـاو شـاژن بڕیاریانـدا کەدوو منداڵی کۆرپە بدزن بیکەن بەمنداڵی خۆیان .
ئەم بەسـەرهاتەی بۆتـانم گێـڕایەوە، پاشـاکە بـاوکم بـوو، کچەکە من بووم، ئێوەش دوو منداڵە دزراوەکەن .!
کـوڕی پاشـا وەک ئەوەی لە ئاسـمان بەریـدەنە خـوارەوە بەقـوڕگی گریـانەوە گـوتی: بـاوکە گیـان تـۆش سـەرت

لێشــــواندم ... دەبــــوایە ئەم نهێنیــــیە نەدرکانــــدایەو لەگەڵ خۆت ببەیەتە گۆڕەوە.!
پاشــا وتــی: نــا ڕۆڵەکــانم... مــن خۆشــمدەوێن، ئەگەر تــا سـبەینێ نەمـرم وەرنەوە بـۆلام پێتـان دەڵـێم بـۆ ئەم نهێنیـیەم بۆ درکاند.!
کـوڕو کچـی پاشـا بە دڵتەنگـیەوە ژووری باوکیـان جێهێشـت و خۆزگەیان دەخواست ئەم نهێنییەیان نەزانیایە.
ســبەینێ کــوڕی پاشــا چــووە لای بــاوکی، بینــی بــاوکی بەخەنــدەوە ڕاکشــاوەو دایکــی وخوشــکەکەی بەدیــاریەوە دەگــرێن، دایکــی وتــی: کــوڕم باوکــت لە دوێنــێ شــەوەوە دڵخــۆش بــووو پێــدەکەنی... ئەم ســەر لە بەیــانییە گیــانی سپارد، ئەم نامەیەشی بۆ تۆ جێهێشت.
کـوڕی پاشـا نـامەکەی لە دایکـی وەرگـرت و خوێنـدییەوە " کــوڕی شــیرینم هەرگیــز نەکەی درۆ لەگەڵ مــیللەتەکەت بکەیت چونکە ڕاستی ناشاردرێتەوە."
کـوڕی پاشـا سـەری خسـتە باوەشـی دایکـی و تێـر گریـا، لە دەروونەوەش هەستی بە ئازادییەکی بێپایان کرد.

# جوانترین چیرۆک

**(بۆ یادی خوالێخۆشبوو مامۆستا سعود ئەحمەد)**

**ڕەنـــگ** بـێ تـۆ بلێـی جـوانترین چیـرۆک چیخـۆف یـاخود نوســـەرە ناودارەکـــانیتر نوســـیویانە، منـــیش دەلـــێم ڕاســتدەکەیت بـــەڵام ئـــەو نوســـەرانە زینـــدوو بـــوون کـــاتێ چیرۆکـــەکانیان نوســـیوەتەوە. مامۆســـتا ســـعود لـــە پـــاش مردنـــی جـــوانترین چیرۆکـــی نوســـیوەتەوە. ڕەنگبـــێ بلێـــی مردوو چۆن دەنوسێتەوە، منیش دەلێم دەنوسێ.

بەلگەشـــم ئەوەیـــە بـــا پێکـــەوە ئـــەم یـــادەی نێـــوان مـــن و مامۆستا بخوێنینەوە.!

ئـەو سـەردەمانەی مامۆسـتا سـعود لـە ژیـان بـوو پێشـبڕکێ و ململانێمـــان لەســـەر چیـــرۆک نوســـین دەکـــرد. مـــن بیرۆچکـــەی چیـــرۆکێکم بـــۆ دەگێڕایـــەوە، ئـــەویش یەکســـەر چیرۆکێکـــی تـــری بـــۆ دەگێڕامـــەوە. ئینجـــا دەیگـــوت : نەمبردەوە!

منیش دەمگوت : باوابێ!

هەمیشـــەیش پێـــی دەگـــوتم : لـــە نـــاو گۆڕەکەشـــم هەڵدەستمەوە و جوانترین چیرۆک دەنوسمەوە.

منـیش پێدەکـەنیم... دەمگـوت : ئەگـەر بمریـت تـەخت دەبیـت چۆن دەنوسیتەوە!
هاوڕێیـەتیمان پـڕ لـە گالتـەو گـەپ و تـوانج لێـدان بـووس، هەسـتم دەکـرد ڕۆژ بـەڕۆژ ئـەو زیـاتر منـی خـۆش دەوێ هـەموو جـار پێـی دەوتـم : دەلێـی خـوا تـۆی بـۆ مـن نـاردووە تا لەدوا تەمەنی ژیانم هاوڕێیەکم هەبێ.
پێکـەوە مامۆسـتا بـووین لـە هونـەرە جوانـەکانی شـارە خەماوییەکـەم (کـەرکوک)... مامۆسـتا سـعود کەسـێکی بـاڵا بـەرز و چـوار شـانە و کـەمێک قەڵـەو بـوو، زۆربـەی کـات ڕیشـێکی تـەنکی بەردەدایـەوە، بـە سـمێڵە پـان و درێـژە کاکەییەکـەی وێنـەی مرۆڤێکـی مانـدوو و دنیـا دیـدەی دەبەخشی.
جگـەرەی زۆر دەکێشـا، ئەگـەر بێتـوو سـەرقالی نوسـین بوایە ڕۆژانە دوو پاکەتی دەکێشا.
ڕۆژێکیـان مامۆسـتا سـعودم بینـی کیسـەیەکی شـینی ڕەنگـاو ڕەنگی بەدەستەوە بوو، وتم : ئەوە دیاریت بۆ هێناوم؟
-چۆن زانیت ؟
-دڵ ئاگای لە دڵە!
پـانتۆلێکی جـین و کراسـێکی سـووری خـەت سـپی و گیرفانـداری بـۆ کڕیبـووم... دوای ئـەوەی تـاقیم کردنـەوە وتم : مامۆستا سعود تۆ چۆن ئەندازەم دەزانی؟
وتـی : کـورە بـڕۆ... مـن هـەر سـەیرت کـەم دەزانـم بـایی چەنی!
سوپاسـیم کـرد و ئـەو ڕۆژەمـان بـە خۆشـی بـردە سـەر... لـێ بـەڵێنێکم لێـوەرگرت کـە منـیش دیارییـەکی بـۆ بکـڕم و قبولی بکات.

مامۆستا سعود وتی : جا چۆن قەبولی ناکەم، موویەک لەبەراز بێتەوە هەر باشە!
دیارییەکەی من بۆ مامۆستا سعود قاتێکی ڕەساسی و کراسێکی سپی خەت ڕەش و جوتێ پێڵاو بوو .
پێمگوت : حەز دەکەیت بۆینباخیکش هەڵبژێری؟
وتی : نا... هەستدەکەم بۆینباخ دەمخنکێنێ!
بەهەرحال یادە شیرینەکانی نێوان من و مامۆستا سعود دوورو درێژە، ئەوەی مەبەستە کەبیگێڕمەوە پاش مردنیەتی.
هەوالی مردنی ناوەختی مامۆستا سعود بۆ کەسوکاری و زۆربەی هاوڕێیان تراژیدیایەک بوو .
بۆ منیش خەمێکی قورسی چاوەڕوان نەکراو بوو.
بەهۆی دووریم لە نیشتیمان بەداخەوە نەمتوانی لە ڕۆژی پرسەی ئامادەبم.
ناچار تەلەفۆنم بۆ هاوسەرەکەی کرد تا سەرەخۆشی لێبکەم. لە جیاتی من دڵنەوایی ئەو بدەمەوە، کەچی ئەو هەستی بە خەمم کردوو دەیگوت : لەگەل مردن هیچ ناکرێت!
پاشان وتی: دەزانی مامۆستا سعود نامەیەکی بۆ جێهێشتووی!
وتم : نازانیت ناوەڕۆکی نامەکە چییە ؟
وتی : نامەکە لە ناو ئەوقاتە بوو کە لە جیاتی کفن کردمانە بەری!
وتم : قاتی چی ؟ بۆ کفنتان بۆ نە دووری!
وتی : نەخێر لەسەر ڕاسپاردەی خۆی... نوسیبووی کاتێ دەمرم تکایە لە جیاتی کفن بە قاتە ڕەساسیەکە بمنێژن!

بــه قــورگی پــڕ لــه گریــان وتــم : ئــەی لەنامەکــە چــی نوسیبوو؟

هاوســەرەکەی وتــی : بــه گــەورەیی نوســیبووی : مامۆســتا جەلال نەمبردەوە!

دامــام و هــیچ وشــەیەکم بــۆ نەهاتــه ســەرزمان، تەلەفۆنەکــەم داخست و وتم:

-بــەڵێ مامۆســتا ســعود گیــان تــۆ برتــەوە... بــه جــوانترین چیرۆک بەجوانترین شێوەش!.

## پاشایەکی شێت

**ڕۆژێـک** لـەرۆژان لەمەیـدانی شـار گـەنجێک هـاواری دەکـرد : نهێنیەکم لایە گەر پاشا بیزانێ سەرم دەپەڕێنێ!

خـەڵکی شـار زۆر لێـی پارانـەوە بیـدرکێنێ، بـێ سـوود بـوو نەیدەدرکانـد. پیـاوانی پاشـا جلـو بـەرگ و پارەیـان داپێـی هـەر نەیدرکانـد، زۆری نـەبرد خـەڵکی لێـی بێـزار بـوون و چیتـر گوێیـان لینـەگرت و نازنـاوی بـە (گەنجـە شـێتەکە) دەرکرد.

هـەواڵی ئـەم گەنجـە گەیشـتە لای پاشـا، ئـەویش لەترسـا خـەوی لێـزڕا، فـەرمانی بەپاسـەوانەکانیدا بیگـرن! پاسـەوانەکان وتیـان : گـەورەم ئـەم گەنجـە شـێتە، ئـەوە ناهێنێ بیگرن.

پاشـا تووڕەبـوو هـاواریکرد: دەڵـێن قسـە لەشـێت یـان لەمنـداڵ. فـەرمان دەدەم هـەر ئێسـتا ئـەو شـێتە بگـرن و بیهێنن بۆلام.

گەنجەکـەیان گـرت و هێنایانـە بـەردەم پاشـا. بەگەنجەکـەی وت : گـەر ئـەو نهێنیـە نـەدرکێنی بڕیـار دەدەم سـەرت بپەڕێنن.

گەنجەکــە وەڵامیدایــەوە: گــەر نهێنیەکــە بــدرکێنم ســەرم دەپــەڕێنی، نەیــدرکێنم هــەر ســەرم دەپــەڕێنی، کەواتــە تــۆ پاشایەکی شێتی.!

پاشــا ڕووی لەپاســەوانەکانی کــردو وتــی: هــەی گەمژانــە ئەم گەنجە کەی شێتە لەهەمووتان عاقڵ ترە.

پاســەوانەکان وتیــان : باشــە گــەورەم چــی لــەم بەنــدە بکەین؟.

پاشا وتـی : ئـەم جـۆرە گەنجانـە لـەوڵاتی مـن جێـی نابێتـەوە، بیبەن لەمەیدانی شار لەسێدارەی بدەن!

دانیشــتوانی شــار کــۆ کرانــەوە بــۆ تەماشــا کردنــی لەســـێدارەدانی گەنجەکــــە، لەگەنجەکــــەیان پرســــی : دوا ووتەت چییە؟.

گەنجـە وتـی: مـن شـێت نـیم ، پاشـای ئێـوە شـێتە! بەقسـەی مەکەن.

پاســـەوانەکان ســـەریان ســـوڕمابوو... لـــەنێوان خۆیانـــدا کەوتنـە گازەنـدەو گلـەیی، وتیـان : باشـە پاشـا دەڵـێ ئـەم گەنجـە لەئێمـەعاقڵترە ئیتـر بـۆ لەسـێدارەی بـدەین؟... یـان گـەر شـێتە پاشـا خـۆی وتـی : قسـە لەشـێت یـان لەمنـداڵ... کەواتـە پاشـا شـێتە... پاسـەوان و خـەڵکی شـار لەمەیدانـەوە ڕاپەڕین هاواریان کرد : پاشا شێتە! پاشا شێتە.!

## شاعیری عاشق و پاشای کوێر

**ڕۆژێ** لــەڕۆژان پاشــای وڵاتێــک کــوڕێکی کوێریــان دەبێــت پزیشـکی دنیـا دەکـەن بـۆ چارەسـەرکردنی چـاوی کوڕەکـەی ، یـەکێ لەپزیشـکەکان دەڵـێ مـن دەتـوانم نەشـتەرگەری بـۆ بکـەم و چـاوی چـاک کەمـەوە بەمـەرجێ دەبێـت چـاوی کەسێکی عاشقی بۆ پەیدا بکەن.

پاشـا بڕیـار بـەوەزیرەکانی دەدا نـاو شـار بپشـکنن عاشـقێ بـدۆزن، وەزیرەکـان بەپاشـایان ڕاگەیانـد شـاعیری وڵات گــەورەترین عاشــقەو هۆنراوەکــانی جــوانترین وشــەی دڵـداری لـێ دەبـارێ. پاشـا وتـی : شـاعیر پێویسـتی بـەچاو نییە بەزوترین کات بهێنن بۆ ژووری نەشتەرگەری.

کـاتێ شـاعیریان گـرت و داوای چاویـان لێکـرد، شـاعر وتـی : چــاوم بەکــەس نابەخشــم هاوســەرەکەم دوو گیانەیــە دەمەوێ منداڵەکەم ببینم.

بەشــاعیریان وت: یــان چــاوت دەبەخشــی یــان هاوسەرەکەت بەکۆرپەکەوە دەکوژین.

شـاعیر ناچـار بـوو چـاوی ببەخشـێ لـەپیناو خیزانەکـەی، کـاتێ چـاوی کـوڕی پاشـا سـاخ بـوەوە حـەوت شـەو و حەوت ڕۆژ لەوڵات ئاهەنگیان گێڕا.

لەو ڕۆژەوە شاعیردژی پاشا و زوڵم و زۆردارییەکەی سروودی نیشتیمانی وشیعری بۆ ڕاپەڕین نووسی. چەند ساڵێکی نەبرد جەماوەر ڕاپەڕی و کۆشکی پاشایان تەفروتونا کرد وچاوی شاعیرشیان چاک کردەوە

## دەمامک

**لە** بەردەم ئاوێنە خۆم جوانکردو بۆنم لە خۆمدا بەو مەبەستەی پیاسەیەکی ناو مۆڵەکە بکەم
کاتێ نزیک مۆڵەکە بوومەوە ڕووخساری سەیرم بینی، کە چوومە ژوور خەڵکەکە هەموو دەمامکیان بەستیبوو لام سەیربوو ئەمڕۆکە نە هەڵەووینەو نە ئاهەنگێکی تایبەت هەیە ئەم خۆگۆڕینە چی بێ؟ هیچ کەس سەیری نەدەکردم.
بەرەو شوێنی خواردنەکان چووم لە پڕێکا هەموو هاواریان کردو لێم ترسان، دوو پۆلیس هاتن قۆلبەستیان کردم وتیان : بۆچی دەمامکت بە ستووە؟.
وامزانی کامیرای شاراوەیە کەچی کەلەپچەیان کردم بەرەو زیندانیان بردم.
پاش شەوێک لەزیندانی دادگا بڕیاریدا کە جارێکیتر بۆم نییە بچمەوە ئەو مۆڵە.
ئەم کارەساتە شۆکی کردم ڕۆژو شەوم لێ تاڵ بوو، من دەمامکم نەکردبوو ئەو خەڵکە خۆیان دەمامکیان کردبوو.
بۆ ئاشکرا کردنی ئەم نهێنییە پلانێکم دانا : دەمامک ببەستم بگەڕێمەوە ناو مۆڵەکە
نزیکی مۆلەکە بوومەوە دەمامکەکەم بەستوو چوومە ژوورەوە، هەر وەک جاری پێشوو خەڵکەکە دەمامکیان

بەستبوو بەڵام ئەمجارەیان بە خەندەوە بەخێرهاتنیان کردم!. سەرم سوورماوە ئەم خەڵکە بۆ دەمامک دەپۆشن؟
مۆڵەکەم بەزیندانییەکی داخراو دەبیینی خەریک بوو دڵم بتەقێ بەپەلە چوومە دەرەوە.

## نوسەرێکی شێت

**هەر** لە منداڵییەوە نازناوم بە (ئازە شێت) دەرکردوە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک ئارەزووم دەکرد ببم بە ساحیر. منیش ئەو ئەفسانەیەم بیستبوو گەر لەگەڵ جنۆکەکان ببیتە برادەر ئەوە فێرە سیحرت دەکەن
.
لەسەربان و ئەو دەشت و چۆڵە هاوارم دەکرد و بانگی جنۆکەکانم دەکرد، داوام دەکرد بمکەن بە ساحیر.
یەک جنۆکە بەدەنگمەوە نەهات، بۆیە لەرقا جنۆکەکانم تف و نەعلەت کرد. لە پڕێکا لێم پەیدا بوون هەریەک لەلای خۆیەوە دەیکێشا بە بنا گوێچکمە، بە چ حاڵێ توانیم هەڵبێم و دەربازبم لەدەستیان.
کاتێ بە گریان و نووزە نووز گەڕامەوە ماڵ، دایکم وتی : کوڕم ئەوە چیبووە، بۆ وا بنا گوێت سوور بووەتەوە؟.
وتم : جنۆکەکان دەستیان لێوەشاندووم.

دایکــم هەنــدێ بیســم لــلای خوێنــدو بــانگی خوشــکە گەورەکـەمی کـردو وتـی: بـا ترسـی ئـازاد بشـکێنین جنۆکـە دەستی لێوەشنادووە .
دایکم تەشتێ پر لـە ئـاوی دانـاو منـی لـە بـاوەش کـرد، چنگێ خـوی بەدەسـتەوە بـوو سـێ چـوار جـار لـەبـان تەشـتەکەوە بـازی دەداو خوێیەکـەی دەرژانـد، خوشـکە گەورەکـەم لێـی دەپرسـی ئـەوە چـی دەکـەیت؟. دایکـم دەیگـوت : ترسـی ئازاد دەردەکەم.
هەرچەنـد ئـەوان ترسـی منیـان دەردەکـرد بـەڵام مـن دڵنیـا بـووم کـە جنۆکـە تێیـان هەڵـداوم؛ لام سـەیر بـوو ئەوەنـدە هـاوارم کـرد بـۆ جنۆکـەکان نـەهاتن، بـەڵام کـاتێ جـوێنم پییانــدا هــاتن و تێریــان تێهەڵــدام. لەترســا نەمــدەوێرا دووبـارە جـوێن بدەمـەوە، بـەڵام وتـم : دەبوایـە لـە منیـان بپرسیایە بۆ جنێو دەدەیت؟ .
جنۆکــەکان ڕوخســارێکی ترســناکیان هــەبوو، شــاخدارو گوێچـک پـان وچـاو زەق و بـاڵا کـورت، لـووتێکی زلـو لچێکـی شـۆڕ؛ سـنگییان لـووس و تـەخت بـوو، پرچیـان گڤـن و درێـژ. کـاتێ قسـەیان دەکـرد ددانـەکانیان لـە پیسـیا زەرد هەڵگـەڕا بـوو، زمانیـان بچـووک بـوو لەگـەل قسـەکردن نـاو هـەناویانت دەبینـی. دەسـتیان درێـژ بـوو بـەڵام پێیـان کـورت لـە پێـی بـزن و مـەڕ دەچـوو، کلکێکـی درێـژو باریکیـان پێـوە بـوو لـە چەشـنی قـامچی کـە بەهـەموو لایـەک دەیـان جولانـد. بـە گشـتی جنۆکـەکان بـە تارمـایی دەچـوون و ڕووخسـاریان

نـابینرا بـەڵام مـن لەبـەر ئـەوەی لـێم ئـاڵابوون نێـرو مێیـانم جیا دەکردەوە. !
شـەوی هـاوین بـوو لەسـەر بـان نووسـتبووم دوو سـێ جنۆکـە پەنجـەکانی پامیـان دەمـژی، ویسـتم هاوارکـەم توونـد دەمیـان گـرت و وتیـان لەگـەڵمان وەرە خـوارەوە. منـیش وتم: نەخێر نایەم.
چـوار پـەلمیان گـرت و خـەریک بـوو لـەبان خـانوو فـڕێم دەنـە خـوارەوە، وتیـان دێـت یـان فڕێـت بدەینـە خـوارەوە؟. ناچـار لەگـەلیان چوومـە خـوارەوە لـەناو حەوشـەکەمان مەجلیسێکان بەستبوو بۆ دادگایی کردنم .
بـێ هـیچ لێپرسـینەوەیەک زلەیـەکی مزریـان پێماکێشـا، ووتیان: چیت لە ئێمە دەوێ؟ .
منـیش بـە زمـانی تـرس و تەتەلـە کـردن وتـم : تـەنیا دەمویست ببم بە ساحیر، ئێوەش یارمەتیم بدەن .
وتیان : دەتکەین بە ساحیر بەس ببە بەیەکێ لەئێمە.
منـیش بیسـتبووم ئـەوەی ببێتـە شـەریکی جنۆکـەو شـەیتان خـوا قـەد لـەگوناحی خـۆش نابێـت، وتـم : مـن بەنـدەی خـودام ... دایـک و بـاوکم نـوێژ دەکـەن دەمـەوێ لەبەهەشـت لەگەڵ ئەواندابم.
هـەر ئەوەنـدە نـاوی خـودام هێنـا، جنۆکـەکان کردیـان بەیـەک فیزاح و هاوارێک کوڵانەکەیان هەژاند.
پاشـان بـە هـەموویان کەوتنـە سـەرزگم بـەپێ لەقـە هـەناومیان هێنایـە خـوارێ، لـە پڕێکـا گـوێم لـە دەنگـی بـاوک و دایکم بوو بە بیسم للا بسم للا... هاتنە خوارێ.

خـــۆم کـــرد بـــه باوەشـــی بـــاوکم، لێیـــان پرســـیم : چـــۆن هاتوویته خوارەوە؟.
وەڵامـم نەدایـەوە. دایکـم وتـی : بـەخوا بـەر بووەتـەوە نتقـی براوە.
باوکم وتی: هیچ نییه بەدەم خەو هاتووەته خوارەوە.
هاوسێکان هاتن وتیان ئەو فیزاح و هەرایه چیبوو؟.
دایکم وتی : ئازاد لەسەربان بەر بووەتەوە.
منـیش وتـم : نـا دایـه بـەر نەبوومەتـەوە، جنۆکـەکان بانگیـان کـردم منـیش نـاوی خـوام هێنـا کردیـان بـه فیـزاح و ڕایـان کرد.
دایکـــم پەرێشـــانتر بـــوو، هـــاواری کـــرد: یـــا عەبـــدولقادر گەیلانی هاوارە، چارەیەکمان کە، کوڕەکەم شێت بووە.
هەنـدێ ئـاوی ساردیان بـه دەم و چاومـا کـرد ، هاوسـێکان بـه بیسـم لـلا گەڕانـەوە ماڵەکـەیان، منـیش بـه بـاوکم وت : باوکـه لەگـەڵ تـۆ دەنـووم ... ئـەو شـەوە بـه ئارامی له باوەشی باوکم نووستم.
بـەیانی زوو لەخـەو هەڵسـام چـووم بـۆ میـز کـردن، دەرگـای ئـاو دەسـتەکەمان کـه بـه گونیـه گیرابـوو، لـه کـونی گونیەکـەوە سـەیری نـاو حەوشـەکەم دەکـرد، بینـیم دایکـم و خوشـکه گەورەکـەم فسـکه فسـکیان بـوو. بەتەنیشـتیانەوە چەنـد سـێبەرێکم بینـی، ڕووانیمـه سـەربان. بینـیم جنۆکـەکان هـەموو کۆبوونـەوە بـه چـاوە زەقـەکانیان مۆڕەیـەن لـەمن دەکـرد. دایکـم جـامێ ئـاوی ڕشـاندو بیسـم لـلای کـرد، یـەک جنۆکه لەو ناوە نەما.

منیش دەست وچاوم شۆری و چوومە بەر دەرگای ماڵ ڕەفیقەکانم بینی چووم بۆ لایان کەچی پێکەدەنیین وگاڵتەیان پێدەکردم و بانگیاند دەکردم : ئازە شێت... ئازە شێت.

بە قورگی پڕ لەگریان گەڕامەوە ماڵ، دایکم خێرا لە باوەشی کردم. نوشتەیەک کە پەڕۆکێکی سەوزی لێ ئالابوو لەیەخەی بەستم، یەک دوو دوعای بە ئاسپایی لە بن گویم خوێند، پاشان تفێکی کردە سەر زەوی وتی: گوێی شەیتان کەڕ بێت.

لەو ساتەوە نازناوم بوو بە (ئازە شێت) . سەرەتا لە گەڕەک پاشان لای هەموو خەڵکی شار. ئێستاش تا نەلێین (ئازە شێت) کەس نام ناسێتەوە.

من لە منداڵیٚ شێت نەبووم، بەس کەس نەبوو گوێم لێبگریٚ یاخود باوەڕم پێبکات. جنۆکەکان بەدوامەوە بوون، کاتیٚ بۆ خوشکەکەم باس دەکرد دەیگوت : جنۆکە بوونی نییە ئەوە تۆ لەخەیاڵی خۆت دروستی دەکەی.

منیش دەمگوت : گەر جنۆکە بوونی نییە ئەی بۆ ئەم نوشتەیەتان بە یەخەمەوە بەستووە؟.

هەر چەندە لەو ڕۆژەوەی نوشتەکەم بەستبوو جنۆکەکان نزیکم ناکەوتنەوە، بەڵام لە دوورەوە چاودێریان دەکردم

.

جنۆکەکان مێردە زمەی ژیانن و هیچ کات لە کۆڵمان نابنەوە، نیگەرانم لەوەی لە نێوان شەڕو خێردا وونبم ئەگەر کەسێکی میهرەبان و پاکیت باوەڕت بەیەزدان هەیە

ئاگـات لـەخۆتبێت. چونکـە جنۆکـەکان حـەز بـە کەسـێ ناکـەن لـە خـوا نزیـک بێـت و کـردەوەی چاکـە بکـات، هـەر ئـەوان بەرگی شێخ و مەلا دەپۆشن لە خشتەت دەبەن.
ئێسـتا گـەورە بوومـە و بـاوکی چـوار منـداڵم هەسـت دەکـەم جنۆکـەکان لـە دەوروپشـتم هـەن بـەڵام شـێوەیان گـۆڕاوە؛ لەسـەر شـێوەی منـداڵی نایـانبینم، بـەڵکو وەک مـن و تـۆ وان. چاویـان دەسـتیان شـێوەیان لـە مـرۆڤ جیـا ناکرێتـەوە، جـار هەیـە دەتـوانن بـبن بـە میهرەبـان تـرین کـەس تـا ئەوەندە دەزانی شلپە لەبنا گوێت دەهێنن.
یـاخود خۆیـان دەکـەن بـە ئـافرەت و فریـووت دەدەن، تـۆش کـاتێ ئاگـادار دەبیتـەوە ، ئەوسـا دەزانـی ئەمـە ئـافرەت نەبوو عەفریت بوو.
جنۆکـەکان ئـەمڕۆ لـە هـەموو کـون و قژبنـی سـەر ئـەم زەوییـە هـەن، بۆیـە منـیش هەمیشـە وەک دایکـم چنگـێ خـوێم پێیـە لەگـەڵ تەشـتێ ئـاو هـەرکات منـداڵێکم بترسـێ لـە باوەشـی دەگـرم سـێ چـوار جـار لەسـەر تەشـتەکـە بـاز دەدەم و ترسی دەشکێنم.
هەرچەنـد هـەوڵ دەدەم لـە شـەڕی جنۆکـەکان خـۆم بپـارێزم، کـەچی خـەڵکی بەشـێتم دەزانـێ. منـیش گـەر شـێت نەبوومایـە ئـەم چیرۆکـەم نـە دەنووسـی و تۆشـم لەگـەڵ خۆم شێت نەدەکرد .

# میرات

**له** گەل تەواو بـــوونی پرســـەی دایکـــم، خوشـــک و بـــرا بچـوکەکەم بـوو بەکێشـەیان لەسـەر مەسـەلەی دابەشـکردنی میـرات، لەبەر ئەوەی میـراتەکە ئەوەنـدە زۆر نەبـوو. تەنیـا داوای مـن ئەوەبـوو دوو سـەرینەکەی دایـک و بـاوکم بـدەنێ تـا لەگەڵ بۆنیـان بنـووم. خوشـک و بـراکەم گاڵتەیـان بە عەقلی مندا کردو وتیان:سەرینەکان بۆ تۆ.

پاشـان خوشـکەکەم تـورە بـوو وتـی :مـادام بـرایەک میـرات وەرناگرێ دەبێت میراتەکە بەش بکەین بەسەر دووان.

کەلـــلە رەقـی و پیسـکەیی ودەمەقـاڵێی بـرا بچـوکەکەم و خوشـکەکەم دراوسـێکانی بێزارکـرد، ناچـار ئەوانـیش هـاتن تا قسەیەکی خێر بکەن و کۆتایی بەم کێشەیە بهێنن.

شـەو درەنـگ داهـات کێشـەکە کۆتـایی نەهـات و هاوسـێکان گەڕانەوە مـاڵی خۆیـان، منـیش دوو سـەرینەکەی دایکـو بـاوکم هەڵگـرت بە خوشـک و بـراکەم وت: مـن دەڕۆم، بەس خـوا رەحمـی کـرد میراتەکەمـان دوو هەزار دۆلارێ بـوو، ئەگەر بیسـت سـی هەزار دۆلار بـوایە دەبـوایە خوێنمان برشتایە.

ئەو شـــەوە هەوڵمـــدا کێشـــەی میـــرات و خوشـــک و بـــراکەم لەبیـر خـۆم بەرمەوە، سـەرم خسـتە سـەر سـەرینەکەو تێـر بـــۆنی دایـــک و بـــاوکم کـــرد وەک منـــداڵێ گریـــام و فرمێسـکەکانم سـەرینەکانی تەڕ کـرد؛ دڵـم ئەوەنـدە خـۆش بـــوو، نـــازانم چـــۆن خەوم لـــێکەوت. بەیـــانی زوو لەگەڵ دەنگە دەنگی خوشک و براکەم بێدار بوومەوە.
چـایی و ماسـتی بەیانیـان لەگەڵ خۆیـان هێنـابوو، منـیش سـەرم سـوڕمابوو لەم کارەیـان، ئەوان لە هەمـوو تەمەنـی ژیانیـان لە منیـان نەپرسـیوە ئەمجـارە چـۆن ڕێگایـان ونکردووەو هاتوون بۆ لام؟.
خوشـکەکەم وتـی : دایـک و باوکمـان نەمـاوە ئیتـر دەبێـت ئێمە ئاگامان لەیەکتربێت.
وتـم: ئێـوە دوێنـێ شـەو ئابرووتـان بـردم لەپـێش چـاو هاوسێکان.
وتیـان : ئـێمە پێکهـاتین، کێشـەمان نەمـاوە هەر ئەو خوشـک و برایەی جارانیین.
وتـم: دەباشـە ئێـوە نـانی خۆتـان بخـۆن تـا مـن دوشـێک دەکەم.!
وتیـان : نـا هەر ئاوێـک بەدەمـو چـاوت داکە چـونکە ئـێمە ئیشمان پێتە.
وتم : ئیشی چی؟.
خوشکەکەم وتی : تۆ بچۆ دەم و چاوت بشۆ.!
ناچـــار چـــووم دەم و چـــاوم شـــۆری بەڵام ترســـم لەو خوشک وبرایەم هەبوو کە شتێکیان لەبن سەر بێت.!
چـایەکەم بەدەسـتەوە بـوو بـراکەم وتـی : دەزانـی کـاکە ئـێمە گومانمـان هەیە کە دایە و بـاوە پـارەی وشـکەیان هەبێـت لە شوێنێک.
وتم : چۆن ئەم گومانەتان لا دروست بوو؟.

وتیـان : دایه هەنـدێک پـارەی وشـکەو خشـل وزێـری هەبـوو دیار نەماون.
وتـم : جـا دایه لای ئێـوه دەژیـا، کەواته ئێـوه دەزانـن له کوێ دایناوه.!
وتیـان : ئـێمه گومـان له شـوێنێک دەکەیـن که تیـای شاردبێتەوه.!
وتم : شوێن وەک کوێ؟.
وتیان : ناو سەرینەکان.!
وتـم : هەر ئەم بوختـانه مـابوو... بەم بەیـانییه هـاتوون سەرو دڵم بگرن.
وتیـان : جـا بـۆ تـووڕه دەبیـت، ئـێمه دەڵێـین ئەگەر لەسەرینەکه بێت ئەوه بەشی دەکەین.
وتم : شتی وانییه، هەڵسن بڕۆنه دەرەوه دەی.
وتیان : ناچینه دەرەوه تا ناو سەرینەکان نەپشکنین.!
وتم : چییه بەزمەکەی دوێنێ شەوه.
وتیـان : تـۆ بـۆ تـووڕه دەبیـت؟، ئەی دوێنـێ شـەو هەر تـۆ نەبووی به هاوسێکانت دەگووت من سەرینەکانم بەسه.
وتم : ئەی ئێوه هاتوون سەرینەکانم لێبسێنن.
وتیـان : نەخێـر، ئـێمه هـاتووین سـەرینەکان هەڵتەکێنـین بەڵکو پارەو خشلەکانی تیابوو.!
وتـم : ئێـوه بـێ ئـابروون. دەتـانەوێ یادگارییەکـانیش لەنـاو بەرن، ئێـوه ئەوەی وشـەی خۆشەویسـتییه لەگیانتـانه نیـیه، پاره بەری چاوی گرتوون، حاشا خوشک وبرای من نین.
وتیـان : باشـه ئـێمه سـەرینەکان دەپشـکنین پاشـان دەتـوانی حاشامان لێبکەیت.
وتـم : ئێـوه خوشـک و برایەتـی دەگـۆڕنەوه بەپـاره، وەرن سەرینەکان بەرن له کۆڵم بنەوه.

هەردوکیـــان تـــاوی ســـەرینەکەیان دا تونـــد لە باوەشـــیان گرت. وتم : ئینجا برۆنە دەرەوە.
وتیـان : نەخێـر لەپـێش چـاوت دەیکەیـنەوە، ئەگەر شـتێکی تیابوو بەشی دەکەین.!
وتـم : نەخێـر، مـن هـیچم لێتـان ناوێـت ناشـمەوێ ببیـنم سەرینەکانی دایک وباوکم لەپێش چاوم هەڵدەدڕن.
خوشکەکەم وتی : خۆم بۆت دەدوورمەوە.
هەرچەنـد لێـان پـاڕامەوە و خـۆم تـووڕە کـرد، بە قسـەیان نەکـردم. لە پـێش چـاوم هەردوو سـەرینەکەیان هەڵـدڕی پەڕە مووچەکانیشیان پشکنی هیچیان نەدۆزی.
پێمـوتن : تـو خـوا ئێـوە شـەرم لەخۆتـان نـاکەن؟ بـڕۆنە دەرەوە.!
هەر دووکیـــانم پاڵنـــایە دەرەوە و حاشـــام لێکـــردن، وەک باڵنـــدەیەکی پـــاککراو لە نـــاو پەڕە موچەکـــان گریـــام بـــۆ سەرینەکان .!
لە پشـت دەرگـای حەوشـە گـوێم لێبـوو بـرا و خوشـکەکەم دەیـــانوت: ئەی باشـــە دەبـــێ دایەو بـــاوە لەکـــوێ ئەو زێروخشلەیان شاردبێتەوە ؟.!

## خۆم و کچەکەم

**ئێوارەکیان** مالی کاکم و مندالەکانی لەمالمان میوان بوون پێکەوە سەیری بەرنامەی کەشکۆلمان دەکرد.
لە پڕێکا کارەبا بڕا. من زوو وتم : کەس لە جێی خۆی نەجولێ دەچم مۆمەکان دادەگیرسێنم.
کاتێ مۆمەکانم هێناو دامگیرساند چەند دانە مۆمێکشم برد بۆ ژوورەکانی تر، هەرکە دەرگای ژوورێکم کردەوە ڕێبواری برازام وەک فیشەکە شێتە بۆی دەرچوو، شەونمی کچم ملی شۆڕ کرد و چووە ژووری نوستنەکەی.
منیش وتم : ئەوە چیبوو کەتنتان کرد.
لە مێژ بوو دەمزانی ڕێبوارو کچەکەم یەکتریان خۆشدەوێ، بەلام نەمدەزانی کار گەیشتۆتە ماچو مووچ؛ گەڕامەوە ژووری میوانەکان، ڕێبوار دیار نەمابوو دەمزانی لە شەرما مالی جێهێشتووە. ئەو شەوە بەمێوە خواردن و گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕابووردوو لە گەل کاکم بردمانە سەر.

سبەینێ کچەکەم لە ژوور نەهاتەدەر تا من ماڵم بە جێهێشت. لە دەرەوەش بە خۆمم وت پێویست ناکات لە مێشکی خۆمی گەورەی کەمەوە لەوەبێ دوای ئەم کێشەیە ڕێبوار بڕیار بدات شەونم بخوازێ. کاتێ گەرامەوە ماڵ و چاوی هاوسەرەکەم بینی زانیم شتێک دەزانێ، منیش یەکسەر وتم: شتێ ئەوەندە نییە تا لەسەری بڕۆی هەرزەکارن و مرۆڤ شیری خاوی خواردووە.

بەڵام هاوسەرەکەم وتی: شتەکە لەوە خراپترە.

وتم : چیبووە؟

وتی : ڕێبوار وازی لە کچەکەت هێناوە بەیەکجاری.!

وتم : قەرزارش دەرچووین.!

وتی : وتیەتی چیتر من چاوم بەرایی نایەت بەرانبەر مامم، نامەوێ شەونم بخوازم.

وتم : چاوی دەرەها...

لە پاش ئەم ڕووداوە کچەکەم بە چاوێکی مۆنەوە سەیری دەکردم، منیش ناسراوم بە دڵ گەورەیی لەو بڕوایە بووم ماوەیەکیتر ڕێبوار پەشیمان دەبێتەوە بەتاییەت ئەگەر عاشقی کچەکەم بێت.

کەچی دوای دوو سێ مانگ ڕێبوار نەک دەنگی نەما خۆشی لەمن دەشاردەوە. کچەکەشم ڕۆژ بە ڕۆژ کزترو لاوازتر دەبوو، بەداخەوە ئەو پەیوەندییە جوانەی هەمان بوو سارد بووبووەوە. هەرچەند هەولم دەدا نوکتەو پێکەنین و زەردەخەنە لەگەڵ کچەکەم بکەم بێسوود بوون.

لەگەڵ هاوسەرەکەم گفتوگۆی ئەم بابەتەم کرد، وتی: ڕێبوار بە هیچ جۆر نایەوێ پەیوندی هەبێت لەگەل خێزانەکەمان.

وتم : جوانه، عەشیرەتەکە دەبەم دەست کەنە مل ڕێبوار.
وتـــی : ڕێبـــوار کچێکیتـــری خـــۆش دەوێ و لەوانەیە بیخوازێت.!
وتـم : جـا ئەو کـچەی ئـێمە خەفەت لەچـی دەخـوا. ژیـانێکی درێژی لەبەردەمدایە.
مـانگێکی نەبـرد کـاکم هـات وتـی : ڕێبـوار ژن دەهێنـێ حەز دەکەم لە ئاهەنگەکەی ئامادەبن.
وتم : بەسەرچاو.
لەگەڵ هاوســـەرەکەم چـــووین بـــۆ ئـــاهەنگی ژن هێنـــانی ڕێبـوار، بێگوومـان کـچەکەم دیـاربوو عاشـقی ڕێبـوار بـوو لە ماڵەوە مایەوە.
پـاش زەماوەنـدەکە میوانەکـان پیرۆزباییـان لەڕێبـوارو کـاکم دەکـرد، منـیش چـووم دەسـتی ڕێبـوارم گوشـی پیرۆزبـاییم لێکرد.
لە ناکاو ڕێبوار باوەشی پێماکرد دایە پرمەی گریان.!
وتم : ئێستا کەی کاتی ئەوەیە.
وتی : نا مامە، من هەست بەتاوان دەکەم.!
وتـــم : ئەمە شـــەوی زاواییـــتە ڕابـــوردوو لە بیـــر خـــۆت بەرەوە.!
وتی : مامە، من درۆم لەگەل کردووون.
وتم : باشە کەی لە شەهرعەسەل هاتییەوە قسە دەکەین.
وتی : نا مامە. دەمەوێ ڕاستییەک هەیە پێت بڵێم.!
وتم :باشە خۆت بەتاڵ کە.
وتـی : ڕاسـتی مـن هـیچ کـات ئـامۆزاکەم خـۆش نەویسـتووە و ئەو شـــەوەی مـــن و شـــەونمت لە ژوورەکە بیینـــی. مـــن ئەوەم کردە مەهانە تا لە شەونم دوور کەومەوە.
منیش تا هێزم تیابوو زلەیەکم لە بنا گوێی دا.

وتــم : دەبــوایە ئەم ڕاســتییە بە ئــامۆزاكەت بووتــایە نەک بەمن هەی کەری کوڕی کەر.
لەگەڵ دەنگــی زڵەکە کــاکم و بــووکە ڕاچڵەکــین. کــاکم کەسـێکی دنیـا دیـدە بـوو، دەسـتی کـردە ملـم و بـردمییە دەرەوە. بەس گــویم لە بــراژنەکەم بــوو هــاواری کــرد : ئەیەڕۆ خۆ کوڕەکەمی کوشت.
بە کـاکم ووت ئێسـتا کـاتی قسـە کـردن نییە چەنـد ڕۆژێکیتـر هەموویــت بــۆ بــاس دەکەم، بە دڵتەنگــی و قــوڕگ پــڕ لەگریان لەگەڵ هاوسەرەکەم بە ماشێنەکە گەڕایینەوە .
هاوســەرەکەم وتــی : قوربــانی ئەو دەســتەت بــم خــۆ لە شــاییەکە خەریــک بــوو دڵــم بتەقــێ، بەس جــارێکتر زڵە لەکەس نەدەی دەستت قورسە.
ئەو شــەوە خــۆش خەوتــم بەیــانی زووش نەمویســت بێــدار بـمەوە خەواڵـوو لە ژێـر جێگـا ڕاکشـابووم، لەپڕێکـا شـەونمی کچــم بە زەردەخەوە هــاتوو وتــی : بــاوکە گیــان هەڵســە، خواردن ئامادەیە چایەکە سارد دەبێتەوە.!

## پەڕتوکی ڕەش

**ئــەبو** خــزەیەر داهێــنەری پــەرتووکی رەش نــاودارترین جەلادی شــارەکەم بــوو، ڕووخســارێکی گــورگی و دەم و چــاوێکی ئــاوڵەیی هەبــوو. چەنــدین خەلات و نــۆت شــوجاعەی لەســەرۆکەوە وەرگرتبــوو. پــەرتووکی رەش پێکهــاتبوو لەهەزار لاپەڕە، باســی چــۆنیەتی ئــازارو ئەشــکەنجەدانی زینــدانییەکانی دەکــرد. ئەگەر بکەوتیتــایە ژێردەســتی ئەم جەلادە پــەرتووکەکەی پێشــکەش دەکــردی و دەیگوت: لاپەڕەیەک هەڵبژێرە.!

لەو لاپەڕەیە هەر جــۆرە ئەشــکەنجەدانت بەرکەوتــایە دەیســەپاند بەســەرتا، ئەگەر ڕازیــش نەبوویتــایە لاپەڕەکە هەڵــدەیتەوە، دەیــدایە دەســت زینــدانیەکانیتر تــا وەک فــاڵ گــرتنەوە لاپەڕەیەکــت بــۆ هەڵبژێــرن. لە هەمــان کــات دەبــوایە هــاوڕێ زینــدانییەکەت ناونیشــانی ئەشــکەنجەدانەکەی بخوێنــدایەوە پاشــان پێناســەو شــیکردنەوەی، مێــژووی داهێنانی.

بـۆ نمـوونه : بتـڵ بەقنـگ کـردن، دوو کەس لە بـان شـانت دادەنشن تا کێشت قورستربێت و بتلەکە قنگ بدڕێنێ.!
پـــەرتووکی ڕەش هەزارەهـــا شـــێوازی جیـــاوازی ئەشـکەنجەدانی تیـابوو لەوە بێـت زۆربەیمـان بیسـتبێ یـان بەسـەرمان هـاتبێ یـاخوود لە فیلمەکـان چاومـان لێکردبـێ. ئەم پـەرتووکە بەسـەر زینـدانیەکان دابەش دەکـرا، هەر زینـدانییەک دەبـوایە لاپەڕەیەک بکـاتەوە ژمـارەی لاپەڕەکە بداتە دەست جەلادەکان، ئەوانیش جیَبەجێیان دەکرد.
لەو هەزار لاپەڕەیە نەدەبـوو هـیچ کاتێـک دووبـارە هەمـان جـۆری ئەشـکەنجەدان هەڵبژێـری، لەهەمـووی ناخۆشـتر لاپەرەیەکـی بەشـی گـاینی تیـابوو. جـا قـوڕ بەسـەر ئەوەی ئەو لاپەڕەیەی بەرکەوتایە، بە پێکەنینەوە دەیانگا .
ئەبـــو خزەیـــر نەخوێنـــدەوار بـــوو پـــەرتووکەکەی بەزینـدانیەکان نوسـیبووەوە، لای ئەبـو خزەیـر گرنـگ نەبـوو دان بەتـاوانەکەت دەنێـت یـان نە؟. بێتـاوانی یـان تاوانبـاری؟، ئەو یەکسـەر پێـی دەگـوتی: گـوێبگرە، مـن هەقـم بەسـەر ئەوەنیـیە چیـت کـردووە نەکـردووە؛ مـن پیشـەم جەلادیـیەو داهێـنەری پـەرتووکی ڕەشـم. فەرمـوو ئەمەش پـەرتووکە ڕەشـەکەم بیخـوێنەرەوەو بە ئـارەزووی خـۆت جـۆری ئەشکەنجەدانەکەت هەڵبژێرە .!
هەر کـاتێ ئەبـو خزەیـر داهێنـانێکی نـوێی ئیـزافە بکـردایە سـەر پـەرتووکەکەی لەلایەن سـەرۆکەوە خەڵات دەکـرا. بـۆیە لە سـەرەتای چـاوپێکەوتن پێـی دەگـوتی: داهێنـانێکی نـوێم بـدێ ئەشـکەنجەدانت لەسـەر هەڵـدەگرم. هەڵـبەت درۆی دەکـرد زۆرجـار زینـدانییەکانی دەخنکـان تـا نهێنـی ئەم داهێنانە هەر بەناوی ئەبوخزەیر بمێنێتەوە .

چیرۆک و کارەساتی پەرتووکی رەش زۆر دوورو درێژە. ئەوەی من دەمەوێ بۆتانی بگێرمەوە بەسەرهاتی دڵشاد کاکەییە کەچۆن ئەبو خزەیری لەناوی برد.
دلشاد لاویکی تاقانەی ماڵەوە بوو، بالایەکی کورت و سمێڵێکی قەیتانی هەبوو، ئەوندەی درۆ وسەختەو درندەیی لە دەسەلاتدەرانی شارەکەی بینیبوو لە ژیان بێزار ببوو... کاتێ ئازار دەدرا چێژی لێوەردەگرت. ناخۆشترین ئەشکەنجەدانیشی هەڵدەبژارد تا کۆتایی بە ژیانی بهێنێت.!
یەکەم نەخشەی دڵشاد ئەوەبوو بە ئەبو خزەیری گوت:
پەرتووکەکەت کەم و کوری تیایە.!
ئەبو خزەیر ئەم وتەیەی پێخۆشبوو، داوای لە دڵشاد کرد بۆی رونبکاتەوە. دڵشاد وتی:
من هەر جۆرە ئەشکەنجەدانێک ئیزافەکەمە سەر پەرتووکەکەت، مەرجم هەیە، یەکەم مەرجم ئەوەیە ئەشکەنجەدانەکە بەسەر منی تەتبیق دەکەیت، دووەم دەبێ بمکوژی.!
ئەبو خزەیر وتی: وەڵاخۆش کەلام فەرموو کاکە؟.
دڵشاد: من دەزانم سەرۆک خەلاتت دەکات بۆ داهێنانەکانت، بەڵام دەبێ من هەڵبژێری تا لەبەردەم سەرۆک ئەشکەنجە بدرێم.!
ئەبو خزەیر: بۆ تۆ؟.
دڵشاد : دەمەوەی ببینم چۆن سەرۆک چێژ لەم ئەشکەنجەدانە وەردەگرێ؟.
ئەبو خزەیر : بەسەرچاو کاکە، پێم بڵێ چییە داهێنانەکەت؟.
دڵشاد : بەڵام چۆن بروات پێبکەم ؟.

ئەبـو خزەیـر وتـی : گرنـگ نیـیه تـۆ بـڕوام پێـدەکەیت یـان نه!... تــۆ کەسـێکی له خــۆ باییــت بــۆیه دەمەوێ لووتــت بشــکێنم... پاشــان ســەرۆک حەز به زینــدانی ترســنۆک ناکـات حەز دەکـات زینـدانییەکان ئـازا بـن تـا دیـمەنەکه درێژه بکێشێ.!
دڵشـاد وتـی : سـەری زەکەرم به پەتـێ دەبەسـتی، دەرزەنـێ بیــرەم بەزۆر دەرخــوارد دەکەیــت، مەزەکەم شــووتی دەبێت.!
بەم جـۆره یـان میزڵـدانم دەتەقـێ یـان سـکم ، یـان مێشـکم. ئەم جــۆره ئەشــکەنجه دانه لەنــاو پــەرتووکی ڕەش تۆمــار نەکراوه.!
ئەبـو خزەیـر مـاچێکی دڵشـادی کـرد و وتـی : ئامـاده به بەیانی دەچینه کۆشکی سەرۆک.!
لەهەمـان کـات ئەبـوخزەیر له خۆشـیا زەنگـی بـۆ سـەرۆک لێـدا و گـوتی: گەورەم داهێنـانی نـوێم هەیه پـەرتووکی ڕەش پیرۆز دەکات.
سـەرۆک پێیـوت: یەکسـەر وەره بـۆ کۆشـک ئەمشـەو ئاهەنگ دەگێڕین.
ئەبـو خزەیـر بەپەله چـاوی دڵشـادی پێچـایەوه و به سـواری لانگرۆزەر تا کۆشکی سەرۆک چوون.
ئەو شــەوه کۆشــکی ســەرۆک تــا دوا مۆدێــل ڕازێنــدرابووەوه، هەمــوو جــۆره مێــوەو مەشــروباتێک لەســەر مێزەکــان دانرابــوون ... زۆربەی میوانەکـان شـاعیر و نوسـەرەکان بـوون هـاتبوون له ئـاهەنگی ئەمشـەو خەڵات بکرێن.
له پــاش ئەوەی ســەرۆک گــوێی گــرت له شــیعرو پەخشــانەکان ئینجــا وتــی : سوپاســتان دەکەم، ئێســتاش

خـــاوەنی پـــەرتووکی رەش بـــا بفەرمـــویَ بـــزانیین داهیَنـــانی چی بۆ هیَناوین .
ئەبـو خزەیـر پـەرتووکی رەشـی بەدەسـتەوە بـوو هـاتەژوور. میوانەکـــان بـــۆ ریـَــز گـــرتن لە پـــەرتووکی رەش هەســـتانە ســـەرپیَ... پاشـــان بەدەســـت بەســـتراوی دلَشـــاد کاکەییـــان هیَنـــایە ژوور، بە رووتـــی و بە دەم بەســـتراویی لەســـەر کورســـییەک دایاننـــا، بە پەتـــیَ ســـەری زەکەریـــان بەســـت پاشـان ئەبـو خزەیـر بـۆ سـەرۆکی روون کـردەوە کە چـۆن ئەم ئەشکەنجەدانە ئەنجام دەدات.
پەرۆکەکەی لە دەمـــی دلَشـــاد کـــردەوەو بـــتلە بیرەیەکـــی هەلَبچـرِی و خسـتیە دەمـی، ئەبـو خزەیـر پەلەی بـوو، بەلاَم دلَشـــاد پیَـــی وت : لەســـەرخۆ مەگەر نەتگـــوت ســـەرۆک حەزدەکات دیمەنەک دریَژە بکیَشیَ.
لەم کاتە سەرۆک قیراندی : ئەوە چیدەلیَ ؟.
ئەبـــوخزەیر هـــات قســـە بکـــات ... ســـەرۆک وتـــی : تـــۆ وسکتبە.. بزانم ئەو چیدەلیَ ؟.
دلَشـــاد گـــوتی: ئەم جەلـــلادە نەداهیَـــنەرە، نەخویَندەواریشـــی هەیە تـا بتوانیَـت پـەرتووک بنوسـیَتەوە، پـەرتووکی رەشـی بەزینـــــــدانیەکان نوســـــــیوەتەوە ... ئەم جـــــــۆرە ئەشکەنجەدانەش داهیَنانی من بووە بەم جەلادەم داوە.
ســـەرۆک، کەمیَـــک دامـــا. پاشـــان وتـــی : ئەمشـــەو ئەبـــوخزەیر شەهید دەبیَت .
ســـــەرۆک بە دلَشـــــادی گـــــوت : زەکەری رەفیـــق خزەیـــــر ببەستە.
دلَشـــاد زەکەری ئەبـــو خزەیـــری بەســـت و بە ئەســـپایی پیَیگوت : ئەمە لە تۆلەی هاوریَکانم.!

هەرچەنـدە ئەبـوخزەیر پـاڕایەوە لە سـەرۆک، بـیَ ئەنجـام بـوو. سـەرۆک پێیـوت: ڕەفیـق خزەیـر ئێسـتا دەبێـت دڵسـۆزیت بـۆم نیشـان بـدەیت، دەمەوێـت خـۆت بیرەکـان بخویتەوە.!

لە کاتێکـدا ئەبـو خزەیـر بیرەکـانی دەخـواردەوە و هـاواری لێهەلدەسـتا. سـەرۆک ڕووی دەمـی لە شـاعیرو نوسـەرەکانی کـردو وتـی :دەمەویَ سـبەینیَ لاپەڕەی ڕۆژنامەکـان بـڕازێننەوە بە وێـنەی شـەهید ئەبـوخزەیر و پەرتووکی ڕەش.!

لەهەمـان کاتـدا دڵشـاد کـاکەیی میـزی بەسـەر پـەرتووکی ڕەشدا کردو ژیانی بۆ یەکجاریی تاریک بوو.!

## بۆقێکی ژەهراوی

**پێش** ئەوەی وورگم هەڵدڕن و بۆقەکەی تیا دەربێنن، پزیشکەکان دەیان وەرەقەیان پێ ئیمزا کردم. بەڵام من یەک مەرجم هەبوو کە بۆقەکە نەکوژرێ و لەگەڵ مندا بمێنێتەوە؛ پزیشکەکان ڕازیبوون و بەنجیان کردم بەرەو ژووری نەشتەرگەری بردمیان.
چیرۆکی ئەم بۆقەش بەمشێوە دەستی پێکرد:
چەند هەفتەیەک لەمەوپێش ژانە زگم بوو سەردانی پزیشک و نەخۆشخانەم کرد هیچ ئەنجامێکی نەبوو، منیش لە تاو ئازار خەریک بوو شێت دەبووم. لە دوا جار هەستم کرد شتێک لە ناو زگم دەجوولێ بەپەلە چووم بۆ ژووری فریاکەوتن. وەک ژنێکی دوو گیانە زگمیان بە سۆنەر سەیر کرد لە ناو سکرینەکە سەرە مێکوتەیەک دەبینرا کە وەک شێت بە هەموو لایەک ڕای دەکرد. پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە لێم ئالا بوون سەیری سکرینەکەیان دەکرد و سەریان سوورمابوو، پاشان کۆبوونەوە بەپەلە بڕیاری نەشتەرگەری کردنمیان دا.
کاتێک ئاگادار بوومەوە لەسەر تەختی ژوورێک ڕاکشابووم، ئاوی موخەدی بە دەستمەوە بەسترابوو هەرچەند خەواڵوو بووم بەڵام حەوزێکی شووشەی گەورەم بینی لایەکی پڕ لە ئاو لایەکەی تر ووشکە لمی

تیابوو. سەری حەوزەکە داخرابوو، لە پڕێکا چاوم بە بەچکە بۆقێک کەوت بازدانێ دەکرد ئەویش کە چاوی بە من کەوت هەڵوێستەیەکی کرد هەستم بە بزەی پێکەنینی کرد لە تاو ئازارم بە ڕقەوە سەیریم کردەوە. وتم : ئای کە بۆقێکی زشتی.

پزیشکەکان دەستکێش و دەمامکیان بەستبوو هاتنە ژوور ئامۆژگارییان کردم کە چۆن دەرمانەکان دەڕژێننە ناو ئاوی موخەدییەکەو ڕۆژانە چەند جار سەردانیم دەکەن، لە هەمان کات چاودێری بۆقەکەش دەکەن و خواردنی بۆ دێنن، خواردنی بۆقەکە پێشوولەو سیسارک بوو.

لە پاش هەفتەیەک هەستم کرد برینەکەم سارێژ دەبێت بەڵام بەداخەوە بۆقەکە گەورەتر دەبوو وورگشی ئەستوورتر دەبوو لەمەش ناخۆشتر شەوان بە واقە واق کاسی دەکردم. منیش هەرچەند قسەم بۆ دەکرد ئەو زیاتر ئیزعاجی دەکردم، نەمدەوێرا پزیشکەکان ئاگادار کەمەوە نەوەک لە ژوورەکەم بیگوازنەوە.

من بۆقەکەم خۆش نەدەویست بەڵکو دەمویست بزانم ئەم بۆقە لە کوێوە هاتووە ناو زگم و چی بەسەردێ، ئەوەندەش ئازاری دابووم ڕۆژ بە ڕۆژ ڕقم زیاتر لێ هەڵدەستا. بەتایبەت لەم ڕۆژانە کاتێ واقە واقی بەئەندازەی خۆێ نییە خەریکە مێشکم بتەقێنێ .

پزیشکەکان ئاوی موخەدیەکەیان لێکردەوەو ڕۆژانە حەب و دەرمانم دەخوارد، لەگەڵ بۆقەکە دەدوان و وێنەیان دەگرد ئەندازەکەیان لە فایلەکە دەنووسی. دەیانوت: تا ئێستا هیچ زانیارییەکمان نییە ئەم بۆقە لە کوێوە هاتووە ناو لەشی تۆ .!

داوایان لێ کردم بەسەرهاتی ژیانم بە ووردی بنووسمەوە بەڵکو یارمەتیان بدات لە گەیشتن بە ئەنجامێک. منیش سەرم سووڕمابوو چۆن بتوانم هەموو شتی بەووردی بنووسمەوە، باشتر وایە پزیشکەکان وورگی بۆقەکە هەڵدڕن تا بزانن لە کوێوە هاتووە .

زۆر لــه بۆقەکــه پاڕامــەوه چیتــر واقــه واق نــەکات بــیٚ ئــەنجام بــوو، ناچــار کــونی گــوێچکم دەگــرت شــەوانه بــه ملپێچەکــەم چـــاوم دەبەســـت ڕوونـــاکی گلۆپـــەکانم ڕوو لـــه بۆقەکـــه دەکــرد، دەمویســت مانــدووی کــەم بۆســاتیٚ پشــوو بــدات بــەڵام ئــەم بۆقــه وەک ســەگی هــار هەڵبــەز و دابــەزو واقــوو ووقی نەدەبڕایەوه .

مـــانگێکی نـــەبرد بۆقەکـــه بـــه ئەنـــدازەی ســـەرمی لێهـــات پزیشـــکەکانش ســـەریان ســـوورمابوو، زاناکـــان لـــه گشـــت وڵاتـــان دەهـــاتن لەســـەر مـــن و ئـــەم بۆقـــه زانیارییـــان کــۆدەکردەوه ڕۆژ بــه ڕۆژیــش کــەس گــوێی بــه ئازارەکــانی مـن نــەدەدا بــەڵکو بۆقەکــه جێگــای ســەرنجیان بــوو، تێریــان دەکردو یارییان لەگەڵ دەکرد.

دووبــاره ژانــه زگ هــاواری لــیٚ هەلســانم، پزیشــکەکان حــەبی مســەکن و خــەویان دەدامــیٚ تــا ئــارام ببمــەوه بێچــاره بــووم کــه ســەیری بۆقەکــەم دەکــرد پــێم پێدەکــەنی و لەگــەڵ واق و واقەکــەی ترشــی دەکــرد کــەبۆن و دەنگەکــەی گێژی دەکــردم .

لــه بێزارییــا چــووم بــه گژیــا تــف و نەعلــەتم کــرد ئــەویش بــه زمـــانی درێـــژی لیکـــی بەســـەر شووشـــەی حەوزەکـــه دەنووســـاند، هەڵبـــەز هەڵبـــەزی بـــوو دەیووســـت بچـــیٚ بــەگژما. منــیش بــۆ ئــەوەی تۆڵــەی ئازارەکــەمی لــیٚ بکەمــەوه پلانــم دانــه بــه چــەقۆ ئــەو وورگــه زلــەی بدڕم، جار نا جارش گلــەییم لــه وییــژدانم دەکــرد کــه مــن خــاوەنی دلڕەقــی نــەبووم کــەچی لەوەتــەی ئــەم بۆقــه لــەدایک بــووه هەســتو دەروونــی شـــێواندووم ، ئـــازاری بـــۆ هێنـــاوم لەگـــەڵ یەکـــەم بینینـــی گاڵتەی پێکردووم.

ئــەم بەیانییــه کاتیٚ خواردنیان بــۆ هێنام لــه تــاو ئــازار نــانم بــۆ نــەدەخوورا بــەڵام چــەقۆ و چنگاڵەکــەم شــاردەوه، ئــەم بۆقــه زۆڵــه هەســتی بــه شتیٚ کــرد بۆیــه لــه قەڵــەوی بێــت یــا لەترســا لــه جوولــه کــەوت کــەچی واقــه واقــی دەگەیشــته قاوشــەکانی تــر. نزیکــی کــەوتم و پیمــوت: بیبڕێنــەوه، لــه کــونی ســەرقاپی

حەوزەکە دەستم شۆڕ کردەوە و پەنجەم کردە دەمی، گەزی لە پەنجەم گرت. پەنجەم کرد بە قورگیا لە دواوە هەوای بەردەدا تا پەکیم خست. هەرکە هاتەوە هۆش واقە واقی کردەوە، لەناکاو پزیشکەکان هاتنە ژوورو وتیان: دەبێ ئەم بۆقە لە نەخۆشخانەکە بگوازینەوە چونکە هەموومانی ئیزعاج کردووە.
لێیان پاڕامەوە کە تەنیا ئەم شەو لەگەڵمدابێت، سەرەتا ڕازی نەبوون پاشان خۆم شێت کردو گریام. وتیان: زۆرباشە بەیانی زوو دەیگوازینەوە.
ڕوو بەڕووبەری بۆقەکە دانیشتم بینیم دەست وپەنجەکانم ئاوولەیان کردبوو، ئەویش ساتێ بێدەنگ بوو کە وامزانی هۆشی هاتووە خۆی و عاقل دەبێت. پێموت: بزانە ئەم بێ دەنگی و ئارامییەت چەند جوانە، واق و ووقت سەرمانی ئێشاند تکات لێدەکەم بیبڕێنەوە خەریکە گوێچکم کاس دەبێت.
کەچی ئەمجارەیان واقە واقی بەرزتر بوو لەوانەیە هەموو دانیشتووانی شاری کاس کردبێ ، چەقۆ و چنگالەکەم لە یەکتر خشاند و هەڕەشەم لێکرد. ئەویش پێدەکەنی.!
لە پڕێکا پزیشکەکان هاتنە ژوور وتیان: ئەم بۆقە ژەهراوییە ئەبێ لە تۆ دووری خەینەوە، خۆ دەستت لێنەداوە؟.
وتم: ها ... ئەوە دەڵێن چی؟!
بۆقەکەیان لەگەڵ خۆیان بردە دەرەوە، ویستم لەدەستیان دەربێنم بەڵام بێ هێز بووم نەمتوانی لەشوێن خۆم بجوولێم، دڵتەنگ و خەمبار لەسەر قەڵەوێرەکەم ڕاکشام.

## تابلۆیەکی خەناوی

**گـــۆرانی** (ئێمـە گیـانێکین لـە دوو جەسـتەدا)*، سـمبوڵی خۆشەویسـتی مـن و کچـە قـەرەجێکی هاوسـێمان بـوو. هـەموو جـار لەگـەڵ گۆرانییەکـە چـاوم پـڕ دەبـوو لەفرمێسـک، کچـە قەرەجەکـەش پێدەکـەنی و جـوتێ چـاڵی سـەر ڕوومـەتی بـەدەر دەکـەوت. منـیش ئـاواتم دەخواسـت ڕۆژێک بتوانم ئەو ڕوومەتەی تێر ماچ کەم.
ئـەم کچـە قەرەجـە نـاوی (خونـاو) بـوو، هەمیشـە قـۆڵ و باسکی بـە خەنـە دەڕازانـدەوەو نـاو لـەپی دەستیشـی سـوور دەکـرد. بـەم بەهـەرە جوانـەی سـەرنجی کچـانی گـەڕەکی ڕاکێشـا بـوو ڕۆژانـە دەهـاتن بـۆ لای تـا دەسـتیان لـە خەنـە بگـرن، ئەگـەر کەسـێک پارەی نەبوایـە بـە میـروو یـان چەنـد نانـە ڕەقێکـی لێـوەر دەگـرتن.یەکـەمین جـار کـە مـاچم کـرد نـاو دەمـیم مـژی و بـە دەسـتم سـەریم گوشـی و بـە پەنجـەکانم ویسـتم گرێـی لەچکەکـەی بتـرازێنم، کـەچی پـاڵی پێوەنام و دووری خستمەوە. وتی : نامەوێ قژم ببینی.!
وتم : بۆ؟.

وتی : قژم کورته تا درێژ نەبێت نامەوێ کەس بیبینێ.!
وتم : بەپێچەوانەوە، من حەز بە کچی قژ کورت دەکەم، بەتایبەت ئەو کچە قژ کورتانەی لە تەلەڤزیۆن دەیان بینم زۆر لام جوانن.
بە کڵی چاو لەسەر مەچەکم روخساری کچێکی قژ کورتی کێشاو
وتی : دەزانی ئەمە کێیە؟.
وتم : نا، نازانم. بەس بە تۆ دەچێ؟.
وتی : ڕاست دەکەیت.
پاشان لەخوار ڕوخسارەکە وێنەی جوتێ هەرمێی کێشاو
وتی : دەزانی ئەم وێنەیە لە چ مێوەیەک دەچێ؟.
وتم : هەرمێ.!
وتی : ئافەرین، مەمکم وەک هەرمێیە بەس زۆر بچوکە دەترسم حەزیان پێنەکەی؟.
وتم : من عاشقی مەمک بچکۆلانەم!، ( لەو ڕۆژەوە زانیم ئەم کچە قەرەجە زۆر دەزانێ ) لێم پرسی : تۆ چۆن فێری وێنە کێشان بوویت؟.
وتی : هەر لە منداڵییەوە لەشم لە خەنە دەگرت، پاشان فێربووم بە پەنجەکانم خەت بکێشم و بە نینۆکەکانم خەتەکان ببڕم و باریکیان کەمەوە.
وتم : گەر ماچێکیترم بدەیتێ کیلۆیەک خەنەت بۆ دەکڕم؟.
لێوی هێنایە پێشەوە، منیش لە باوەشم گرت و ماچە شیرنەکانیم قوتدەدایەوە، ئەمجارەیان دەستم شۆڕکردەوە بۆ سەرمەمکی دوبارە پاڵێکی پێوەنامو. وتی : تۆ زۆر شەیتانی.
وتم : نا ویستم ئەندازەی مەمکت بگرم.!
وتی : با بمێنێ بۆ جارێکیتر.!

وتم : ئەی ئەگەر کیلۆ خەنە کە بکەم بە دوان؟.
وتی : نا، پێویستم پێ نییە خەنەش مەکرە تا خۆم پێت نەڵێم چونکە فەردەیەک خەنەم هەیە هێشتا نەمکردووەتەوە.!
وتم : لە ژیانە حەز بەچی دەکەیت ؟.
وتی : حەز بە خەنە دەکەم، حەز دەکەم سەرتاپای لەشم لە خەنە بگرم.!
وتم : ئەی حەز بەچیتر دەکەیت؟.
وتی : حەزی من بە تۆ نایەتە دی.!
وتم : پێمبڵێ؟.
وتی : من حەز بە بینینی هەرەس هێنانی بەفر دەکەم.!
وتم : هەرەسی بەفر؟، من ئەم شتەم نەبینیوەو نەبیستووە.!
وتی : کاتێ سەرچیاکان بەفر دایان دەپۆشێ، تووڕە دەبن و بەفرەکان تورهەڵدەدەنە خوارەوە؛ کاتێ بەفرەکانش خلۆردەبنەوە ئیتر خۆیان ناگرن و بەفرەکانی تریش هەڵدەماڵن و بە قەد ئەو چیایە شۆڕ دەبنەوە تا دێ ئەندازەیان گەورە دەبێ کە نزم دەبنەوە گەر دێیەک بێتە بەردەمیان رایدەماڵن.!
وتم : کەواتە تۆ هەرەست بینیوە؟.
وتی : بەڵێ ، هەر ساڵ بەفر زۆر بباریێ باوکم دەمانباتە بنار چیاکان هەوار هەڵدەدین لە چیاکان وورد وورد دەڕوانین تا بزانین هەرەس لە کوێ دەست پێدەکات.!
وتم : من نازانم هەرەس چییە! ... بەس دەزانم تۆم خۆشدەوێ جارێکیتر مەڕۆ بۆ بینینی هەرەس، هەر لەگەڵ مندا بمێنەرەوە.
وتی : ناتوانم نەچم... ئێمە هەر ساڵ کۆدەبینەوەو هەوار هەڵدەدەین، خۆمان لە خەنە دەگرین بە ڕووتی لەگەڵ تۆ

پەڵـە بـەفرەکان یـاری دەکـەین، ڕەنگـەکان ئاوێتـەی یـەکتر دەکـەین، بەفرەکـە دەبێتـە فەرشـێکی پەمـەیی، تیشـکی خـۆریش بـاوەش بـە بەفرەکـە دەکـات بـەری نیگـای چاومـان دەگـری، لـەم کاتـە ڕەنگـەکان دەبنـە پەلکەزێڕینەیـەکی بازنـەیی و لـە ناویـا سـەما دەکـەین تابـەری چاومـان لەگـەڵ سروشتی دیمەنەکە ڕادێتەوە .

وتم : ئەی سەرماتان نابێت؟.

وتـی : ئەمـە جـەژن وئاهەنگمانـە، ئاگامـان لەسـەرما نامێنێت.!

وتم : حەز بەچیتر دەکەیت؟.

وتـی : پێستەیەکی مـەڕ یـان بـزنم بـۆ بێنـە، وێنەیـەکی جـوانی لەسەر دەکێشم دەیکەم بە دیاریت بۆ یادگاری.!

وتـم : بەسـەرچاو ... دۆمـەکان دەبینـم پێسـتەکان وشـک دەکەنەوە بۆ تەپڵ دروست کردن، پێستەیەکیان لێدەکڕم.

وتی : دەباشە، شەو درەنگە من دەچمە ژووریَ.!

وتم : باشە ئازیزم گۆرانیەکەم بۆ بڵێ.!

دەمـی خسـتە بنـا گـوێم و گـۆرانی( ئێمـە گیـانێکین )ی هـەموو خوێنـدەوە، منـیش لـە هـەمان کـات بـۆنی گـەردن و ڕوخساریم دەکرد.!

ئـەو شـەوە خـەو نـەچووە چـاوم ، نەمـدەزانی بـۆ چیاکـان تـووڕە دەبـن و بـەفرەکان لـە خۆیـان دادەمـاڵێنن. لـەخودا دەپاڕامـەوە ئـەم زسـتانە بـەفر زۆر نـەباریَ و هەرەسـیش ڕوونەدا، لێ خوشەویستەکەم بار نەکات.

لەگـەڵ تـاریکی و لێڵـی بـەرە بـەیان چـاوەڕوانی گزنگـی خۆربووم بەسەر کەڵی شارەکەم بدرەوشێتەوە،

خـۆر بـەرز بـووەوەو سـێبەری دیوارەکـان کـورتر بـوونەوە. نزیکـی ماڵـە دۆمـەکان کـەوتم ، بینـیم پێسـتەی ئاژەڵیـان ڕاخستبووە بەر تیشکی هەتاو تا وشک بێتەوە .

پێمگوتن: من هاتوم بۆ کڕینی پێستەیەکی وشککراو .
وتیان : کاتێ وشک دەبێت دەیکەین بە تەپڵ، تۆ پێستەی وشکت بۆ چییە؟.
وتم : دەمەوێ وێنەی لەسەر بکێشم.
پێستەیەکی نەرم و پاک و خاوێنیان داپێم، دیوێکی لوس و جوان، دیوەکەیتری زبر بوو. لە بن هەنگڵم ناو تا بەردەم ماڵی خوناو ڕانەوەستام. تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە خوناو دەرگا بکاتەوە و دڵی خۆش کەم.
دەمزانی ئەم کچە قەرەجە دەست و پەنجەی بۆ نیگار کێشان کراوە جوانترین تابلۆم پێشکەش دەکات، گەر دەرگا بکاتەوە بە دەستی دیاری بمبینێ جوانترین ماچیشم دەداتێ.!
بە هێواشی لەدەرگامدا... دڵشم بە خێرایی لێیدەدا، چاوەڕوان بووم و ترس لە گیانم نەبوو گەر باوکی یا دایکی دەرگاکە بکەنەوە، دەڵێم: کچەکەتان نیگارکێشە با بەکەیفی خۆی وێنەیەکم لەسەر ئەم پێستەیە بۆ بکێشێ.(.خوایە خوناو دەرگا بکاتەوە تا چاڵی سەر ڕووخساری ببینم.(
دووبارە لەدەرگامدا کەس نەیکردەوە ، گەڕەک چۆڵ دیاربوو ، هەستم ڕاگرت حەوشەیان بێدەنگبوو. تا هێزم تیابوو لەدەرگامدا، کەس دەرگای نەکردەوە . لەم کاتە لەخوامدەویست کەسێ بێت و لێم بپرسێ : بۆ وا لەدەرگا دەدەیت؟ .
بازمدایە ناو حەوشەیان ... ماڵێکی چۆڵ، چەند لەتە نانە ڕەقێ لەو ناوە کەوتبون، جامێکی فافۆنم بینی بەخەنەوە داپۆشرابوو. ژوورەکانم پشکنی خاڵی بوو، چاوم گێڕا بە قەد دیواری گەچاوی هەیوانەکە شوێن پەنجەی خوناوم بینی بەخەنە چەندین هێڵی کێشابوو. هێڵەکان بەلقی

درەختـەکان دەچـون ڕەگەکەشـی خـەتێکی کەوانـەیی بـوو بـە دڵێکـدا چـەقیبوو. بەلقەکانـەوە وێنـەی هـەرمێکانی شـۆڕ کردبـووەوە، چوارچێـوەی دیـوارەکە شـوێن لەپـی دەسـتی خوناویان پێوە نوسابوو.
لەچـکەکەی بە قەد بزمـاری دیـوارەکە هەڵواسـیبوو.. دڵـم پێـی وتـم بگـری.. بگـری تـا دەتـوانی!، گەڕامـەوە حەوشـەو لـە نـاو جامـە خەناوییەکـە دەسـتم لـە خەنـە گـرت و بەگریانـەوە دەسـتم خسـتە سەردەسـتی خونـاو و خـۆم وەک پاسـاری بـە لقـی درەختـی دیـواری هەیوانکـەوە هەڵواسی.. بۆنی خەنەش سەرتاپای لەشی داگیر کردم!..

## داستانی هەڵۆکان

**سـەرقاڵی** گێـڕانەوەی بیرەوەرییەکـانی شـاخ بـووم بـۆ منـداڵەکانم ، لە پـڕ هەڵـۆیەک لەسـەربانی خانووەکەمـان نیشـتەوە . بە ئاسـپایی سـەرم هەڵبـڕی بینـیم هەڵـۆیەکی گیـان مانـدوو شـەکەت ، دەنـوک زەردی چەمـاوەو پەڕو باڵ پەرشو بلاو، سـەری تـا خـوارملی سـپی بـوو لەشـێکی ڕەشو خـاڵ سـپی، کلـک خـوارو خـێچ. لەم جـۆرە هەڵـۆیەم هەرگیـز نەبینیبـوو، زۆربەی هەڵۆکـان ڕەنـگ خـاکی و چـاو خورمـایی و بەسـامن ، بەڵام ئەم هەڵـۆیە سەڕسووڕهێنەرو جیاوازبوو.

هەرچەنـدە ئەو هێـزەی جـارانم نەمـاوە بە پەلە بەپەیژەکـان سـەرکەووم ، ناچـار وەک پیرەمێردێـک بە سـانایی بەرەو سـەربان چـووم، لە هەڵـۆکە نزیـک بـوومەوە دەترسـام بـدات لە شـەقەی بـاڵ و بفـڕێ کەچـی لە شـوێن خـۆی نەجـوولا.! دەسـتم بـۆی بـرد و لە بـن هەنگڵـم نـاو هێنـامە خـوارەوە، منـداڵەکانم لـێم ئـاڵان، دەسـتیان لە پەڕەکـانی دەدا . قـومێ ئـاوم بـۆ دانـا لەگەڵ پـارچەیەک گۆشـت ، هەڵـۆکە ئـاوڕی

لێنەدایەوە. پاش کەمێک چاوەڕوانی ناچاربووم خۆم ئاوو پارچە گۆشتەکە بکەم بەدەمیا .
زانیاریەکی ئەوتۆم نەبوو لەسەر ژیانی هەڵۆکان، لە ئینتەرنێت پشکنینم کرد لە پەرەگرافێک نوسرابوو تەمەنی هەڵۆکان چڵ سالێکە کاتێک پیردەبن دەنوکیان نەرم دەبێت و دەچەمێتەوە چیتر ناتوانن دەنوک بە خواردنا بکەن، باڵەکانیان شەکەت دەبێت توانای فڕینیان نامێنێ. زۆربەی هەڵۆکان کاتێ پیردەبن بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە، هەندێکییان نان ناخۆن تادەمرن یاخود لە بەرزایی چیایەک خۆیان هەڵدەدەنە خوارەوە.
لە پەرەگرافێکی تر نوسرابوو هەڵۆکان لە دوای چڵ ساڵ تەمەن گۆڕان بەسەر لەشی خۆیان دێنن و تا سی سالی تر ژیانیان نوێ دەکەنەوە، بەڵام ئەم گۆڕانە هەموو هەڵۆکان ناگرێتەوە. چونکە دەبێت بەقۆناخێکی سەخت تێپەڕن... دەبێت بچنە سەر لوتکەی چیایەک لەو بەرزاییە ئاسۆیەکی روناک ببینن و دەنوکیان بکوتنە سەرتاشە بەردێک تا دەنوکی چەماوەیان لێدەبێتەوە، باڵە فرکێ بکەن تا پەرە موچە خوارو خێچەکەیان هەڵدەوەرێ و نوێدەبێتەوە، هەروەها دەبێت سی رۆژ نان نەخۆن و خۆڕاگربن تا ئەم گۆڕانەیان بەسەردێ، ئەمەش بە هەموو هەڵۆیەک ناکرێت.
پاش خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافانە شەو خەو نەچووە چاووم، دەمگوت " کێ دەڵێ ئەم هەڵۆیە دەتوانێ بەو قۆناخە سەختە تێپەڕێ، بەس لەبەر ئەوەی شەنسی ژیانێکی نوێی هەبوو لە کەڵەی سەریدابووم بیبەم بۆ سەر لوتکەی چیایەک و ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەم".
دوودڵ بووم دەمگوت" کێ دەڵێ ئەم چیرۆکانە ئەفسانە نین و ماندوو بوونەکەشم بە فیرۆ ناڕوات"؟.

بەرەبەیان سەردانی هەڵۆکەم کرد بینیم کز دامابوو هیچ سامێکی نەبوو دەتگوت مریشکی خۆماڵییە، سوێم بووەوە و بڕیارمدا بۆ دوا تەمەنی ژیانم ئەم تاقییکردنەوەیش بکەم. چیرۆکی گەشتەکەم بۆ منداڵەکانم گێڕایەوە، کچ و کوڕە هەرزەکارەکەم ڕازی بوون و دەستخۆشیان لێکردم تەنیا هاوسەرەکەم نەبێت وتی" تۆ پیری ئاخر شەڕی، کەی تۆ تاقەتی ئەوەت ماوە بە هەورازە سەرکەویت."

وتم : ژنەکە تاقەتی قەندیلم نەماوە، بەس بن و بنچکی پیرەمەگرون هەڵلاج و دابان وساراو ئاسۆس و سەفین شارەزام یەکیان هەڵدەبژێرم.

وتی : پیاوێکی کەلەڕەقی . گەر ئەم گەشتە نەکەیت مێشکی سەرمان دەبەیت، بە ئارەزووی خۆت بکە .!

بۆ ڕۆژی دوایی هەڵۆکەم لە قەفەزێک ناوو لەگەڵ کوڕە هەرزەکارەکەم بە ئۆتۆمبیلەکەی تا بناری چیای سارا چووین، لە گوندی (قەمچوخە) دابەزیم .

بە کوڕەکەم وت : تۆ بگەڕێوە، هەرچەندە ئەو لەڕێگاوە دەپاڕایەوە کە ئەم گەشتەم لەگەڵدا بکات بەڵام من تێمگەیاند کە خۆم حەز دەکەم لەگەل هەڵۆکەم پێکەوە ئەم تاقییکردنەوەیە بکەین. کوڕەکەشم دڵی نەشکاندم وتی: باوکە گیان لەبیرت نەچێت موبایلەکەتم بۆ شەحن کردووی.!

سوپاسییم کردو بەرەو بەردەم مزگەوتی ئاواییەکە چووم، چەند پیرەمێردێک بەخێر هاتنیان کردم. لەبەرئەوەی هەڵۆکەیان بەدەستمەوە بینی پرسیاریان لێکردم: بۆ ڕاوکردن هاتووی؟.

وتم : نەخێر.

بەسەرهاتی خۆم و هەڵۆکەم بۆ گێڕانەوە، ئەوان بزەی پێکەنین گرتیانی ، منیش وتم : هەر بەشێتم نەزانن، باشە.!
فەرموویان لێکردم بۆ ماڵ بەلاّم من وتم پەلەمە ناتوانم شەو لێرە بمێنمەوە، پلانم داناوە ئەمشەو لە سەرمۆرد بم سبەینێ بەرە و لوتکەی سارا هەنگاوبنێم.
یەکێ لە پیرەمێردەکان وتی : تۆ دەتوانی هەورازەکەی سەرمۆرد ببڕی تا چیا ببڕی.
وتم : بە پێشمەرگەیاتی ئەم هەورازە ڕێچکەمان بوو ، ئێستاش هاتووم تاقی بکەمەوە.!
پیرەمێردەکە وتی : قوربانی غیرەتت بم ... منیش بە گەنجی لەو قەدپالانە بە گا جوتم دەکرد ، ئێستا ئاواتە خوازم ئەو ڕۆژانە بگەڕێنەوە.
ماڵئاواییم لێکردن و گوندی قەمچوخەم جێهێشت.
لە کاتێکدا تەم و مژی هەورێکی ڕەش لوتکەی چیای سارای لە باوەش گرتبوو من بەرەو سەرمۆرد بەڕێکەوتم، لە ڕێگا چەند خێزانێکم بینی لە ژێر کەپرێکدا بۆ سەیران هاتبوون و گەنجەکانیان سفرەیان دەرازاندەوە و مەزەیان خۆش دەکرد. من لەو خەیالە بووم کە ئەم هەورازە چەندین ڕێبواری بەڕێخستووە کەچی گەنجێک هاواری کرد : ئا... مامە توخوا وەرە پێکێکمان لەگەڵ بخۆرەوە.
بە بزەیەکی پێکەنین وەلاّمیانم دایەوە.!
سەیرە کاتێ تەمەن گەورەتر دەبێت ئەوەی دەتەوێ چێژی لێببینی گەڕانەوەیە بۆ سروشت و بۆن کردن وتەماشا کردنی ئەو دیمەنانەی لە زەمەنی گەنجی وەک با بەسەرتا تێپەڕین.

جانتایەک لەسەرشانم و قەفەزێکشم بەدەستەوە بوو، جاران لەم هەورازە کۆلەپشتێک و کلاشینکۆفێکم بەشانەوە بوو لەگەڵ هاورێکانم وەک هەڵۆ بەرز دەفڕین و ماندوو نابووین. کەچی ئێستا هەورازەکە ماندووی کردووم.

جاران ڕێچکەکان تووڵە ڕێ بوون ئێستا ڕێچکەکان گۆڕاون و پان بەرینترن، بە ئاسانی دەتوانی پشوو بدەیت، کاتێ گەیشتمە گوندی سەرمۆرد یەک تاکە ماڵم بینی ، سڵاوم لێیان کرد قەفەزەکەیان بەدەستمەوە بینی، وایانزانی بۆ ڕاوکردن هاتووم. دووبارە چیرۆکی خۆم و هەلۆکەم بۆ گیرانەوەو داواشم لێکردن کە بەشێتم نەزانن.

وتیان : بەڵام تۆ دەزانی زۆر سەختە بەو هەورازە سەرکەویت.

وتم : پێش ئەوەی گۆڕچان بگرمە دەست دەمەوێ خۆم تاقی بکەمەوە!

وتیان : بابە تازە تۆ بوویتە شاری ناتوانی چیا ببڕی، پاشان چیای سارا پڕە لە گورگ و ورچ.

پەشۆکام نەمزانی چیبلێم؟!. خاوەن ماڵەکە وتی : گەر تۆ هەر کەڵە ڕەقی دەکەیت و دەتەوێ هەڵۆکە زیندووکەیتەوە ئێمە ئەم دەمانچە چواردە خۆرەت دەدەینێ، ئەگەر گورگت بینی تەقە بە ئاسمانە بکە نەکەی بیان کوژی دوایی گەلە گورگت بۆ دەردەچن و دەتخۆن.

شەوێ لەگەل خاوەن ماڵ بەقسەی خۆش و گلەیی ژیان کاتێکی خۆشمان بردە سەر ، بەیانی زوو کە بەرێیانخستم دەتگوت سەد سالە یەکتر دەناسین باوەشیان پیماکرد و دوعای سەلامەتیان بۆ خواستم .

چەند دلۆپە ئاوێکم خستە ناو دەمی هەلۆکەم و مەتارە ئاوەکەو دەمانچەکەم خستە ناو جانتاکەم وبەرەو

هەورازەکە هەنگاوم هەڵبڕی، لەکاتێکدا خۆر بەرزتر هەڵدەکشا سێبەری درەختەکانش کورتر دەبوون، منیش هەنگاو بە هەنگاو ماندووتر دەبووم.
لە نیوەی ڕێگا تەواو شەکەت بووم وورەم نزمبووەوە خەریک بوو پەشیمان ببمەوە، چونکە لە دڵەوە بڕیاری ئەم گەشتەمدابوو بۆیە وتم تا سەر لوتکەی سارا نەبینم ناگەڕێمەوە.
پشوومدا و لەتێ نان و هەندێ گوێزم خوارد، هەرچیشم بپەستایە دەمی هەڵۆکە قوتی نەدەدا، بەدەم ڕێگاوە هەمیشە لەگەڵی دەدوام پێمدەگووت : ئەم گەشتە لەبەر خاتری خۆم وخۆت دەکەم ... یەکەم دەمەوێ بزانم ئەو تاقەتەی جارانم ماوە؟، دووەم بزانم تۆ دەتوانی بگۆڕێیت و سی ساڵیتر بژێیت؟.
لەلایەکیتر مەبەستم بوو نیشانی منداڵەکانمی بدەم کە ژیان تاقیکردنەوەیە دەبێت بەئەزموونەکانی تێپەڕین.
سەیرێکی موبایەلەکەم کرد شەبەکەی نەبوو ، دڵی خۆشکردم چونکە لەم گەشتەم دەمویست تەنیابم و لە دنیا دابڕێم .
خۆم کۆ کردەوەو ملی ڕێچکەکەم گرت، کزە بایەکی فێنک باوەشی بەڕووخسارما دەکرد ، بۆنی خاک و خۆڵ و گەلای درەختاکان پەڕەی یادە شیرینەکانی بۆ دەخوێندمەوە، ڕۆژانێ بوو هەموومان کوڕی ئەم نیشتیمانە بووین .
لە نساری ئەم کێوانە ڕیواسمان دەخواردو لەقەد پاڵی ئەم شاخانە بەفرمان دەتوانەوە، یاخییەکی سەرمەست بووین‌و ئاگامان لە ساتەکانی باخی تەمەن نەبوو.
کاتێ ڕێچکەکە پانتر بووەوە گەیشتمە تەختایی سەر چیاکە، شوێنەواری کۆنە ڕەبیەکانی دوژمن هێشتا مابوو.

هەڵـۆکەم بەرەڵـلا کـرد تـا پێیەکـانی سـڕنەبن، پێمگـوت : تـۆ ئێستا لەسەر چیای، ئاسۆیەکی گەش لەبەردەمدایە.
هەڵـــــۆکە وەک ئەوەی بە داروبەردی دەوەنەکە ئاشـــــنابێت بـۆ یەکەمـین جـار بـاڵەفرکێی کـردو هەڵـبەز هەڵـبەز بەسـەر تاشە بەردەکان فری، ئەم فرینەی هیوایەکی پێبەخشیم .
بەرەو سـەرلوتکەی چیـاکە چـووم، چەنـد پیـرە هەڵـۆیەکی تـرم بینـی لەبەرزایـیەک وەسـتابوون، لەم کـاتە هەڵـۆ ڕەش و سـپیەکەم بە فرینـیَکـی نـزم لەتەکیـان نیشـتەوە. ئەو هەڵۆیـانەش دەنوکیـان چەمـابووەوە شـەکەت ببـوون، بەڵام ڕەنگیان خاکی و چاو زەق و قاوەیی بوو.
کـاتێ منیـان بینـی زیـقە زیقیـان کـرد، دەنگیـان نـاخۆش و ترسناک بوو .
لەپڕێکـا چەنـد بەچـکە هەڵـۆیەکم بینـی بەرەو تروپکـی چیـاکە دەچـــوون کە دایکیــــان خـــواردنی بـــۆ دانـــابوون ، خـــواردنەکەش هەر بە کـــۆترە کـــوێی دەچـــوو. لە کاتێکـــدا بەچکەکـــان نزیـــک خـــواردنەکە دەبـــوونەوە بـــاوکەکە بە دەنـــووکی پـــاڵی پێوەدەنـــان و لەســـەر چیـــاکە بـــۆ خـــوارەوە، بەچـــکە هەڵۆکـــان لەترســـا دەیانزیقانـــد و بەتەقـــلە بەردەبـــوونەوە بەڵام کـــاتێ باڵەکانیـــان دەکرایـــایەوە بەرەو ئاسـمان دەفـرینەوە. چەنـد جارێـک بەسـەر دایـک و باوکیـان دەسـوورانەوە پاشـان لە خۆشـیا بەرەو قـوولایی ئاسـمان بەرز دەفرین.
ئەوسـا زانـیم هـیچ باڵنـدەیەک نـاتوانێ ئەنـدازەی هەڵۆکـان بفـڕێ و بە ئەزمـوون بێـت، مـن لەسـەر ئەم چیـایە هەر ئەوەتـا دەتـوانم بیـانبینم ئەگەر لەنزمـی بـم لەبەرچـاوم وونده‌بن.
لە هەڵـــۆ پیرەکـــانم ڕووانـــی ئەوان دەنووکیـــان بە تاشـــە بەردەکـــان دەداو پەڕی باڵیـــان بە زەوی دەخشـــاند، بەڵام

هـیچ گـۆڕانێکم لێیـان نەدی. چەنـدین هەڵـۆی تـرم بینـی لەپاڵ شـاخەکان مـردار ببـوونەوە؛ وتـم : گیـانلەبەر پیردەبێـت دەمرێ، چیرۆکی گۆڕانی هەڵۆکان ئەفسانەیە.!
لەناکـاو گورگێـگ بە دیـار سـەرمەوە وەسـتا، لە ترسـا بە ئەسـپایی دەسـتم بـۆ دەمـانچەکەم بـرد، نیشـانم لێگـرت بەڵام ئەو بە چـاوە تیـژو ترسـناکەکانی مـۆڕەی لێکـردم ، لەوە دەچـوو تـرس لە لەشـیا نەبێـت . منـیش نەمـدەوێرا تەقەی لێـبکەم نەکـا گورگەکـانی تـرش کـۆببنەوە، بە قـوونە خشـکێ لێـی دوورکەوتـمەوە و هەسـتامە سـەرپێ ، هەنگـاو هەنگـاو لێـی دوورکەوتـمەوە. گـورگەکەش هیـواش هێـواش سەر شاخ وسەر شاخ بەدوام کەوت.
چەنـد پـارچە گۆشـتێکم هەڵگرتبـوو بـۆ هەڵـۆکە لەنـاو جانتـاکەم دەرمهێنـا و تـوورم هەڵـدا بـۆ بەردەم گـورگەکەو ڕووی دەمانچەکاشـم هەمیشـە لێکردبـوو، دەمگـوت هەرکات پەلارم بدات تەقەی لێدەکەم.
گـورگەکە پەلە گۆشـتەکانی خـوارد، بـۆ منـیش فرسـەت بـوو بەرەو خـوارەوە شـۆڕ بـوومەوە، لە کاتێکـدا دەمزانـی لێژایـی و هـاتنە خـوارەوە لە چیـا ناخۆشـترە لەسـەرکەوتن بەڵام لەترسـی گـورگەکە ناچـار بـووم پـا هەڵبـرم، گەر سـاتمە بـکەم خلـۆربمە خـوارەوەو زامـاربم ، دەبـمە خـواردنی گورگەکـان. بـۆیە بە ووریـایی پـاژنەی پـێم لەڕێچەکەکەگیـر دەکـرد. هەرکـات ئـاوڕم دەدایەوە گـورگەکە دوورتـر لەجـاران بەدوامەوەبـوو بـۆ ئەوەی بـاری خـۆم سـووکترکەم نـانەکەم لەسـەر تاشـە بەردێکـدانا تـا گـورگەکە بە خـواردنی بخـافڵێ وازم لێبێنـێ. خۆشـم چنگـێ گـوێز و قـومێ ئـاوم خوارد.
لەترسـی گەلە گـورگ مانـدوو بـوونم لە بیرچووبـوەوە ، ئـاواتم خواسـت بەسـەلامەتی بـگەمەوە مـاڵ و بـاوەش بە

منــداڵەکانم بــکەم، کــاتێ ئاورمــدایەوە بینــیم ســێ چــوار گــورگیتر بە دوام کەوتــوون. گورگەکــان هەمــوو ڕەنگیــان ســپی بــوو چاوەکانیــان شــین و کەڵــبەی تیژیــان لەگەڵ هەناســەدان بەدیــار دەکەوت، چەنــد جارێــک بیــرم کــردەوە تەقەیــان لێــبکەم بەڵکــو بترســن و لــێم دوور بــکەونەوە، هەرچەنــدە بیســت ســی مەتــر لــێم دوور بــوون بەڵام هەرکات دوو بازیان بدایە دەگەیشتنە بان سەرم .
ئەوەنــدە شــلەژا بــووم بــاوەڕم نەدەکــرد ئەوە مــن بــم بەو گــورج وگــۆلییە هەنگــاو دەنــێم، لەهەمانکــات بیــرم لای ئەوەبــوو کە دەمــانچەکەم چــواردە فیشــەکی تیــایە گەر تەقە بــکەم نابێــت هیچــی بە خەســار بــدەم. جــار جــار نیشــانم لێــدەگرتن گورگەکــانش هەڵوێســتەیەکیان دەکــردو، دەیــانزانی ئەوەی دەســتم ترســناکە، بەڵام ئەوان هەر بێتــرس بــوون لە هەر هەنگــاوێکم بەدوام دەکەوتــن و بازیــان دەدایە ســەر کەلە بەردو شــاخەکان . ســەیر لەوەبوو هیچکات بە ڕێچکەکە ڕێیان نەدەکرد.
نیــوەی ڕێــم بڕیبــوو ئــاوایی ســەرمۆردم لێدیاربوو. مانــدوو بــووم و پەکــم کەوتبــوو، بــۆ هەناســە کێشــانێک پشــوویەکم داو بڕیارمــدا گەر نــزیکم بــکەون تەقەیــان لێــبکەم، پاشــان وتــم "ئەم گورگــانە زۆرزانــن دەیــانەوێ مانــدووم بــکەن ئینجــا پەلەمارم بدەن. "
بڕیــاری شــەڕکردنم دا و چیتــر بەپەلە هەنگــاوم هەڵنەبــڕی لەســەرخۆ دەهــاتمە خــوارێ، لە پڕێکــا گورگێــک ســەری ڕێچــکەکەی لێگــرتم زانــیم ئەوانیتــر دەیــانەوێ لە دواوەوە پەلەمارم بدەن.
فیشــەکێکم پێکــا بەوەی بەردەمــم بە لــوورە لــوور خلۆربــووەوە خــوارەوە ، ئــاوڕی دوای خۆمــدا دوو فیشــەکی تــرم بــۆ گورگەکــانیتر تەقانــد بەر قــاچی گورگێکیــان

کەوت بە نـــــووزە نـــــووز دەگەوزا و تـــــۆزی دەکـــــرد، گورگەکـان چـاو نەتـرس بەدیـار گـورگە برینـدارەکە وەسـتان ، منیش بە خشکە خشکە شۆڕبوومەوە خوارێ.
لەم کـاتە پۆلێـک هەڵـۆم بینـی بە ئاسـمانەوە تیـژ دەهـاتنە خـوارەوە، خـۆم لە پەنـای بەردێـک حەشـاردا، بینـیم بەچـکە هەڵۆکـــانن بەخێراییەکـــی زۆر ســـەیر بە دیـــار گـــورگە بریندارەکانەوە دەخولێنەوە .
بە نوخـــانە تیژەکانیـــانەوە چـــاوی گورگەکانیـــان شـــوخت دەکـــردو خوێنیـــان لێـــدەردەهێنا، دەمزانـــی ئەم هەڵۆیـــانە لەمێـــژە بە ئاســـمانەوەن ئێســـتا زۆریـــان برســـییە واز لەم گـورگە برینـدارانە نـاهێنن تـا نەیـانخۆن. خێـرا ئەو نـاوچەیەم جێهێشـــت، لە دوورەوە بینـــیم هەڵۆکـــان دەجەنگـــان و گورگەکانش ئەو ناوەیان جێدەهێشت.
لەم گەشـتە فێربـووم چـۆن چـۆنی هەڵۆکـان بەچکەکانیـان فێری فڕین و ڕاوکردن دەکەن.
منـیش بڕیارمـدا بـاقی ژیـانم لەگەل منـداڵەکانم بە خۆشـی بەرمە سـەر وچیـرۆکو بیرەوەرییەکـانی شـاخ بەشـێوازێکی نوێ بگێڕمەوە.

## سێبەری گۆنای یار

**مـــۆمی** ژوورەکـــە ســـێبەری گۆنـــای یـــاری لـــە دیـــوار نەخشـــاندبوو. چەنـــد تاڵـــە موویـــەک بـــە لێـــوار گۆنایـــەوە شـــۆڕبووبوونەوە لەبـــەر جـــوانی جووتـــە مـــەمکی، وەک هـــەنگ شـــیلەی گـــوڵ بمـــژێ نوســـام بـــە ســـێبەری دیوارەکـــەوەو پێیـــا هـــەڵگژام مـــەمکی وەک بـــاڵی پەپووڵـــە لـــەناو لـــەپی دەســـتم هەڵـــدەوەری. بـــە پێنووســـێ ســـکێچی لەشی یارم کێشا.

یار: ئەوە چی دەکەی؟

: گەر کەسێ عاشقبێ ئەبێ سێبەری یاری خۆش بوێ!

یار: وەرە دڵەکەم ماچێکم بەرێ!

دووبـارە هـەڵگژام بـە لەشـیا، هەڵوێسـتەیەکم کـرد لـە لەشـیم ڕووانی.

یار: بۆ واسەیرم دەکەی؟

: دەمەوێ خانەکانی لەشت ببینم!

یار: چۆن؟

: دەبیبینم خانەکان چۆن هەناسە دەدەن و زیندوو دەبنەوە!

یار: خۆشم دەوێ.

بیست ساله هەر بەخەیاڵ لەگەڵ یار بووم ئەو خەیاڵانەی دەمکرد هەموو هاتنە دی، مەمکی ئەندازەی ناو لەپی دەستم؛ لەشێکی ئەسمەری تاریک دەمێکی شیرین لێویکی باریک باڵایەکی بچکۆلانە. ئێستاش بۆ یەکەم جارە لەگەڵم دەنوێ چۆن بنووم کاتێ یار لەگەڵما بێت کێ ناڵێ سبەینێ بەجێم ناهێڵێ ؟.!

لە فڕۆکەخانە بە تاقە گوڵێکی سوور پێشوازیم لێکرد، یەکەم ماچم بوو بێترس لەیەک ئاڵاین فرمێسکی یەکترمان مژی.

لەسەر ئەم ماچ و باوەشە لەوڵاتانی دواکەوتوو بەرد باران دەکرێین، بردمە ناو ماشینەکەم کە بەگوڵ ڕازاندبوومەوە بووین بە بووک زاوا، یار سەری سووڕما.

وتی: دەمزانی تۆ شێتی.

کاتێ گەیشتینە ماڵ هەر بە گوڵ وێنەی دڵێکم بە دەرگاکەوە نەخشاندبوو، باوەشی پێما کردوو، وتی: بۆ وام لێدەکەی؟

وتم: چاوت بچووقێنە!

بردمە ژوور و دەرگام داخست، وتم: بۆنی چی دەکەی؟

وتی: بۆنی گوڵ و دارودرەخت دەکەم.
ئـاوازی دارسـتانم داگیرسـاند ژوورەکـە پڕ بـوو لـە دەنگـی چۆلـەکەو کـەناری، چـاویم کـردەوە. هـەر بەقـەد دیوارەکـەوە جووتم کردوو تێر دەمی یەکترمان مژی.
تـەختی نووسـتنم بـە پـەڕەی گـوڵ ڕازانـدبووەوە لـە یـەکتر ئـالاین، پاشـان خۆمـان شـۆری خاولییـەکانم بـە بـۆنی گـوڵاو کردبوو.
یار وتی: تۆ زۆر شەیتانی!
لــە برســا چوینــە چێشــتخانەکە فرنەکــەم کــردەوە ئاشــی شێخمەحشــیم بــۆ کردبــوو، تێرمــان خــواردو دیســانەوە چووینــەوە ســەر جێگــاو شــەڕە ماچمــان کــرد. دوو چــای شــیرینم هێنــاو بــەدەم قســەکردنەوە و باســی یادەکــان خواردمانــەوە. کــات خێــرا تێپــەڕی نیــوە شــەومان بەسەرهات.
یار وتی: مۆسیقای چیت هەیە؟
: ئینگلیزی، فارسی، فەرەنسی، ئیسپانی یا کوردی؟
وتی: ئیسپانی!
بتڵــێ شــەرابم کــردەوە ســەرو پــەرداخێ شــەرابی ئیتاڵیمــان نۆشـی، یـار سـەری گـەرم بـوو سـەمای لەگەڵـدا کـردم، لـە دڵی خۆم وتم: ئۆخەی بە ئاواتەکانم گەیشتم.
مانـدوو بـووین چوینـە سـەر جێگـا ڕاکشـاین ئـەو چـاوی چووە خەو منیش خەواڵوو بەدیار جوانیا ڕامابووم.

لــەم کاتــەدابوو ســێبەری گۆنــاو لــەش و لاری بــە قــەد دیوارەکــەوە ســەرنجی ڕاکێشــام. پێنووســەکەم هێنــاو سـکێچی لەشـیم کێشـا، پەنجـەکانم پـیٓنووسـەکەیان بـە توونـدی دەگـرت و بـە هێواشـی دیوارەکـەم ڕەشـدەکردەوە. لەشــی یــار مانــدوو شــەکەتی کــردم؛ نــازانم کــەی خــەو بردمییەوە.

کــاتێ بێــدار بوومــەوە تــەنیا لەســەر جێگــا ڕاکشــابووم، مالــەوەم پشـکنی یـار جێیهشـتبووم چونکـە لەسـەر دەرگـای ژوورەکــەی نوســیبوو: تــۆ کەســێکی ئاســایی نیــت، ببــورە دەبێ بەجێت بهێڵم.

لـەم کاتـە ماڵەکـەم بـۆنی شـەراب و نـان و گـوڵاوی تێکـەڵ پێکــەڵ کردبــوو. بوتڵــە شــەرابێکیترم هــەڵچڕی و چوومــە ژوورەکـەم بـە دیـار سـکێچی یـار دانیشـتم بـە پێنووسـەکەم دووبـارە قـژی ڕەشـیم شـانە کـرد مووەکـانی سـەرگۆنایم لار کـردوەوە، هێڵکـاری لەشـیم کـرد تـا نـوکی پەنجـەکانی پێـێ. ئامــادەم تــا بیســت ســاڵیتر لەگــەڵ ســێبەری گۆنــای یــار بژیمەوە.

## ڕۆژمێری چوار سالی زانکۆ

**بەســـەرهاتی** خۆشەویستیم: مـن و دارای هـاوڕێم لـە زانکـۆی بەغـدا وەرگیـراین لـەڕۆژی ئاهـەنگی یـەکتر ناسـینی قوتابیـان کچێکـی باریکەلانـەی خـوێن شـیرین بـوو بەهاوڕێمان کـەوەک خۆمـان خـەڵکی کـەرکوک بـوو بـە نـاوی دڵسـۆز. هەرسـێکمان یـەکترمان خۆشدەویسـت چوونـە سـینەماو شـانۆگەری هـاتووچۆی کـەرکوک تەنانـەت خزمـەکانمان بـوون بـە ناسـیاوی یـەکتر هـەر بەبۆنـەی ئـەم پەیوەندییەوە.

لـە یەکـەم ڕۆژی چوونـە زانکـۆ دارای هـاوڕێم ڕۆژمێـری کـڕی بڕیاریـدا هـەموو شـتێ بنووسـێتەوە تـازانکۆ تـەواو دەکات.

سـەرەتای سـاڵی یەکـەم بیرمـان کـردەوە کـە دەنکـێ پەیـدا بکـەین بـەڵام مـن هـەر لەیەکـەم ڕۆژی بینینـی دڵسـۆز

کەسـیترم لـەو جـوانتر نـەبینی و تـا ئێسـتاش هـەروا بیردەکەمـەوە. سـاڵی یەکـەم بـۆ زیـاتر یـەکتر ناسـین و لـە دەسـت نـەدانی هاوڕییـەتیمان داوای پەیوەنـدیم لەدڵسـۆز نـەکرد گـەرچی هەسـتم بـە خۆشەویسـتی چاوەکـانی ئـەویش دەکـرد، سـاڵی دووەم لـە ترسـی دارای هـاوڕیم گومـانم هـەبوو ئـەویش دڵسـۆزی خـۆش بوێـت دووبـارە دوامخسـت تـا هـەموو شـت روونبێتـەوە پاشـان داوای خۆشەویسـتی لێبکـەم، نـازانم بـۆ کـاتێ کەسـێکت خۆشویسـت ئیتـر پرسـیارو وەڵامـەکان ئـالۆز دەبـن، ئاگامـان لـەخۆمان نـامێنێ و هەڵسووکەتمان دەگۆڕێ!

سـاڵی سـێیەم نـەمتوانی چیتـر چـاوەڕوانبم، بەڵێنمـدا سـەرەتا لە دارا بپرسم پاشان ڕازی دڵم بۆ دڵسۆز بەیانکەم.

هەرچەنـد دەمزانـی وەڵامـی پرسـیارەکانم لـە نـاو ڕۆژمێرەکـەی دارا دایـە بـەڵام ویـژدانم ڕێگـای نـەدەدا بـە دزییـەوە لـە هەلێکـە ڕۆژمیرەکـەی بخوێنمـەوە بـاوەڕم هـەبوو هـەرچی ڕووبـدات بـا بەشـێوەی سرووشـتی خـۆی بنوسرێتەوە چارەنوسی ژیانم لەکەی تیا نەبێ .

کـاتێ بـە دارام ووت : ئایـە تـۆ دڵسـۆزت خۆشـدەوێ مـن دڵم پێوەیتی دەمەوێ داوای پەیوەندی لەگەڵدا بکەم.

دارا زۆر بـە ئاسـایی وەڵامـی دامـەوە : منـیش هەسـتم بـەم خۆشەوسـتیەی تـۆ کـردوە بـۆ نـاچی بـە دڵسـۆز بڵێیـت؟.

سـەرم سـووڕما مـن چەنـد سـاڵە لـەوەڵامی ئـەم پرسـیارە دەترسام کەچی لە بیست چرکە کۆتایی هات.

وورەم بەرز بوو یەکسەر چووم بۆ لای دڵسۆز هەر بەدەم پێکەنین و خۆشییەوە پێمووت: خۆشم دەوێ!
سەرەتا دڵسۆز وتی: ئەوە بەڕاستە؟
وتم : بەڵێ سێ ساڵە خۆشمدەوێی.
کەمێ بێدەنگ بوو پاشان وتی : دەکرێ هاوڕێیتیمان بەردەوام بێت و ساڵێکی تر وەڵامت دەمەوە.
هەڵوێستەیەکم کرد وتم : ساڵێکتر...؟! ( بیرمکردەوە نابێ زۆری لێبکەم) پێکەنیم وتم بۆ نابێ گەر تۆ ناوت دڵسۆز بێت بە دڵسۆزی وەڵامم دەدەیتەوە.
بەردێکمان لەسەر ئەو بابەتە دانا هەرسێکمان خۆمان گێل کردبوو بەلام دڵنیا بووم هەرچۆن دڵی من ئۆقرەی نەمابوو بەهەمان شێوە چاوی دڵسۆزو دارا هەزار شتیتری تیا دەخوێندرایەوە، دەکرا ئەوان یەکتریان خۆشبوێ بەلام بۆ بەمنیان نەدەووت. بۆ دەبێ من هەوڵ بدەم بزانم ئایە یەکتریان خۆشدەوێ؟ دەبوو بەمن بڵێن. چیدەبوو دڵم دەشکا؟ دەمردم یا خود بایی ئەوەندە خوێندەوار نەبووم بڵێم پیرۆزی یەکتربن.
تۆ بلێی خۆشیانم نەوێ وازیان لێبێنم، باوەڕم نەدەکرد جار هەبوو دەمووت نا من دڵسۆزم زۆر خۆشدەوێ بۆیە ئیرەیی دەکەم و دڵم پیس بووە و لێکدانەوەی خەراپ دەکەم.
ساڵی چوارەم ئەم خۆشەویستییە بووە کێشەیەک و گرێیەک لە دڵم لە کاتێکدا مێشکم خەریک بوو بتەقێ، چوومە لای دارا باسی دڵی خۆم بۆی کرد وتی: ڕاست

دەکـەی نـابوو وەڵامەکـەت دوا بکـەویٚ بـەڵام تـەواو ئێسـتا ساڵی چوارمە برۆ دیسان لە خۆی بپرسە!

ڕاسـتی مـن کەسـێکی گـەمژەبووم ئەوسـا، ئەگینـە گـەر کەسـیٚ کەسـێکی خۆشـبویٚ عاشـق بێـت وەک مـن یەکسـەر دەڵیٚ : بەڵیٚ منیش وەختە شێتبم بۆت و خۆشم دەویٚ!

بـەلام لـەم ژیانـە دەبـیٚ هەنـدێجار خۆمـان شـەقەکەی بخـۆین ئەوسـا فێـردەبین، ئـەگینا لـە یەکـەم ڕۆژی گومانـەوە دەبوایـە ڕازی نەبوومایـە بیکـەم بـە هاوسـەرم ئـەو منداڵەشـمان نـابوو بـەبیٚ نـازیٚ بـاوک پـەروەردە بێـت تـازە ڕابـوردوو گەڕانـەوەی نییـە منـیش یەکـەم کـەس نـیم شـیرازەی خێزانـی لـیٚ تێکچـیٚ، بـەڵام یەکـەم کـەس دەبـم چەنـدە منداڵەکـەم خۆشدەویٚ بەو شێوەش تا دەمرم دڵسۆزم خۆشدەویٚ.

لـەو بـاوەڕەم دڵسـۆز سەرلێشـواو بـوو دەیویسـت بـە ژیـان لەگـەڵ دارا بێـت بـەڵام بـەدڵ لەگـەڵ مـن بێـت یـاخود بـە پێچەوانـەوە، هـەرکامیان ڕاسـتبێت زۆر جـار ئارەزووەکـانی ژیـان بـەو شـێوەیە نایەنـە دی کـە تـۆ دەتـەویٚ لـە هـەمان کـات دارا کـاتیٚ باسـی خۆشەوسـەتیت بکردایـە زۆر بەسادەیی یاخود خۆی گێل دەکرد.

جـا نـازانم لـە پشـتی پـەردە واتـە لەگـەڵ دڵسـۆز نیهێنییـەکانی دڵـی دەدرکانـد یـان نـا؟ هـەر چەنـدە پـێش ئـەوەی دڵسـۆز بخـوازم دووبـارە لـەدارام پرسـی : دەتانـەویٚ مـن لـەم پەیوەندییە وازبێنم

وتی : قسەی قۆڕ!

ڕاستیکرد قسەی قۆڕو نەزان بوو چۆن دەکرێ تۆ کەسێ بخوازی و پرسیاری گومانت هەبێت؟.!

بەڵام دەبوو چونکە ئەوکات سەردەمێک بوو، ئێستا لە پاش بیستساڵ هاتووم هەڵی دەسەنگێنم هەڵەکانی خۆم دەبینم، چونکە ئەو کاتەی مرۆڤ هەڵە دەکات خۆی بەڕاست دەزانێ لەپاشان شتەکان روونتر دەبنەوە!

زانکۆمان تەواو کرد و من دڵسۆز بووین بە هاوسەر پەیوەندیمان لەگەڵ دارا نەپساند جار جار سەردانیمان دەکرد یاخود ئەو دەهات بەسەری دەکردینەوە، ئەو لەگەڵ نەنکی دەژیا لەم دواییە کە هاتیینە ئەوروپا نەنکی کەلکی لێبڕابوو دەبوو بەردەوام خزمەتبکرێت.

دارا بەیانیان لەیەکێ لە قوتابخانەکای کەرکوک مامۆستا بوو ، ئێواران لەدەزگای رادیۆ هەواڵەکای دەخوێندەوە، هەندێک جار شەوان لەگەڵ چەند هاوڕێیکی مەست دەبوو تەلەفۆنی بۆ دەکردین.

من و دڵسۆز لە ئەوروپا کێشەمان نەبوو دەمانویست لەگەڵ کەلتوور و سروشتی خۆمان بگونجێنین، هەرچەندە یادگاری بەغداو خۆشەویستی کوردستان هەستی دەبزواندین کەرۆژێک دابێ بگەڕێینەوە لەهەمان کاتدا حەزی ئەوروپا چووبووە دڵمانەوە.

دڵسۆز دووگیانە بوو خۆمان ئامادەکرد لەگەڵ ئەم منداڵەمان ژیانێکی نوێ دەستپێ بکەین، بەڵام بەداخەوە لەپڕێکا هەواڵێکی دڵتەزێن هیواکانی سڕینەوە. ئاگادار کراینەوە کە دارا بە دەستی ئیرهابیەکان کوژراوە.

مـن لـه پـاش ئـەم هەواڵـە خـەمو ئازارەکـانم دەشـاردەوە چونکـە دڵسـۆز بـەجارێ مـاڵی وێرانبـوو تـەرکی دنیـای کـرد شـەو رۆژ دەگریـا، هەرچەنـدە دڵـیم دەدایـەوە بـێ سوودبوون.

دەمووت : ئەمە ژیانە هەموو شتێکی تیا دەبینین!

دلسۆز دەیووت: من لە مردن زیزم نابوو دارا بمرێ!

لـە رۆژی شـەهید بوونیـدا تـا ئێسـتا هـەر دڵتـەنگم تووشـی نەخۆشـی خـەمۆکی بوومـە، بـەڵام ئـەوکات دڵسـۆز دوو گیـان بـوو دەمویسـت ئازارەکـانی کـەم کەمـەوە کـەچی رۆژ بـە رۆژ بـاری ژیانمـان ناخۆشـتر دەبـوو هـەزارەها پرسـیار لـە ئەندێشـەم خوولیـان دەخـواردەوە؛ ئـەو کاتانـەش مەسـت دەبووم باری دەروونم خەراپتری لێدەهات.

لـەناکاو بیـری رۆژمێرەکـەی دارا هاتـەوە یـادم بۆیـە بڕیارمـدا سـەردانی کوردسـتان بکـەم تـا نـەنکی دارا مـاوە رۆژ ژمێرەکـە پەیـدا بکـەم و دوور نییـە وەڵامـی پرسـیارەکانم لەناویـدا بخوێنمـەوە، چونکـە دارا هەمیشـە باسـی دەکـرد کـە چـوار سـاڵ چـوار رۆژمێـری نوسـیوەتەوە، هەرچەنـدە مـن پـێم دەووت: دارا گیـان بنووسـەوە.

دەیووت: لە ژیانم هەر ئەو چوارساڵە گرنگ بوون!

کـاتێ بـە دڵسـۆزم ووت دەچمـەوە پێمنـەووت دەچـم رۆژمێرەکـە پەیـدا دەکـەم، بـەڵکو منـیش بێـزاریم نیشـانداو وتـم: دەزانـم تـۆ دووگیـانی دوومانـگ مـاوە رزگـارت بـێ لـەم بـارە قورسـە!، بـەڵام بـەڵێن بـێ زوو دەگەرێمـەوە تـا خزمەتت کەم!

دڵسـۆز ژنێکـی خـۆراگر بـوو بـەڵام لـەپاش جوانەمـەرگ کردنـی دارا دەسـتی لـە ژیـان شـۆری ئەوەنـدە لای گرنـگ نەبوو من چیدەڵێم.
لـە خانوویـەکی قایـەو گـەچی گـەڕەکی تەپـەی کـەرکوک مـاڵی نـەنکی دارام دۆزی، کـاتێ لەدەرگامـدا میمکـی دارا دەرگـای کـردەوە هـەر کـە ناسـیمیەوە قـورگی پڕبـوو لـە گریـان بـوو قسـەی پێنـەکرا منـیش چوومـە ژوور نـەنکـی دارا هـەر بـەدەنگ منـی ناسـییەوە و ئـەویش هەنـدیک گریـا. منـیش وامـدەزانی هـاتووم بەسـەر وێرانەیـەک یـاخود بەسـەر ماڵێکی ئەنفاڵ لێکراو.
پاشـان نـەنکی دارا جانتایـەکی نیشـانمدا منـیش هێنامـە بندەسـتم کردمـەوە، چەنـد کراسـێکی داراو ئـەلبومی تیـابوو لـەناو پەڕۆیـەک هـەر چـوار ڕۆژمێرەکـەو چەنـد نامەیـەک بوو لە سەری نوسرابوون لە دڵسۆزەوە.!
نـەنکی وتـی: شـەوانە دارا باسـی ئێـوەی زۆر دەکـرد منـیش ئـەم شـتانەم بـۆ هـەڵگرت دەمزانـی هـەردێن سـەردانیم دەکەن.
وتم: حەز دەکەم سەردانی گۆڕەکەی بکەم.
ڕێککـەوتین ئێـوارە بچـین، شـتەکانم هـەڵگرتوو بـەرەو مـاڵی براکـەم چـووم لـەڕێگا بڕیارمـدا تـا نەچمـەوە ئـەورووپا ڕۆژمێرکە نەخوێنمەوە.
ئێوارە لـە نەشـتەلێک نـەمامێکم کـڕی ماشـێنەکەم پـڕ ئـاو بـە فـراو کـردوو لەگـەڵ نـەنک و میمکـی دارا لەسـەر گۆڕەکـەی تێر گریان.

کـــاتێ نـــەنکی دارام بەجێهێشـــت وتـــی: بـــەختیار، دارا تـــۆی زۆر خۆشدەویست!
بێـــدەنگبووم و بەباوەشـــی گـــەرم جێمهێشـــتن، ئـــەم خۆشەویستیە چییە دڵی مرۆڤ وێراندەکات!، ئـەوەتا مـن چەندین وڵاتم بڕیوە بۆ وەڵامی خۆشەویستی. سەیرە گەر خۆشەویستی نەبێ بەچی رۆژگارمان ببردایە سەر؟.
پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئەوروپا تەلفۆنم بۆ دڵسۆز کرد وەڵامی نەبوو،چەند هەڤاڵێکم ڕاسپارد بچن سەردانی ماڵم کەن ئەوانیش وتیان ماڵ چۆڵە، بە پەلە بڕیارمدا بگەڕێمەوە چونکە دڵسۆز شێت ببوو دوور نەبوو سەری خۆی هەڵگرتبێ.!
سـەرەڕای نیگـەرانیم بـۆ دڵسـۆز، دووبـارە تووشـی دڵەڕاوکێ بووم. پرسیارم لەخۆم دەکرد: گەر رۆژمێرەکە بخوێنمەوە لەوەبێ هەندێ نهێنیم بۆ دەرکەوێ باری خەمم پترکات دوودڵ بووم لەخوێندنەوەی بەتایبەت نامەکانی دڵسۆز بۆ دارا تا ئێستا هەڵگیرابوون، لام سەیربوون بەڵام بۆ من ترسناک بوون.
بڕیارمدا کاتێ دەچمەوە گەر دڵسۆز لە ماڵ بێ دەیدەمە دەستی دەڵێم: نەمتوانی یان نەموێرا ئەم نامەو رۆژمێرە بخوێنمەوە، فەرموو ئەمە دیاری من بۆ تۆ!
هەر کات لەماڵ نزیکتر دەبووم ئەم خۆشەویستیەو رۆژمێرەکانم لا گرنگ نەبوو تەنیا هۆشم لای دڵسۆز بوو کە لەماڵ بێت و باوەشی پیابکەم، یەکەم لەبەر ئەوەی

زۆر زۆر بیــرم دەکــرد دووەم دەترســام نــەخوازە شــتێکی لێهاتبێ.
کـاتێ دەرگـای مـاڵم کـردەوە بـەوە دەچـوو سـەد سـاڵ بـووبێ کــەس لــەو ماڵــە نــەژیابێ، جانتەکــەم دانــاو چــاوێکم بــە ژوورو چێشــتخانەکە خشــاند مــاڵێکی وشــک و ڕەق و تــەق. لەســەر تەلەفۆنەکــە دڵســۆز نامەیــەکی نوســیببوو: چەنــدە لـێکم دایـەوەو لەگـەڵ خـۆم قسـەم لەگـەڵ کـردی هەسـتم کـرد ئـەو تاقەتـەی جـارانم نـەماوە تکایـە بـەدوام مەگـەڕێ مـن حـەز دەکـەم ونـبم گـەر بیرمتکـرد دڵنیـام ڕادێیت. ئـەوە مـن سـەری خـۆم هـەڵگرت تـۆش لـە سـفرەوە ژیـانێکی نـوێ دەست پێبکە.!
دڵســۆز وەک باڵندەیــەک فــڕی گــەر منــی خۆشــبوێ ئــەوە دەزانــێ هێلانەکــەی لــەناو دڵمایــەو دەگەڕێتــەوە گــەر فرینەکەشــی یــەکجاری بــێ و تــارا بــێ هیــوای بەختــەوەری دەخـوازم، ئـەمجارەیان شـێتنیم بـەدوای ڕاکـەم چـۆن ژیـانی هەڵدەبژێرێ سەربەستە!
ســاڵێک و دوان تێپــەڕی بێئومێــد بــووم لــە گەڕانــەوەی دڵســۆز بــەڵام چـاوەڕوابووم وەڵامێـک بنێـرێ بڵــێ منــداڵم بـوو مـن باشـم. ئـەو هەواڵـەش نـەبوو هـەر چەنـد دەزانـم ئێسـتا لـە یـەکێ لـە شـارەکانی ئـەوروپا پـاڵ بـە گالیسـکەی منداڵەکـەی دەنـێ یـاخود بـەیانیان زوو دەچـێ منداڵەکـە لـە دایانگـە دادەنـێ و دەچێتـە سـەرکار ئێـواران مانـدوو لەگـەڵ منداڵەکــەی دەگەڕێتــەوە ، ئــەو کۆرپەیــەی پیرۆزبێــت سەرقاڵی کردووەو منی لەبیر بردۆتەوە .

مــن چیتــر وەک گــەورە نــاژیم بــەڵکو وەک منــداڵێک بــێ ڕابــووردوو، بــێ ئــەوەی بیــر لــەداهاتوو کــەم دەژیَمو لەگــەڵ ئێســتا دەبــم، تــۆپێکم پێبــێ یــاری پێدەکــەم نامــەوێ بزانم چی ڕوودەدا لەژیان.

لــە ژیــان ئەمــەوێ لەگــەڵ منــداڵیتر یاریکــەم حــەز دەکــەم پایسـکیلێکی یـەک تایـەم هـەبێ سـێرکی پێبکـەم دڵـی منـداڵانی پێخۆش کەم.

لەگــەل ئــەم هــەرەس و ئــەزموونی خۆشەویســتیەم بڕیارمــدا نامــەکانی دڵســۆز و ڕۆژمێــری چــوار ســاڵ لەتەمــەنی زانکــۆ نەخوێنمەوە.

## پەردەی ژیان

**لەم** ڕۆژانە کارەساتێ لەماڵەکەم ڕوویدا . ببورە کارەسات نەبوو، ڕووداو بوو.
کچەکەم پێیگوتم : باوە گیان .. بمبورە نەمتوانی بەڵێنەکەم بگەیەنمە جێ!
وتم : بەڵێنی چی؟
وتی : دوو بەڵێنەکەی پارساڵ!
دامام و ترسام هەردوو بەڵێنەکە بەلامەوە گرنگ بوون!
وتم : کام بەڵێنیانت شکاندووە!
وتی : ئاخر لێمنادەی ؟
وتم : بلێ!
وتی : پەردەی کچێنیم لەدەستداوە!
دەرگای ژوورەکەم داخست و لە ماڵ هاتمە دەرەوە، زۆر تووڕە بووم؛ دەمزانی ئەگەر لەماڵ بمێنم توشی هەڵەیەک دەبم. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر شەو درەنگ بە مەستی گەڕامەوە ماڵ.
تا هەفتەیەک لەگەڵ کچەکەم نەدوام ... ئەویش هەر لەماڵەوە خۆی لێم دەشاردەوەو بە دزییەوە دەچوو بۆ قوتابخانە و دەگەڕایەوە.

کاتێ کچەکەم تەمەنی بوو بەحەڤدە ساڵ، لەگەڵی دانیشتم و دوو داواکاریم لێکرد. یەکیان کچ بێت تا ئەو کاتەی شوو دەکات، دووەمیان زانکۆ تەواو کات. ئێستا تەمەنی هەژدە ساڵانە بەڵێنێکی شکاندو ساڵێکیتر لەزانکۆ وەردەگیرێ ئەو بەڵێنەش بشکێنێ واتە ئەو هەموو ساڵەی بەخێوم کردووە پارەم لەبانک بۆ دانەوە هەمووی بە باچوو!

ئێوارەیەک تێکست ماسجم بۆ هات لە کچەکەمەوە نوسیبووی : ناتوانم بگەڕێمەوە ماڵ.

زەنگم بۆ لێدا ... وتم : تۆ شێت بوویتە!

وتی : باوە زۆر دەترسم لەم بێدەنگی و توورە بوونەت.

وتم : هەر ئێستا دەبێ بتبینم ... وەرە فلان قاوەخانەو بەجووتە قسە دەکەین.

وتی : باش.....

گەیشتمە قاوەخانەکە هەر لەبەردەم دەرگا باوەشی پێما کردوو وتی : باوکە خۆشمدەوێی.

وتم : با بچین هەر یەک (ئەزبەرییەک ) بخۆینەوە.

چووینە ژوور لە کوچێکی قاوەخانەکە دانیشتین ... ئەزبەرییەکە کەڵلەی تەزاندم.

وتم : کچم دەزانی ئەم ئەزبەرییە بۆ کەڵلەی تەزاندم ؟

وتی : لەبەر ئەوەی سەهۆڵەو ساردە!

وتم : کەواتە هۆی توورە بوونەکەی منیش هەردەبێت بزانیت... کەللە تەزیینەکەشم کاتییە.

وتی : باوە گیان، هیچ شەوێک نەنوستووم ؛ هەمیشە چاوم زەق بوو دەمگوت ئێستا نا ئێستا باوکم دێتە ژوورو دەمخنکێنێ!

وتم : تۆ شێتی چۆن دڵم دێت، باوەڕم بە کوشتن نییە ... سزاکەت ئەوەبوو چەند ڕۆژێ لێت زویربم.

وتی : بەڕاستە ؟!
وتم : بەڕاستمە بە مەرجێ بەڵێنەکەی دووەم بهێنیتە جێ؟
وتی : باوە گیان باوەڕدەکەم بەڕاستت بێت ... بەس لە دڵەوە هەر دەترسم.
وتم : کچم، من حەزم دەکرد کچ بوویتایە تا ئەو کاتەی شووت دەکرد، ئێستاش لەش لەشی خۆتە من حەقم بەسەرتەوە نییە ... ئەو ترسە لە لەشت دەرکەو با بچینەوە ماڵ.
کچەکەم دووبارە باوەشی پێما کردوو و بەسواری ئۆتۆمبی ًلەکەم بەرەو ماڵ چووین.
کاتێ گەیشتینە بەردەم دەرگای ماڵ چۆکی دەلەرزی دەمی تەتەلەی دەکرد.
وتم : چیبووە کچم ... تۆ لەگەل باوکی خۆتی!
وتی : باوە گیان هەرچەند لەماڵ نزیک دەبمەوە زیاتر دەترسم.
وتم : بۆ؟
وتی : لە کوشتن!
وتم : گوێبگرە بۆ دواجار پێت دەڵێم، دەمەوێ تۆ کچێکی ئازاو چاو نەترس بیت؛ زانکۆ تەواو کەو وابزانە هیچ ڕوونەداوە.
بە گریانەوە وتی : خۆزگە بمتوانایە ئەو ترسە دەرکەم ... چەندە پەشیمانم ... نەمتوانی بەسەر حەزەکانم زاڵبم ..
وتم : کچم... من دنیام زۆر دیوە خەم مەخۆ، خەڵک هەیە بە ئاشکرا منداڵی خەڵک دەکوژێت کەسیش ناوێرێ پێی بڵێ بەری چاوت مووی پێوەیە!، تۆ چیت کردووە من لێت دەبوورمو بابچینە ژوور.

له ئۆتۆمبیلەکە دابەزی و دەستی خستە ناو دەستم.
وتی : دڵنیابم ئازارم نادەیت!
وتم : بە خوا گەمژەی... براکەت دەناسی ؟
وتی : بەڵێ!
وتم : براکەت پەردەی کوڕێنی هەیە ؟
وتی : نەخێر، کوڕ پەردەیان نییە!
وتم : جا چ جیاوازییەکتان هەیە، هەردووکتان هەر منداڵی من نین؟!
وتی : تێناگەم.
وتم : با جوانتر بۆت شیکەمەوە، ئەگەر کوڕ لەگەڵ سەد کچ بنوێ پەردەی نادڕێ بەس کچ ئابڕوی دەچێت!
وتی : ژیان و داب و نەریتمان وابووە!
وتم : دە ئێمەش پەردەی ئەو ژیانە دەدڕێنین.
بە پێکەنینەوە چووینە ماڵەوە.

## ژنە سوزانییەکی قژ زەرد

**هەڤـــاڵێکم** هەبــوو لە شــاری (ئەمســتردام ) هەفــتەی جارێــک یەکترمــان دەبینــی و پیاســەمان دەکــرد ، ئەویــش خەڵکـــی یەکـــێ لە وڵاتەکـــانی ڕۆژهەڵات بـــوو . زۆرم خۆشدەویســت لەبەر ئەوەی تەنیــا کەســێک بــوو دەمتــوانی دەردی دڵمی لا باسکەم .

دەردی دڵــی منــیش ئەوە بــوو کە مــافم خــورا بــوو، لە خۆپیشــاندانەکانی دژی ڕژێــم بەشــداریم کــرد بــوو زینــدانی کــرام بە کێبــڵ لە گونیــان دام بــووە هــۆی نەزۆکــیم . خوێنــدنم جێهێشــت و بــووم بە شۆڕشــگێڕ و بەشــداری دەیــان شــەڕم کــردو برینــدار بــووم. ئێســتاش پــارچەی ڕومانەو فیشەک هان بە لەشمەوە ..

ماڵمــان ئــاوارە بــوون، لە شــەڕێکدا هاوســەنگەرەکەم ئــارپیچی تەقانــد بــێ ئەوەی ئاگــادارم کــاتەوە پەردەی گــوێچکم تەقــی و گــوێم گرانبــوو تــا لەم دوایــیە بە تەواوی

تــوانەی بیســـتنیم نەمــا. حكــومەتی هۆلەنـــدی ئـــالەتێكی گوێبیستنیان بۆ بەستم .
هەڤەلەكەم دەیگـوت : تـۆ تـاكە كەس نیـت مافـت خورابێـت، مەگەر نازانیــت شــۆڕش كــردن كــۆمەڵێ گەنــج دەیكــات و بەرهەمەكەشێ كۆمەڵێ گەندەڵ دەیخۆن .
ئەم هەڤــاڵەم دونیــای بە فشـــە وەرگرتبــوو، بە پێكەنیــنەوە پێیــدەگوتم : منــیش كــاتی خــۆی لەســـەر بــان بەربــوومەتە خوارەوە وگونێكم لەدەستداوە .
لە پڕێكــا ســـەرۆكی وڵاتـــەی ئەم هەڤــاڵەم ڕووخــا، ئەویــش چەنــد جارێــك گەڕایەوە ویســـتی چـــاوی بە بەرپرســـەكان بكەوێـــت تـــا بـــیكەن بە شـــت !، لـــێ لەگەڵ هەمـــوو ســـەردانییەكی بەدەســـت بەتـــاڵی دەگەڕایەوەو دەیگـــوت : هەر وەك جارانە بەس ڕووخسارەكان گۆڕاون !.
جــارش هەبــوو تــووڕە دەبــوو گلەیــیو گازنــدەی دەكــردو دەیگـوت : هاوسـێیەكمان كـونیەی پـیس بـوو كەچـی ئێسـتا بە مــن دەڵێــت : دەتەوێ واســتەت بــۆ بــكەم و بــتكەم بە شــت؟، هــاوپۆلێكم فایلــدار بــوو كەچــی ئێســتا لە دەزگاكــان پلەو پایەكی بەرزی هەیە !..
چەنــد مانگێــك ئەم هەڤــاڵەم لــێ ونبــوو تــا ڕۆژێكیــان لە شاشــەی تەلەفزیــۆنەوە هەڤــاڵەكەم بینــی بــوو بە شــت !، لە ئاســـتی وەزیـــرو ســـەرۆكەكان بەدیـــار كەوت. زۆرم پێخۆشــبوو گــوتم : ئــافەرین ، بە ڕاســتی ئەو پــلەو پــایە شایستەی جەنابتن.
هەوڵمــدا پەیوەنــدی پێــوە بــكەم چەنــدین هەفــتەی بــرد تــا توانیم ئیمەیلەكەی بدۆزمەوەو نامەیەكم بۆ نارد.

لەوەلامـــی ئیمیلەکەمـــدا نوســـی : چـــاوەڕوانبە یەکتـــر دەبینینو لە نووکەوە هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە .
لە ســـەردانێکی بـــۆ نـــاو ئەمســـتردام چاومـــان بەیەکتـــر کەوت باوەشـــی پێمـــا کـــرد گـــوتی : بـــا بـــڕۆین بـــۆ( Red light)ـی شەقامی سوزانیەکان.
گـوتم : تـۆ شـێتی ؟ تـۆ ئێسـتا کەسـێکی نـاوداری، ناترسـیت بە موبایل وێنەت بگرن و بیکەنە یوتوبەوە !.
گوتی : ترست نەبێت .
گوتم : چییە زەوقت هەستاوە .
پێکەنـی و گـوتی : تـا دەگەیـنە ئەوێ بەسـەرهاتی خۆمـت بـۆ دەگێـــڕمەوە، لەوێـــش ژنە ســـوزانییەکی قـــژ زەرد هەیە دەبێت بیبینین و ئەم دیارییەی ناو دەستمی بدەمێ !.
لە ڕێگـا بەم جـۆرە هـاتە ئاخـافتن : لە بیـرتە چەنـدە گلەیـی و گازنـــدەمان هەبـــوو دەمـــانگوت مافمـــان خـــوراوە، گەر گەنـــدەڵی نەکەی لە نیشـــتمانەکەت کارێکـــت بـــۆ ئەنجـــام نادرێ .
گوتم : بەڵێ چاکم لە بیرە .
گـوتی : بە بـرای خـۆم بلـێم ، لە پـار سـاڵەوە هەمـوو دوو هەفـــتە جارێـــک ســـەردانی ژنە ســـوزانییەکی قـــژ زەردم دەکرد .
گوتم : دەی هەموومان حەز بە قژ زەرد دەکەین!.
گوتی : نا حەزەکەی من جیایە .. ناتوانم بیدرکێنم .
گوتم : بە هەر حاڵ قسە بکە شەقم برد !.

گــوتی : یەکەمینجــار لەگەڵ ئەو ژنە قــژ زەردە نوســتمو پێیگــوتم : پــارەکەت دادەنێــی و گــانەکەت دەکەیــی و هــیچ قسە ناکەیت.
پــڕ بە دڵ حەزم لێکردبــوو، هەمــوو جــار دەچــووم گــانەکەم دەکــردو هــیچ قســەم نەدەکــرد؛ تەنــانەت سڵاوشــمان لەیەکتــر نەدەکــرد. تــا ڕۆژێکیــان ژنە ســوزانییەکە لێپرســیم : ئەوە بــۆ تۆ گونێکت لەدەستداوە ؟.
منــیش هــیچ وەڵامــم نەدایەوە، پــارەکەم دانــاو کەنــدومەکەم لە کێــرم قــایمکرد .. ئینجــا گــوتی : زۆر گەواد دێــن ڕۆژانە ســوارم دەبــن، گلەیــی دەردی دڵــی خۆیــان پێمــدەڵێن. بەس تۆ گەوادێکی تایبەتی ناتەوێ هیچ بدرکێنی .
لنگــی بەرز کــردەوە منــیش وەک گــورگ کەوتــمە ســەری لەپــاش ئەوەی تەواو بــووم، بــۆ یەکەمــین جــار پەڕۆیەکــی تەڕی هێنا و گەڵ و گوانمی سڕی.
پــانتۆڵم لە پێکــردو ویســتم بچــمە دەرەوە پێیگــوتم : لەســەرخۆ، ژمــارەی تەلەفــۆنەکەتم بەرێ گەر کــاتم هەبــوو پەیوەندیت پێوە دەکەم .
ژمــارەی تەلەفــۆنەکەم بــۆ نووســیو بــێ خــوا حــافیزی بەجێمهێشــت گــوێم لێبــوو گــوتی : هەی کەڕولاڵــی دەماخســس، منــیش زەردەخەنەیەکــم بــۆ کــرد و لێیدوورکەوتمەوە .
ئەوەنــدەم ئەو ژنە ســوزانییەم گــابوو ئیتــر وەک ژنمــی لێهــاتبوو، لە دوای چەنــد ڕۆژێ تەلەفــۆنی بــۆ کــردم یەکســەر وەڵامــم دایەوەو نەمــدەزانی بلــێم چــی! : ئەو گــوتی : با پیاسەیەکی ناو شار بکەین .

هەردووکمـــان بەســـواری پایســـکیل گەیشـــتینە پـــارکی فرانکنلیـدی ئەمسـتەردام، بە پیاســەوە ئاسـکریمان خـواردو کـاتێکی خۆشـمان بـردە سـەر؛ لە ناکـاو پرسـیارێکی سـەیری لێکـردم : تـۆ دەبێـت چیرۆکـی ئەو تـاکە گـونەم بـۆ بگێـڕیتەوە ؟!.

منیش گوتم : بەسەرچاو .

لە نـووکەوە بەسـەرهاتی ژیـانم بـۆی گێـڕایەوە تـا گەیشـتنم بە بەردەم جـــامە ســـــورەکانی ژنە ســـــۆزانییەکانی ئەمستردام .

ئەویـش گـوتی : چیرۆکێکـی تـراژییە بەس تـاکە گـونەکەت سەرسامی کردووم! .

لەم کـــاتە زەنگـــی تەلەفـــۆنەکەی ژنە قـــژ زەردەکە لێیـــدا، وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە .

ئینجـــا ڕووی دەمـــی لەمـــن کـــردو گـــوتی : ئەوە دەزگیـــرانەکەم بـــوو چـــاوەڕێم دەکـــات، جـــارێکیتر یەکتـــر دەبینین.

منیش بە گاڵتەوە گوتم : تا گانێکیتر بای بای !.

ئەویـش بە بـزەی لێـوانی گـوتی : بە خۆشـحالییەوە. ئیتـر یەکترمان جێهێشت.

لەم کـــاتە قســـەکەم پێبـــڕیو گـــوتم : ئەریَ نـــاکریَ لەم فیلمەی باسی دەکەی هەندێک گرتەی لێببڕی؟.

هەڤـاڵەکەم گـوتی : نـا ئەم فـیلمە سانسـۆری لەسـەر نیـیە، ئەگەر دەتەویَ گویَ بگری گرتە بڕین نییە.

دووبـاره هـاته ئاخـافتن : به بـرای خـۆم بلـێم، له پاش چه‌نـد رۆژێـــک ژنه قــژ زه‌رده‌که ته‌له‌فــۆنی بــۆ کـــردمو گـــوتی : ده‌مه‌وێ بتبینم .
منـیش له خۆشــیا ئـاره‌زووی سێکســیم هه‌ســتاو گــوتم : به‌خـــوا نـــانم که‌وته رۆن تـــا ئێســـتا به‌پـــاره گـــانم ده‌کـــرد له‌مه‌ودوا خــۆی به پـای خـۆی دێـت. به‌ســه‌ر ســوورمانییه‌وه له خــۆم ده‌پرســیو ده‌مگــوت : تــو بلێــی عاشــقی ئه‌م تــاکه گون وکێره بچووکه‌ی من بووبێ!.
کاتێـــک له کافتریـــاک یه‌کترمـــان بینـــی هه‌ر نه‌مناســـییه‌وه، کچێکـــی نه‌شـــمیلانه‌و نه‌جیـــب زاده کـــامیرایه‌کی به‌شـــانه‌وه بـــوو، له‌گه‌ل کۆڵه‌پشـــتێکی رۆژنامه‌نووســـه‌کان. دانیشـــتین ســـه‌ره‌تا ژنه قـــژزه‌رده‌که هـــاته قســـه‌و گـــوتی : گـــوێبگره پلانـــێکم بــۆ دانـــاوی ده‌مه‌وێ بـــتکه‌م به‌شـــت پـــلانه‌که‌م بـــۆت بـــاس ده‌که‌م هـــیچ قســـه ناکه‌یـــت تـــا ته‌واو ده‌بـــم له قســـه کـــــردن. ئینجـــــا ئه‌گه‌ر پـــــلانه‌که‌ت به دڵ بـــــوو وه‌ڵامـــــم ده‌ده‌یـــته‌وه ئه‌گه‌ر به‌دڵشـــت نه‌بـــوو، به‌ردێکـــی له‌ســـه‌ری دانێو سه‌ر مانگان وه‌ره گانی خۆت که‌و ملت بشکێنه !.
منیش به‌سه‌ر ئاماژه‌ی ڕازامه‌ندیم پیشاندا!.
پـــلانه‌که‌ی به‌م شـــێوه‌یه بـــۆ باســـکردم : وه‌ک ده‌بیســـتی ئه‌و خه‌ڵـــکه هه‌ر ده‌ڵـــێن کـــێ کـــردی کـــێ خـــواردی ؟، ئێســـتا پـــلانه‌که‌م ئه‌وه‌یه " پـــێکه‌وه گه‌شـــتی وڵاته‌که‌ت بکه‌یـــن، مـــن خۆمـــده‌که‌م به‌رۆژنـــامه‌نوسو تـــۆش وه‌رگێـــڕ؛ چـــاوپێکه‌وتن له‌گه‌ڵ هه‌مـــوو وه‌زیـــرو به‌رپرســـه‌کان ده‌که‌یـــن خـــۆت ده‌زانـــی زۆربه‌ی به‌رپرســـــه‌کانی لای ئێـــــوه که کچێکـــــی قـــــژ زه‌رد ببینـــین چـــۆن ده‌که‌ونه ســـــه‌ر ئه‌ژنـــۆ، ئه‌و کـــات منـــیش

داواکارییەکـانم دەخەمە بەردەسـتیان تـا تـۆ لە پـلەو پـایەکی بەرز دانەمزرێنن وازیان لێنایەنم".
پـێکەوە دامـان لە قاقـای پێکەنـین تـا ئـاو لە چاومـان هـاتە خوار.
ئینجا ژنەکە لێی پرسیم : ئایە دەترسی ؟.
گـوتم : لە چـی بترسـم، گـونێکم لەدەسـتداوە ومێشکشـم وەک جاران کار ناکات !.
گوتی : کەواتە تۆ هەر بۆ ئەوە باشی ببی بە شت.
لەدوای چەنـد دانیشـتنێکی تـر گەیشـتینە ئەنجـام و پلیتـی گەشتەکەمان بڕی.
کـاتێ گەیشـتینە وڵات هەر لەفڕۆکەخـانەوە دەستخۆشـیان لێمـدەکردو کارئاسـانیان بـۆ کـردم، هەرچەنـد زۆر شـەرمەزاربووم بەس چیـبکەم جـاران دەڕۆیشـتمەوە کەس لە هەواڵی نەدەپرسیم.
ئەمجـارە هەر بەرپـرسو وەزیـر بـوو داوایـان لێمـدەکرد تاچاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کچە ڕۆژنامەنووسە بکەن.
سـەرەتا وامزانـی پـارچەیەک زەویـم دەدەنـێ؛ کەچـی بەرپرسـەکان گوتیـان بـابە تـۆ بگەڕێـوە نیشـتیمان دەتکەیـن بەڕاوێژکاری خۆمانو پلەو پایەکی بەرزت دەدەینێ.
بەمجـۆرە کـچە ڕۆژنامەنووسـەکە هەمـوو چاوپێکەوتنەکـانی تۆمـار کـردو کـارەکەی منیشـی جێبەجێکـردو، گەشـتیکی خۆشمان کرد.
بەڵـێن بـوو پـێکەوە بگەڕێیـنەوە، کەچـی کـچە ڕۆژنامەنوسـەکە پلیـتەکەی دڕانـدم گـوتی : تـۆ بمێـنەرەوە،

پـای خـۆت لەکورسـییەکە گیـرکە نەگەڕێـتەوە تاکارەکانـت جێبەجێ دەبێت.
بەم شـێوەیەو بە ئـازایەتی ئەو ژنە قـژ زەردە بـووم بەشت، ئێستاش پێکەوە دەچین بۆ بینینی ئەو خانمە !.
گـوتم : واو بەڕاسـتی ئەمە خـانمە، گونـاحە پێبلـێن سـوزانی یا لەشفرۆش! .
لەگەل هەڤـاڵەکەم گەیشـتینە کـۆلانی سـوزانییەکان، لەو شـەقامە جۆرەهـا ڕووخسـاری کـچە سـوزانیت دەبینـی لەنـاو دوکـانێکی بچکـۆلانە بە گلـۆپی سـوورو ڕەنگاوڕەنـگ دانیشـتبوون. تابلۆکانیـان بەوێـنەی سێکسـی ڕازانـدبوەوەو هەنـدێکیان لەسـەر کورسـی دانیشـتبون فەرموویـان لەگەشـتیارەکان دەکـرد ، هەنـدێکی تریـان خەریکـی مکیـاج کردنو بۆیە کردنی نوخانەکانیان بوون.
چەنـد دانەیەکشـیان کیتابیـان بەدەسـتەوە بـوو دەیـان خوێنـدەوە، بەرگـی یەکـێ لە کیتابەکـان سـپیو ڕەش بـوو؛ لایە سـپییەکەی پیتەکـانی بەسـوورێکی خوێنـاوی نەخشکرابوو.
بە هەڤـاڵەکەم گـوت : ئەم سـوزانییانە ڕۆمـانش دەخوێننەوە؟
هەڤـاڵەکەم گـوتی : ڕاسـت دەکەیـت، زۆرجـار ژنە قـژ زەردەکە خەریکـی خوێنـدنەوەیە منـیش سێکسـی لەگەل دەکەم !.
ژنێـک سـەتلێکی پـڕ لەدەسـتە گـوڵی هەڵگرتبـوو یەخەی گرتینو گوتی : گوڵی بۆن خۆش ناکڕن؟.

هەڤاڵەکەم دوو دەستە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی هەڵبژارد و بیست ئیرۆی خستە ناو دەستی گوڵفرۆشەکەوە .
گوتم : ئەم هەموو گوڵەت بۆ چییە ؟
گوتی : سەیرمکە !.
لەبەردەم هەر جامخانەیەک تێدەپەڕین، گولێکی پێشکەش بە کچە سوزانیەک دەکرد !.
لە پڕ ژنە قژ زەردەکە لە ژوورەکەی دەرپەڕیو باوەشی بەهەڤاڵەکەم کرد، ئینجا هەڤاڵەکەم منی پێناساندو گوڵو دیارییەکەی دەستی دایە ژنە قژ زەردەکە !.
ژنە قژ زەردەکەش گەڕایەوە ژوورەکەیو دوو کتێبی هێناو ئیمزای لەسەر کردو گوتی : ئەم کتێبە تازە چاپم کردووە فەرموون هەریەکی دانەیەکتانو لەلای خۆمانیشەوە سوپاسمان کرد.
لەکاتێکدا سەیری بەرگی کتێبەکەم کرد ئاگام لێبوو ژنە سوزانییەکە نامەیەکی خستە ناو گیرفانی هەڤاڵەکەمەوە، بەرگی کتێبەکە سەرنجی ڕاکێشام؛ هەمان کتێب بوو کەکچە سوزانییەکان دەیانخوێندەوە. بە دلۆپە خوێنی سوور نوسرابوو : ئەم پیاوەشم کرد بەشت !
لە ژنە قژزەردەکە جوودا بووینەوە، بە هەڤاڵەکەم گوت : دەزانی ئەم ژنە سوزانییە نووسەرە؟.
هەڤاڵەکەم سەیری بەرگی کتێبەکەی کردو گوتی : ئای لەوە ئەوە خۆ ڕۆمانێکی لەسەرم نوسیوە !.
گوتم : تا دەمری دەبێ سوپاسی ئەو ژنە قژ زەردە بکەیت کە تۆی کرد بەشت .

هەڤـــاڵەکەم گـــوتی : سوپاســـــی دەکەم، بەس ئەم ژنە بە بەردێـــــک دوو چـــۆلەکە دەکوژێـــــت لەلایەک بـــــابەتی دەستدەکەویێت، لەلایەکیتر پارە پەیدا دەکات !.

گـــوتم : گـــوێی مەدەرێ هەڤـــاڵ، تـــۆش چـــوویتە نـــاو پەڕتووکی مێژووەوە!.

هەڤـــاڵەکەم گەڕایەوە بـــۆ ولاتەکەی‌و دەســـتبەکار بـــوو، لەم ڕۆژانە دووبـــارە لە شاشـــەی تەلەفزیـــۆن هەڤـــاڵەکەم بینـــی خـــــۆی هەڵبژاردبـــــوو ببێـــــت بەســـــەرۆکی وڵاتەکەی، جەماوەرێکی زۆرش چەپڵەیان بۆ لێدەدا !.

لەو ڕۆژەوە لە خەیـــاڵی ئەوەم بە دزیـــیەوە بچـــمە لای ئەو ژنە سوزانییە قژ زەردە بەڵکو منیش بکات بەشت!.

## ئازیزم من تەنیا بەڵێنکم بەس بوو!

**لەو** ڕۆژەوەی (نەرمـــین )م ناســـی بـــووم بە شـــاعر و شـیعرم لێـدەباری، هەرچـی بـرادەرو گەنجـی گەڕەک هەبـوو لـێم کۆدەبـوونەوە کـۆپلە شـیعرەکانمیان دەنووسـیەوە دەیـان بەخشی بەسەر دەزگیرانەکەیان .

دێـڕی شـیعرەکانم بەسـەر بەژنـو بـاڵای نەرمـینو خـزم و کەسـەکەی نەرمـین بـوون، تەنـانەت شـیعرم بەسـەر شـارە مێـرووولەکەی حەوشـەو درزی دیـواری ماڵیشـیان نووسـی. کەس نەما نەزانێ کە من چەندە نەرمینم خۆشدەوێ.

لە ئەنجامـدا نەرمـین ڕازی بـوو شـووم پێبکـات بە مەرجـێ هەردەم شیعری بەسەردا هەڵدەم !.

لەو ڕۆژەوەی نەرمیـنم خواسـت یەک دێـڕە شـیعرم بـۆ نەهـات، مـانگی یەکەم هەر وەک هەنـگ بەسـەر گـوڵەوە شـیلەم دەمـژی، مـانگی دووەم ڕووتـم دەکـردەوە تـێم دەڕووانـی، دەمگـوت : ئـافەرین یەزدان بـۆ ئەو دەسـتە ڕەنگینانەت .

مـانگی سـێیەم نەرمـین کەوتە بـۆڵە بـۆل و گلەیـی، دەیگـوت : ئێستا بۆ شیعرم بەسەر هەڵنادەی؟.

دەمگوت : لەشو لاری تۆ منی بەنج کردووەو شیعرم بۆ نایەت !
گوتی : من گومانم هەیە شیعرەکانت دەدزی !.
گوتم : نا ئازیزم، عەشق دزی تیانییەو خۆشمدەویێ لەو ڕۆژەوەی تۆم ناسی شیعرم لێدەباری؛ لەو ڕۆژەوەی تۆم خواستووە شیعرەکانم وەک سەهۆل بەستاویەتی .
گوتی : من کەسێکم دەوێت شیعرم بەسەردا هەڵدا، نامەوێ بەدیار تۆوە دانیشم ئەگەر نەبیت بە شاعیر!.
گوتم : من شاعیر نیم، من کەسێکی عاشقم کاتێ تۆ لەگەڵمای چێژ لە ژیان وەردەگرم .
گوتی : بەجێت دەهێلم.
گوتم : نەکەی بەجێمبێلی لەدوای تۆ سەرگەردان دەبم .
پێش ئەوەی بەجێم بێلێ لەسەر پێستی مەچەکم ناویم کوتا، ئەم کوتانە ئازاری لە چاوەکانم دەرهێنا .
کاتێ پیشانی نەرمین داو گوتم : سەیرکە نەرمین گیان، ناوتم لەسەر دەستی ڕاستم کوتاوە .
گوتی : ببورە .. زۆر درەنگ هاتی من دەڕۆم .
بێبەزەیی بوو بەجێیهێشتمو نەیزانی چ جۆرە عەشقێ لە دلّما پەنگی خواردۆتەوە .
چەند مانگێگ بەسەر ئەم جوودابیەم بەسەر چوو، خەم باری بەسەرما دووبارە شیعر وەک کانیاو لەناو دلّم خولپەی کردو هاتە نووسین.
ئەمجارە شیعرەکانم لە گیرفانی عاشقە بریندارەکانی شار دەدۆزرایەوە .
کۆپلە شیعرەکانم سەریان سپی بوون، شاعیرێکی وجاخ کوێربووم تا ئەو کاتەی لە دیداری کچێکی چاو دەنکە ترێ میوان بووم ، ئەم کچە شۆخو شەنگە ڕووخساری وەک ئەستێرە دەدرەوشایەوە .

زۆر دەترسام ئەم کچە بخوازم و شیعرەکانم کۆتایی بێت، لەوەش ترسناکتر ئەوە بوو ناوی نەرمینم لەسەر مەچەکم نوسیبوو, بچمە داخوازی هەر کچێک و دەستم ببینێ پێمدەلێ : نامەوێ لەگەل کەسێکدا بژیم دەستی بگرمو ناوی کچێکیتری لە دلدا بێت !.
ناوی نەرمین بوو بە لەکەیەک بە جەستەو روحمەوە، لەگەل هەر ژنێکیش بژیم ئەم ناوە ببینێ برینداردەبێتو بەجێمدەهێلێ.
شیعرەکانم بوون بە کێچ و گیانیان دەخوراندم و دەیانگووت : برۆ خۆت بکوژە ... ئەم ژیانە بۆ تۆ تاڵە!.
شیعرەکانم خەمیان لێدەباری، هەرچی گەنجی عەبەسی شارەکەم هەبوون بار بە بار بە دوام دەگەڕانو لەسەر مێزەکەم دادەنیشتن و شیعرەکانمیان کۆپی دەکرد.
لەگەڵ ئەم هەموو ڕەشبینیەم کەچی دلم هەر لای کچە چاو دەنکە ترێیەکە بوو، تا ڕۆژێکیان شیعرێکم بۆ هات بە ناونیشانی( ئەو عاشقەی دەستی خۆی بڕی بۆ مەعشووقەکەی).
گوتم : بە کچە چاو دەنکە ترێکە دەلێم من ئامادەم دەستی خۆم ببڕم لە پێناو خۆشەویستیت، ئەو کات بە بەردێک دوو چۆلەکە دەکوژم هەم ناوی نەرمین نابینێ لەسەر دەستم، هەم ئەو بە پەرۆشتر دەبێت بۆ ئەوینەکەم!.
ئێوارەیەکیان ڕێگام لە کچە چاو دەنکە ترێکە گرتوو پێمگووت : من عاشقی تۆم ئامادەم دەستێکی خۆم ببڕم لە پێناو ئەم خۆشەویستیە !.
پێی گوتم : بیستوومە تۆ شاعیری ، پێویست ناکات دەستت ببڕی، شیعرم بەسەردا هەڵدا.

گوتم : ئازیزم هەر کاتێ تۆ بخوازم شیعرەکانم هەرەس دێنن، ناتوانم یەک دێڕ بنوسم؛ تکات لێدەکەم با دەستێکم ببرم.
گوتی : دەستت مەبڕە بەلێنبدە خۆشمت بوێ.
گوتم : بیگومان خۆشمدەوێی، بەس دەستەکانم کەڵەبچەکراون چۆن بە کەڵەبچەکراوی بتوانم قامکەکانم بە نێو قژتا بهێنم .
گوتی : من لە شیعرەکانی تۆ تێناگەم ، ئەکرێت بە سادەیی پێم بلێی دەتەوێ بلێی چی؟.
گوتم : منیش لە تۆ سادەترم، بەس ژیان ئاڵۆزی کردووم بە کورتی دەمەوێ بلێم ئەم دەستەم بووەتە بەلایەک بەسەرمەوە، دەستی چەپم ڕاتدەکێشێو دەستی ڕاستم نایەلێت نزیکم کەویت.
گوتی : بێنە ئازیزم با کەمێک دەستی ڕاستت بشێلم بەڵکو دڵ نەرم بێتو بەزەیی بەم عەشقەمان بێتەوە!.
قۆلی قەمیسەکەم هەلبڕیی و بازووی دەستم بەڕووتی کەوتە بەر چاوی .
هەر کە بینی ناوی (نەرمین)ی لەسەر کوتراوە سەری سوورماو باوەشی پێماکرد.
سەرسام بووم لەم کارەی، نەمدەزانی چی پێبلێم .
هاتم بلێم : بمبوورە ئەگەر برینداری کردووی!.
ئینجا چاوە دەنکە تریکەی لێبڕیمو گوتی : ئەوە چۆن ناوی منت زانیوە ؟ چۆن دڵت هات ئازاری دەستت بدەی؟، ئازیزم من تەنیا بەڵێنکم بەس بوو!.

## سەگەکانی (ڕۆژی خۆشەویستی)

**لە** شـــەوی ڤالآنتـــاین لە نەخۆشـــخانەی فریـــاکەوتن زەنگیـــان بـــۆ لێـــدام گوتیـــان : نەخۆشـــێک لێـــرەیە داوای تـــۆ دەکـــاتو دەبێت بەزووترین کات بێیت بۆ دیداری !.
بێگومـــــان یەکســـــەر زانـــــیم ئەوە دەنـــــکەکەمە لەڕۆژی خۆشەویســـتی بەتەنیـــا بـــووە زەختـــی دابەزیـــوە. هەرچەنـــدە دوودڵ بـــووم لە چـــوونم بـــۆ نەخۆشـــخانە، لـــێ ســـەگێکی بەوەفا بووم ناچار بەڕێکەوتم.
تەنیا کەسێک بانگی کردبم سەگ ئەوە دەنکەکەم بوو.
لەو بـــاوەڕەم ئەگەر دایـــکو بـــاوکم پێمیـــان بگوتـــایە ســـەگ قەبـــوڵم نەدەکـــرد، هەرچەنـــد دەزانـــم ئەوان دڵیـــان نـــایە بە کۆرپەی خۆیان بڵێن سەگ.
دەنـــکەکەم بـــۆی ڕوونـــدەکردمەوە کە بـــۆ نازنـــاوی ســـەگی لێنـــاوم، دەیگـــوت : تـــۆ تـــوخمی ســـەگت تێـــدایە بەوەفایـــت؛

چەنـدین جـار لێـت تـوورە دەبـم تەحمـولم دەکەیـت. جـار هەبـووە بە سـاڵ خـۆم لێـت شـاردووەتەوە هـیچ تـوورە نەبـوویتە، هەر کە منـت بینیـوە گەشـاویتەتەوە. کـاتێ مـن قسـە دەکەم تـۆ گـوێ دەگریـت لەگەڵ نەخمـی وشـەکانم بەچاوەکانـت وەڵامـم دەدەیـتەوە. کـاتێ دەسـت بەسـەرتا دەهێنم وەک سەگێک دەنووزێتەوە.
دەنـکەکەم ڕاسـتی دەکـرد لەو ڕۆژەوەی خۆشـم ویسـتووە وەک سـەگ بەدوای کەوتـووم، ئەوەتـا ئێسـتا بەڕیگـاوەم وەک سەگێکی بەوەفا دەبێت بچم فریای بکەوم.
سـەگ شـتێکی سـەیرە ئەگەر خـاوەنەکەی پیـاو خـراپیش بێـت ئەم هەر بەوەفـا دەبێـت، کـابرایەکی خەدار دەتـوانێ برێـک سـەگ ڕاگـرێو پاسـەوانی بـکەن . خۆشەویسـتەکەی منـیش خەدار بـوو، چونکـە جـار هەبـوو لەبرسـا دەیکوشـتمو بـۆ پـارچەیەک ئێسـقان بەدەسـتی ئەو شـێتو هـاردەبووم ناچـار لەبەردەمـی هـاتوو چـۆ بـکەم تـا بەزەیـی پێمـابێتەوە ئـاوڕێکم لێبـاتەوە. هـەرکاتێک پـارچە ئێسـقانەکەی بـۆ فڕیـدەدام سـەرەتا دەملێسـییەوە پاشـان بـۆ سـوپاس کردنـیو دەربڕینـی خۆشەویسـتی هەڵـدەگژام بە سـەر دەستو پێی تاتێر دەبووم لەماچ کردنی.
پاشـان لە نـاو کۆشـی درێـژ دەبـووم ئەویـش دەسـتی بەسـەرما دەهێنـاو قسـەی بـۆ دەکـردم منـیش سـەرم بـۆ دەلەقاند.

تاخەومـان لێـدەکەوت ئەو هەر قسـەی دەکـرد منـیش بـۆنی لەشـیم دەکـرد، ئینجـا دەیگـوت : هەسـتە سـەگە بچکۆلانەکەم دەزانم تێر نابیت لە بۆنکردنم.

ڕەگـی سـەگم تیـا بـوو، یـارم بێبەزەیـی بـوو جـار هەبـوو ئەوەنـدە بیـرم دەکـرد کەچـی ئەو تەقەی سـەری دەهـات یـان مـاوەیەک بەدڵو بەگیـان لەگەڵ کەسـێکی تـر دەڕۆیشـت بـۆ گەشـتو گـوزارو ونـدەبوو، هەر کە دەگەڕایەوە لام کلکـم بـادەداو هەڵـبەز هەڵـبەز بەدەوری دەسـوڕامەوە. ئەویـش باوەشـی بـۆ دەکـردمەوە بەسـەرهاتی گەشـتەکەی بـۆ دەگێڕامەوە.

ڕۆژێکیـان لەخـۆم تووڕەبـوومو بڕیارمـدا تـوخمی سـەگیم فڕیـدەمو وەک ئـادەمیزاد بـژیم، لەم یـارە خەدارە دوور کەومەوە؛ چـونکە لەو ڕۆژەوەی خۆشـم ویسـتووە بەدوای کەوتـووم بـوومەتە کـۆیلەیو بەئـارەزووی خـۆی یـاریم پێدەکات.

لە ڕۆژی ڤالاتـاین بەجێمهێشـت، گـوتم بـا قەدری مـن بزانـێ . ئەو ڕۆژەم بەتەنیـا بـردە سـەرو، بیرمکـردەوە دەمگـوت : بۆ هەر دەبێ من نازی یار هەڵگرم .

ئەوەتـا لەڕۆژی خۆشەویسـتی نەیتوانیـوە بەتەنیـا بێـتو نەخۆش کەوتووە.

گەیشـتمە ئۆفیسـی نەخۆشـخانەکە لە هەواڵـی یـارم پرسـی، گوتیان: بە تاکسی گەڕاوەتەوە ماڵ.

کەمێـک پەسـت بـووم بەڵام چـی بـکەم ناچـار بەرەو مـاڵی یـار چـووم، لە ڕێگـا سـوپێکی گەنـمە کوتـاوم بـۆی کـڕی کـاتێ گەیشـتمە مـاڵی بینـیم لەسـەر قەنەفەکەی ڕاکشـاوەو بڕێک حەبی لەدیار سەری داناوە.

بەبێدەنگی سـوپەکەی دەسـتم لەسـەر سـینیەک دانـاو لەدیـار سـەری دانیشـتم، بـێ ئەوەی هیچـی لێبپرسـم لەسـەرخۆ بە کەوچـک سـوپەکەم خسـتە دەمـی. پـاش ئەوەی تەواو تێربـوو، ئینجـا قـاپە سـوپەکەم خسـتە باوەشـمو هێـواش هێواش چووڕم کرد.

قـاپەکە تەنیـا تەڕایـی سـوپەکەی تیـا مـابوو لەتـێ نـانم هێنـاو پیـا لێسـامەوە، سـەیرێکی یـارم کـرد دەسـتێکی بەسـەرمدا هێناو خەندە لەسەر لێوەکانی شکۆفەی دەکرد.

منیش نووزامەوەو خۆمکرد بەباوەشیا!.

## پەڕەشووت

**دوای** نۆ مانگ لە چاوەڕوانی نەمتوانی لە شەقەی باڵبدەمو بفڕم، ناچار لەگەڵ کۆمەڵێ گەشتیار سواری فڕۆکەیەکی سپیو قنجو جوان بووین.
گەرچی هەر یەک لە ئێمە جۆرە ڕوخسارو شێوەیەکی هەبوو، لێ وەک منداڵ ڕەنگ گەشاوەو دڵخۆش بووین تا ئەو کاتەی کاپتنی فڕۆکەوانەکە هاتو گوتی : کەس نەیکات بە فیزاحو هەرا فڕۆکەکەمان نۆ خولەکو نۆ چرکەی تر بەردەبێتە خوارەوە. دەبێت پەڕشووت لەخۆتان ببەستنو دەرگای نێوان دوو تایەی فڕۆکەکەم کردۆتەوە خۆتان فڕێدەنە خوارەوە .
بوو بە هەراو تاودانی پەڕەشووت، کاپتنەکە ئەمجارە بە تووڕەیی گوتی : مەیکەن بە هەرا ئێوە هەمووتان نۆ کەسن بەمنەوە دە، ئێستا یەک یەک ڕیز گرن . کاتێ لە فڕۆکەکە دەچنە دەرەوە تێکەڵ بە ئاسمان دەبن تا ژمارە سەد دەژمێرن دوگمەی پەڕەشووتەکە دەکەنەوە. سەرەتا لەوەبێت بترسنو سەرتان گێژبێت بەس هەر ئەوەندە

پەڕەشـــووت کـــرایەوە وەک باڵنـــدەیەک چێـــژ لەفـــڕین وەردەگرن.
فـڕۆکەوانەکە یەک یەک پشـتی ملـی گـرتین‌و پـاڵی پێوەنـاین بــۆ دەرەوە؛ ترســـنۆکترین کەســیان منبـــووم. هەرکە لە فـڕۆکەکە دەرچـووم لە ترسـا چـاوم چووقانـد، لەبیـرم چـوو تـا سـەد بژمێـرم تـا گەشـتیارێک بە تەکمـا تیـژ فڕیـو و گـوتی : چاوت بکەرەوە.
گـوێم لەیەکـێ تـر بـوو هـاواری دەکـرد شەسـت ، شەسـت ویەک... شەست و دوو....
منـیش لە دڵـی خـۆم دەسـتم بە ژمـاردن کـرد تـا گەیشـتمە ژمـارە هەشـتاکان ، لەناکـاو گـوێم لەدەنگێکـی ناسـک بـوو گـوتی : چـاوت بـکەرەوە . پەنـجە بنـێ بەدوگـمەوە، مەرج نییە تا سەد بژمێری .
منـیش لە شـەرما غیـرەت گرتمـی و چـاوم کـردەوە، خـۆزگە چـاوم نەکـــردایەتەوە پەریـــیەکم بینـــی بە ئاســـمانەوە وەک پەپـــوولە دەفـــڕی، پێیگـــوتم : ئەوە بـــۆ وا پەشـــۆکاوی؟ .. بەنجە بنێ بەدوگمەکەوە.
پەنـجەم نـا بەدوگـمەکەوە کە بە ئەنـدازەی قـۆپچەیەک بـوو، نەگبەتـی مـن پەڕەشـووتەکەم نەکـرایەوە، چەنـد هەوڵمـدا و دوگـــمەکەم ترازانـــد ســـوودی نەبـــوو. لەم کـــاتە شـــپرزە بـوومو دەمگـوت : دەبێـت بـکەومە سـەر چ تاشـە بەردێـکو پارچە بەپارچەبم!.
ئینجـا دڵـــی خۆمـــدایەوەو گـــوتم دوور نیـــیە بـــکەومە نـــاو دەریایەک، مەلەوانیمو خۆم دەگەیەنمە وشکانی.
کـچە پەریـیەکە باوەشـی پێمـا کـردو گـوتی : بـۆ وازوو بیـر لەمردن دەکەیتەوە؟ تووند خۆت بە من بگرەو مەترسە !.
خـــۆم لە ئـــامێزی پەریـــیەکە نـــاو ســـەیری خـــوارەوەم کـــرد هەورە ســـپیەکان ببـــون بەبەرمـــاڵو بەســـەریا دەفـــڕین. لە

دڵـی خۆمـدا گـوتم : کەواتە مـن مـردووم ئەم پەریـیەش بـۆ ئەو سـەر دونیـا دەمبـات!. لەوەشـبێت ئەم گەشـتەم خەون بێتو ئێستا بێداربمەوە .
پەرییەکە گوتی : ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە ؟.
گوتم : دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر زەوی!
گوتی : ئێستا بڕوانە خوارەوە !.
دووبـارە سـەیری خـوارەوم کـرد، گۆشـەی زەوی هـاتە بەرچاوم، ترسم ڕەوایەوە لە خۆشیا شاگەشگە گرتمی.
پەریـیەکە گـوتی : ئینجـا وەک فـڕۆکەوانەکە وتـی بـا وەک باڵندەکان خۆشی لە فڕین ببینین.
پـێکەوە سـوکانی پەرەشـووتەکەمان بـادەدا و هەر جـارەی بەلایەکـدا دەفـڕین، کـاتێ بـا تیـژ تـر پـاڵی دەنـاین بەلایەکـدا نەمانـدەتوانی بە گـژ بـا بچـین ناچـار چارەنووسـمان دەدایە دەسـت بـایەکە. دواجـار پەریـیەکە گـوتی : ئەم یـارییە بەسـە با هەوڵدەین لەشوێنکی خۆشی زەوەی بنیشێینەوە.
هەسـت و سـۆزم بـۆ زەوی دەجـولا دەمگـوت ئەگەر ئەمجـارە پـێم لێگیربـێ لەباوەشـی دەگـرمو بە خـۆڵەکەی خۆمدەشۆم و لە ئاوەکەی مەڵەدەکەم .
نزمتـر بـووینەوە زەوی بە جـوانی دەبینـراو دارسـتانەکان خاکیـان سـەوز ڕاگرتبـوو، ڕووبارەکـانش بـۆ دەمـی دەریـا شۆڕدەبوونەوە .
زۆرمـان نەمـابوو بگەیـنە سـەر زەوی بیابانێکمـان بینـی، بە پەریـیەکەم گـوت : ئێـرە هەرچەنـد وشـکە بەس بـا بنشێینەوە.
پەریـیەکە گـوتی : بیابـانیش جـوانی خـۆی هەیە، لـێ بابزانیین تا چەند دەتوانین بە ئاسمانەوە بین.
گوتم : کاتی ئەوە نییە!.

هەر ئەوەنــــدەمان زانـــی لە بیابـــانەکەوە تەقەمـــان لێکـــرا، پەریـــیەکە ســـوکانی پەڕەشـــووتەکەی بـــادەو لەو نـــاوچەیە دووری خســـتمەوە، گـــوتم : ئەوە چیببـــوو خـــۆ ئەوانە ئـــێمە ناناسن بۆ تەقەمان لێدەکەن؟.

گوتی : لەوەبێت ڕاوچی بن وایانزانی بێت ئێمە باڵندەین.

پەرچەمـــی پەڕشـــووتەکەمان دایە دەســـت بـــاو ئەمجـــارە تـــێکەڵ بە نـــاوچەیەکی دڵـــڕفێن بـــووین، دارو دارســـتان جۆگەڵەو ئاو زەوی ڕازاندبووەوە.

نـزم دەفـــڕین دەمـــانتوانی مـــرۆڤ و گیانلەبەرەکـــان ببینـــین، دیسانەوە تەقەمان لێکراو نەیانهێشت بنیشێنەوە !.

بە گژ بادا چووینو خۆمان لە تەقەکان ڕزگار کرد .

گوتم : من تێناگەم ئەم خەڵکە بۆ تەقەمان لێدەکەن ؟.

پەریـــیەکە گـــوتی : مەگەر تـــۆ نـــازانی هەر یەک لەم خەڵـــکە بەشێک لەزەوی داگیر کردووە دەڵێ هی منە !.

ئـــای چەنـــدە گونـــاحن باڵنـــدەکان کـــاتێ بە ئاســـمانەوەن ڕاوچییەکـــان تەقەیـــان لێـــدەکەن، خـــۆ هـــێلانەی باڵنـــدەکان زەویـــش داگیـــر نـــاکەن؛ هـــان بە ســـەر درەختەکـــانەوە. بـــێ ئومێـــد بـــووم لە نیشـــتنەوەمانو تەنیـــا کاتێـــک لە نـــاو زگـــی فـــڕۆکەکە بـــووین دڵخـــۆش بـــووین. لەو ســـاتەی لە فـــڕۆکەکە کەوتینە خوارەوە ئیتر ژیانمان پڕ بووە لە دەردەسەریی !.

پەریـــــیەکە پێیگـــــوتم : دڵ لە دڵ مەدە ئێســـــتا شـــــوێنێک دەدۆزین دوور لەو خەڵکە.

دوورگەیەکمـــان بینـــی نـــاوچەیەکی شـــاخاوی و دارســـتانێکی چـــڕ داپۆشـــی بـــوو، بەســـەر درەختـــێ نیشـــتینەوەو پەڕەشـــــووتەکەمان لەخۆمـــــان کـــــردەوەو زۆر سوپاســـــی پەرییەکەم کردو گوتم : نازانم بە چی پاداشتت بدەمەوە.

پەریـیەکە پێکەنـی وگـوتی : کـاتی ئەوە نیـیە بـا بگەڕێـین بە ناو ئەم دارستانە مشوورییێکی زگمان بخۆین.

گوتم : ڕاستدەکەیت منیش برسیمە .
چاوێکمـــان گێـــڕا بە نـــاو دارســـتانەکەدا، بەڵێنمـــدا ئەگەر هەر مێـــوەک بـــدۆزمەوە جـــوان پـــاکی کەم بـــیخەمە دەمـــی پەرییەکەوە.
دار شـــەکرە سـێوێکم بینـیو چەنـد سـێوێکم لێکـردەوە، بـانگی پەرییەکەم کردو گوتم : فەرموو!.
پەریـــیەکە گـــوتی : بـــا ئـــێمە وەک ئـــادەم و حەوا بە خـــواردنی سێو خەزەبمان لێنەگیرێ!.
گوتم : ئەی چیبکەین؟!
گوتی : با بە سەرەتایەکی جوان دەست پێبکەین!.
گوتم : وەک چی؟
گوتی : وەک ماچ !.
پەریـــیەکەم لە باوەشـــگرت و یەکەم مـــاچی خۆشەویســـتیم کـــرد، ئەو مـــاچە ئەوەنـــدە بەتـــام بـــوو برســـییەتی لە بیـــر بردمەوە!.